# ئاماژەکانی بەشداری سەرۆک بارزانی لە مونتەدای داڤۆسدا



هێمن هەورامی
بۆ گوڵانی نووسیوە

لە ڕۆژانی ٢٣-٢٠١٣/١/٢٧ مونتەدای ئابووری جیهانی لە داڤۆس، کۆنگرەی ساڵانەی خۆی ئەنجام دا. مونتەدای ئەمساڵ، جیاوازتر لە ساڵانی پێشووتر، لە قۆناغێکی هەستیاری جیهانیدا بەسترا.

ئەمساڵ، بە بەشداری ٤٥ سەرۆک دەوڵەت و ٩٠٠ سەرۆکی جێ بە جێ کاری کۆمپانیا گەورەکانی جیهان وبە گشتی بەشداری ٢٥٠٠ بەشدار بوو لە کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و زانستی جیهانی، کە بانگهێشتی تایبەت کرابوون، کۆنگرەکە بەرێوە چوو.

بەشداری سەرۆک بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی یاوەری لەم کۆنگرە جیهانییە گرنگەدا، هەڵگری کۆمەڵێک ئاماژەی گرنگن بۆ ئێستا و ئاییندەی کوردستان.

**مونتەدای ئابووری داڤۆس چییە؟**

مونتەدای ئابووری جیهانی، دامەزراوەیەکی نا حکومی نێودەوڵەتییە، لە ساڵی ١٩٧١ دامەزراوە، بارەگای سەرەکی لە سویسرایە، بایەخ بە باشترکردنی بارودۆخی جیهان دەدات، لە ڕێگای ڕەخساندنی دەرفەتی پێویست بۆ گفتوگۆ و یەکتر بینین و دیالۆگ لە نێوان کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمی و بیزنیسکارانی جیهانی، تا پێکەوە لەسەر دۆخی هەنووکەیی جیهانی لە بوارە جیاجیاکان قسە بکەن و پێکەوە خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە بۆ ڕەنگڕێژکردنی ڕۆژەڤی جیهانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڕاستەی ڕەوتی ڕووداوەکان و وەڵامگۆیی بۆ ئالەنگارەکانی (تەحەدیاتی ) ئاییندە.

شوێنی ئەو کۆبوونەوە ساڵانەیە لە داڤۆسی سویسرایە، هەر بۆیە بە مونتەدای داڤۆسیش ناسراوە. زۆرجار وەک پلاتفۆرمێکی بێ لایەن بە کارهاتووە بۆ هێورکردنەوەی تەنگژە نێودەوڵەتی و هەرێمایییەتییەکان و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، بە نموونە لە مونتەدای ساڵی ١٩٨٨ دا، تورکیا و یۆنان گەیشتنە ڕێککەوتنێکی گرنگ و بە هۆیەوە هەردوو وڵات لە لێواری شەڕێکی گەورە گەڕانەوە، لە ١٩٩٢ نیلسۆن ماندیلا و دی کلارکی سەرۆکی ئەوکاتی ئەفریکای باشوور بۆ یەکەمجار لە دەرەوەی وڵاتەکەیان پێکەوە لەو مونتەدایە دەرکەوتن و هەنگاوی گرنگیان بۆ قۆناغی دواتر هاوێشت. لە ساڵی ١٩٩٤ یاسرعەرەفات و شیمۆن پێرێزی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئیسرائیل، پێکەوە لە مونتەدای داڤۆس ڕەشنووسی ڕێککەوتنی غەززە — ئەریحاییان داڕشت.

بە گشتی ئەم مونتەدایە، ناوەندێکی گرنگی جیهانییە بۆ گەیاندنی پەیام و هەڵوێستی بەشداربووان لە سەر کۆی هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان. بۆ ئێمەی کوردیش، بەشداری سەرۆک بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم، ئاماژەی گەورەن . لەوانەش:

١- بانگهێشتکردنی سەرۆک بارزانی، ئاماژەی بەهێزیی پێگەی سەرۆک بارزانی و هەرێمی کوردستانن لە هاوکێشە هەرێمایییەتیەکان و کاریگەری هەرێم لە سەر ڕەوتی ئێستا



بەشداری سەرۆکی هەرێم لە مونتەدای داڤۆسدا

و ئاییندەی ئەو هاوکێشانە بە تایبەت لەو بابەتانەی کە لە مونتەداکەدا باس کراون.

٢- جەختکردنەوەیە لە سەر پێگەی هەرێمی کوردستان، کە لە ڕووی سەقامگیری ئاسایش و پێشکەوتنی ئابووری و گەشەسەندنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یەکسانی ڕەگەزیی و ئازادییەکان .

٣- ئاماژەیەکی گرنگە بۆ تێگەیشتنی زیاتری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بڕیار بەدەستەکانی جیهان، بەوەی کە هەرێمی کوردستان چیدی وەک دەیەکانی پێشووتر ناتوانرێت تەنیا لە چوارچێوەی ستراتیژییان بۆ وڵاتانی ناوچەکە ( عیراق، تورکیا، سوریا، ئێران) مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بۆ خۆی ئێستا هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەوفاکتەرانەی لە ئاماژەی دووەم باسمان کردن بووەتە فاکتەرێکی کارتێکەر لە ناو هاوکێشەکاندا.

٤- بەشداری سەرۆک بارزانی ئاماژەیەکی دیکەی گرنگی سەرکەوتوویی ستراتیژیی دیپلۆماسی هەرێمی کوردستانە لە گرتنەبەری مامەڵەی فرە ڕەهەند لەگەڵ هیز و ناوەندە هەرێمایەتی و جیهانییەکان، خۆ یەکلایی نەکردنەوە لە بلۆک بەندییە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان، وەستان لەگەڵ ڕەوتی دیموکراسی و ئازادی گەلان و ڕەتکردنەوەی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان. خودی کۆبوونەوە هەمەجۆرەکانی سەرۆک بارزانی سەلمێنەری ئەو ئاماژەیەن کە تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە، سەرۆک بارزانی ئەم دیدا و چاوپێکەوتنانەی هەبووە( دیدار لەگەڵ هەریەک لە شا عەبدوڵای ئوردون، سەرۆک وەزیرنی هۆڵەندا، لوبنان، شاندی کۆنگرێسی ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی تورکیا، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوەی سویسرا، سەرۆکی ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، سەرۆکی جێبەجێ کاری کۆمپانیای ئیکسۆن مۆبیل، جێگری سەرۆکی شیڤرۆن وکۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی و چەندین دیداری دیکەی گرنگ، بەشداری سەرۆک بارزانی لە کۆڕێکی داخراو لەسەر جیۆپۆلەتیکی بەهاری عەرەبی و خستنە ڕووی تێڕوانینی کورد و هەرێمی کوردستان بۆ پەرەسەندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەم کۆڕەدا جگە لە سەرۆک بارزانی هەریەک لە سەرۆک وەزیرانی دانیمارک و لیبیا و مەغریب و فەلەستین و سەرۆکی مەنگۆلیا و وەزیری دەرەوەی تورکیاو عومەر موسا و کۆفی ئەنان تێیدا بەشدار بوون. )

٥- ئاماژەیەکی دیکەی گرنگی بانگهێشتکردنی سەرۆک بارزانی، بە فەرمی ناساندنی سەرکەوتوویی سیاسەت و سەرۆکایەتی سەرۆک بارزانییە لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەڕێوەبردنی هەرێم لە قۆناغە هەستیارەکان و گەیاندنی بە ڕۆژگاری ئەمڕۆ و ئاڕاستەکردنی بۆ ئاییندەیەکی گەشتر. ئەمەش جیاکردنەوەی هەرێمی کوردستانە لە تێڕوانینی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ عێراق کە بە یەکێک لە ولاتە شکستخواردووەکانی جیهان لە قەڵەمی دەدەن .

٦- ئاماژەیەکی دیکەی گرنگ، مامەڵە کردنی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ سەرۆک بارزانی وەک نوێنەرایەتی دەنگی کورد لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاڕاستەکانی ئاییندەیی، واتە بەشداری سەرۆک بارزانی، بە تەنیا نوێنەرایەتی کردنی هەرێمی کوردستان نەبووە، بەڵکو نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد بووە لەم مونتەدا گرنگەی جیهان .

بە پێی زانیارییەکانی ئێمە، پاش ئەم سەردانە سەرکەوتووە بۆ سویسراو بەشداری لە مونتەدای داڤۆس، سەرۆک بارزانی لە دوو وڵاتی دیکەی گرنگی جیهان کۆبوونەوەی فەرمی دەبێت . ئەمانەش هەمووی ئاماژەی ڕاستی و دروستی سیاسەتی ئێستای سەرۆک بارزانی و ئومێدی کۆمەڵگای پێشکەوتووی نێودەوڵەتییە پێیان تا بتوانێت، هەرێمی کوردستان بکاتە ناوەندێکی گرنگی بایەخە جیهانیەکان.

## جۆن حەننا

(( ڕاویژکاری ئاسایشی نیشتمانی پێشووی جێگری سەرۆکی ئەمریکا)) بۆ گوڵان:

# ئەگەر عێراق دوچاری پشێوی و شەڕێکی بەربڵاوبێتەوە میسداقیەتی ئەمریکا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە



**سەرەڕای ئەوەی تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ بە ڕادەیەکی زۆر پرسی عێراق لەماسمیدیاکانی ئەمریکاوە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەدراو لە کەمی دابوو، بەڵام لەمانگی دیسەمبەری رابردووەوە پاش تێپەڕبوونی یەك ساڵ بەسەرکشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق و هەنگاو هەڵگرتنی نووری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عیراق بەرەو تاکڕەوێتی وپێشێلکردنی بەندو خاڵەکانی دەستوورو پاکتاوکردنی نەیارەکانی بەتایبەتی سەرکردەکانی عەرەبی سونە بە شێوازی هەمەچەشنە، هەروەها درێژەدانی بەدروستکردنی قەیران لە دوای قەیران لە نێوان هەولێر و بەغدا، ئێستا وا خەریکە لەناوەندەکانی ئەمریکادا جارێکی دیکە پرسی عێراق دەبێتەوە بەپرسێکی گرنگ و، بایەخێکی ئەوتۆی پێدەدرێتەوەو سەرجەم مەزندەکان بەو ئاڕاستەیەن کە چیتر ئیدارەی دووەمی ئەمریکا ناتوانێت لە ئاستی ڕووداوەکانی عیراق بێدەنگ بێت، لەبەر ئەوەی بارودۆخی عیراق گەیشتۆتە ئاستێك کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت تەواوی پرۆسە سیاسیەکەی ئەو وڵاتە لەبار بچێت، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی عیراقی پێدا تێدەپەڕێت پێوەندیمان کرد بە بەڕێز (جۆن . پی . حەننا) کە گەورە دبلۆماتکاری ئەمریکاییە لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوو، جۆن حەننا لەماوەی ٨ ساڵی هەردوو ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، جێگرو سەرۆکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بووە، لەم دیمانە تایبەتەی گوڵان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەگەر بارودۆخی عیراق تێکبچێت و دووبارە شەڕ دەست پێبکاتەوە، ئەمە لەسەر ئاستی جیهان وەکو پیشاندانی بەزین و شکستی ئەمریکایە لە عیراقدا، هەروەها سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، ئاماژە بەوە دەکات، ئەو ئەزموونەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت، گەورەترین سەرکەوتنە بۆ عیراقی نوێ و پێویستە ئەم ئەزموونە دیراسەت بکرێت و لەبەشەکانی دیکەی عیراقیش دووبارە بکرێتەوە، بۆیە ئەگەر بەهۆی ئەم بارودۆخەوە مەترسی بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا ئایندەی عیراق نادیار دەبێت و یەکپارچەیی عیراقیش دەکەوێتە مەترسییەوە، ئەمەش دەقی وەڵامەکانی بەڕێز جۆن حەننا گەورە دبلۆماتکاری ئەمریکایە بۆ گوڵان.**





*** تەنیا دوای یەك ساڵ لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ئەم وڵاتە کەوتە سەر لێواری کارەساتێکی گەورەتر، بە پێی تێگەیشتنی ئێوە تا چ ڕاددەیەك ڕوودانی کارەسات لە عێراقــدا دۆخی ناوچەکە پتر ئاڵــۆز دەکات و زیان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەدات؟**

- ئەگــەر هاتــوو جارێکــی دیکــە عێــراق دوچــاری توندوتیژی و پشــێوی و شــەڕێکی بەربــڵاو ببێتەوە، لە گۆشــەنیگایەکی جیۆســتراتیژییەوە بە ڕاددەیەکی گەورە زیان بــە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریــکا دەگات، چونکە لە بنەڕەتــدا، عێراق گرنگییەکی لــە ڕاددەبەدەری هەیە. ئەم وڵاتە پێگەیەکی ســەنتراڵانەی هەیە لە بەشێکی جیهاندا کە ئەویش ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتە و گرنگییەکی ژیاریشی هەیە بۆ ئابووری ئەمەریکاو داهاتی وزەی جیهانیی بە مانا بەرفراوانەکەی. هەروەها خودی عێراق خۆی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە بازاڕەکانی نەوتی جیهانیدا. لەوەش زیاتر، عێراق هاوســنوورە لەگەڵ چەند وڵاتێکی گرنگدا کە ئەو وڵاتانە هاوپەیمانێتیەکی نزیکیان هەیە لەگەڵ ئەمەریکادا، ئەتوانیــن تا ڕاددەی دڵنیابوون بڵێین ئــەم وڵاتانە دەکەونە ژێر کاریگەری ســلبییانەی ناسەقامگیربوونی هەڵکشاو لە عێراقدا- بە تایبەتی تورکیاو ســعودیە و ئەردەن. لەلایەکی دیکەشــەوە حاڵی حازر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت لە پشێوی و نائارامیەکــی زۆر گەورەدایە. ئیســلامیە ڕادیکاڵەکان، کە هەندێکیان هاوســۆزن لەگەڵ ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا، لــە ســەرجەم ناوچەکەدا لــە دەرکەوتن و ســەرهەڵدان و بزووتندان. ناکۆکی تایەفەگەری نێوان شــیعە و ســوننەش بەردەوام لە هەڵکشانی زیاتردایە. سووریا لە دۆخی هەرەس و داڕووخاندایە. ئێران هەنگاو بەرەو بەدەســتهێنانی توانای دروستکردنی چەکی ئەتۆمی و وزەی ناووکی هەڵدەگرێت. هەرەســهێنانی نیزام لە عێراقدا هەلایسانی ئاگرەکە خێراتر



دەکات- چەشنی ئەوەی بەنزین بکرێت بەسەر کەرەستەیەکدا کە قابیلی گڕ گرتنە.

هەموو ئەم تەوژمە سلبیانەش کە بە شێوەیەکی سامناك لە بەرزبوونەوەدان، مەترسیەکی زۆر گەورەتر لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست دەکەن، هەروەها لەسەر ڕەوشی-سەلامەتی- ئابووری جیهانیش.

هەروەها ئەوە شتێکی حەتمیە کە داخزانی عێراق بەرەو پشێوی زیاتر پێگەو میسداقیەتی ئەمەریکا لاواز دەکات. پێمان خۆش بێت یان نا، داڕووخانی بارودۆخی عێراق بەرەو توندوتیژی و ناسەقامگیریەکی زیاتر لەلایەن ناوچەکەو هەروەها جیهانیشەوە بە شکستهێنان و ئیهانە بۆ ئەمەریکا لێکدەدرێتەوە، چونکە وا وێنا دەکرێت کە ئەمە بەزینی ئەمەریکایە دوای چەند ساڵێکی کەم لە کشاندنەوەی دوا سەربازی ئەمەریکاو دوای گیان لەدەستدانی هەزاران سەربازی ئەمەریکی و خەرجکردنی ملیارەها دۆلار لە گەنجینەی ئەمەریکا. پەرەسەندنێکی لەم چەشنە بە شێوەیەکی وەها مەترسیدار ئەو تێڕوانینە ڕوو لە زیادە گەورە دەکات کە پێی وایە ئەمەریکا وڵاتێکی لاوازە، و متمانەپێنەکراوەو هەمیشە لە داکشاندایە، نە دۆستێکی بەرپرسیارەو نە دوژمنێکی سەرسەختیشە کە لە ئاست پابەندبوونەکانیدا بێت یان داکۆکی لە بەرژەوەندییە ژیارییەکانی بکات.

*** دۆخی عێراق بەو ئاستە گەیشتووە کە سەرۆك وەزیران ڕاستەوخۆ ئاماژە بە ناشەرعیبوونی پەرلەمان دەکات لەبەر ئەوەی پەرلەمان داوای خۆپیشاندەران بەشەرعی دەزانێت، ئەمەش ئەو مانایە دەبەخشێت کە سەرۆك وەزیران نوری مالیکی فەرمان بەسەر پەرلەماندا دەدات، نەك بە پێچەوانەوە، ئایا ئەمە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی نوێ نییە لە عێراقدا؟**

- هیچ گومان لەوەدانییە کە تەوژمە سیاسیەکان لە عێراقدا زۆر نیگەرانکەرن. پێدەچێت ئاستی ناکۆکی و گرژییەکان بەرەو هەڵکشان بچن، نەك داکشان. پێدەچێت ئاستی گومانکردن لەیەکتر، بێمتمانەیی و بە سووك سەیرکردنی یەکتری، بەرەو زیادبوون بچێت، نەك لەناوچوون. لە سەرو هەموو شتێکی دیکەوە، پێدەچێت دەوڵەتداری ڕاستەقینەو دڵسۆزی بۆ نەتەوەو دیموکراسی و دەستوور، بە شێوەیەکی ترسناك کەم بووبێتەوە. پێدەچێت زیاترو زیاتر هەڕەشەو چاوسوورکردنەوەو پەڵپ و بیانوو پێگرتن و تەنانەت پێدەچێت ئەگەری بەکارهێنانی هێز بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسیەکان، جێگەی گیانی دان بە خۆداگرتن و سازشکردن و گەیشتن بە ڕێککەوتنیان گرتبێتەوە. ئەگەر لە کۆتاییدا عەقڵی کامڵ و پێگەیشتوو هەڵنەچوو بەسەر دۆخەکەدا زاڵ نەبێت، کە کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی بە توندی پشتیوانی لێبکات و هەڵبستێت بە هاندانی، ئەوا ئەم تەوژمە مەترسیدارانە هەڵدەکشێن و نەك تەنیا دەبنە هەڕەشە بۆ سەر ئومێدی عێراق لە دیموکراسی و سەقامگیری لە ئایندەدا، بەڵکو دەبنە مەترسی لەسەر یەکێتی دەوڵەت-نەتەوەیەکی فرە-ئیتنی و فرە- تائیفی.

*** پەیامی مالیکی بۆ خۆپیشاندەرانی عێراق بریتیە بوو لە هەڕەشەکردنی ڕاستەوخۆ، لە ڕێی ڕاگەیاندنەکانەوە هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر خۆپیشاندەران بەردەوام بن لە ناڕەزایی دەربڕین ئەوا بۆ یەکلاکردنەوەی دۆخەکە پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز دەبات، تا چ ڕاددەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی دەبێت لە ئاست ئەم هەڕەشانەی مالیکی و تا چ ڕاددەیەك پێشبینی دووبارەبوونەوەی دۆخی سوریا لە عێراق دەکرێت؟**

- بێگومان ئەمەریکا بە قووڵی گرفتاری ئەو گرژییە سیاسییە هەڵکشاوانەی عێراق بووە. ئەمەریکا باوەڕی وایە کە هاووڵاتیان مافی بنەڕەتی خۆیانە خۆپیشاندانی

**حاڵی حازر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پشێوی و نائارامییەکی زۆر گەورەدایە. ئیسلامیە ڕادیکاڵەکان، کە هەندێکیان هاوسۆزن لەگەڵ ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا، لە سەرجەم ناوچەکەدا لە دەرکەوتن و سەرهەڵدان و بزووتندان. ناکۆکی تایەفەگەری نێوان شیعە و سوننەش بەردەوام لە هەڵکشانی زیاتردایە**

**ئەگەر عەقڵی کامڵ و پێگەیشتوو هەڵنەچوو بەسەر دۆخەکەدا زاڵ نەبێت، کە کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی بە توندی پشتیوانی لێبکات و هەڵبستێت بە هاندانی، ئەوا ئەم دۆخە بەرەو تەوژمێکی مەترسیدارتر هەڵدەکشێن**

**ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە سەقامگیری کوردستان بخاتەمەترسییەوە مایەی کارەسات دەبێت بۆ ئایندەی عێراق، نیشانەیەکی ڕوون دەبێت، بەوەی ئەزموونی وڵاتەکە لە بواری پەرەپێدانی سیستمێکی سیاسی فرەیی و دیموکراتی و پەسەندکراو، کە تێیدا بەرژەوەندی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە شێوەیەکی ئاشتیانە بگونجێنرێت، شکستی هێناوە**

**داڕووخانی بارودۆخی عێراق بەرەو توندوتیژی و ناسەقامگیریەکی زیاتر لەلایەن ناوچەکەو هەروەها جیهانیشەوە بە شکستهێنان و ئیهانە بۆ ئەمەریکا لێکدەدرێتەوە**

ئاشتیانە بکەن بۆ ناڕەزایی دەربڕین لەبەرامبەر کردەوەکانی حکومەت و داوای چارەسەری گرفتە ڕەواکانیان بکەن. ئەوە مەسەلەیەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەر هەوڵێکی حکومەت بۆ سەرکوتکردنی ئەو مافە بنەڕەتیانەی هاووڵاتیان لە ڕێی هێزەوە، و هەڕەشە و توندوتیژیەوە، یان بە ترساندن و چاوسووركردنەوەوە، بە ڕەفتارێکی ناڕەوا سەیر دەکرێت لەلایەن واشنتۆنەوە. لە هەمان کاتدا، گرنگە کە هاووڵاتیان لە وڵاتێکی دیموکراسیدا بەو شێوەیە مومارەسەی مافە بنەڕەتیەکانی خۆیان بکەن کە گونجاوبێت لەگەڵ سەروەری یاسادا. پێویستە زۆر بە وریاییەوە خۆیان لەهەر توندوتیژی و کردەوەیەك بپارێزن کە هەڕەشە لە سەلامەتی گشتی دەکەن یان مافە بنەڕەتیەکانی هاووڵاتیان پێشێل دەکەن. گومانی تێدانییە کە چارەسەری خوازراو بریتیە نییە لە شەڕی سەر جادەکان لە نێوان حکومەت و خەڵکدا، بەڵکو بریتیە لە هەڵسوڕانی ڕێك و پێکی دامەزراوە دیموکراتیەکانی عێراق لە بەغدا، بە تایبەتی ڕۆڵی پەرلەمان و دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ بۆ هاوسەنگڕاگرتن و لەسنووردا ڕاگرتنی کارو ڕەفتارەکانی سەرۆك وەزیران و کابینەکەی، کە بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی دانیشتووانی هەمەڕەنگی عێراق بکات.

*** لە نێو پێکهاتەکانی عێراقدا، تەنیا بەشێکی کەمی حزبی دەعوە کە حزبی سەرۆك وەزیرانە کۆنترۆڵی دەسەڵاتیان کردووە، کورد و سوننە و پێکهاتەیەکی سەرەکی شیعەکان کە ڕەوتی سەدرە دژ بە حکومەتەکەی مالیکین، حکومەتیش دژ بە هەموانە. ئەمەش واتا ناتوانرێت لە ڕێی گفتوگۆ و شێوازی دیموکراسیەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم حکومەتەدا بکەیت. ئایا بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی دیکتاتۆرێکی دیکە لە عێراقدا چ ئەلتەرناتیڤێکمان هەیە؟**

- پێویستە سەرکردە سیاسیەکانی عێراق بەکارهێنانی هەموو دامەزراوەو ڕێگەچارە دیموکراتیەکان تاقیبکەنەوە بۆ میانگیری کردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ڕێکنەکەوتنەکان. پێویستە هەموو هەوڵێك بخرێتەگەڕ بۆ چالاککردنی پەرلەمانی عێراق، کە پێویستە مومارەسەی ئەرك و دەسەڵاتەکانی بکات بە تایبەتی ئەوانەی دەستوور دەستەبەری کردووە بۆی، بۆ ئەوەی لێپرسینەوە لە حکومەت و سەرۆك وەزیران بکات لەبەرامبەر کار و کردەوە- - و هەڵەو چەوتیەکانیاندا. ئەگەر پێویست بکات، ئەگەر بتوانرێت پشتیوانی پێویست لە ئەندامەکانیەوە بەدەست بهێنرێت، ئەوا پەرلەمان دەسەڵاتی ئەوەی هەیە متمانە لە حکومەت وەربگرێتەوەو ناچاری بکات حکومەتی دیکە لە جێی پێکبهێنرێت. زۆرێك لە پارتە عێراقیەکان لە ساڵی ٢٠١٢دا هەوڵیاندا پرۆسەی سەندنەوەی متمانە بە ئەنجام بگەیەنن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون لەبەدەستهێنانی دەنگی پێویستدا. ئەگەر بە ڕاستی زۆرینەیەکی ئاشکرای عێراقیەکان بەرهەڵستی سیاسەتەکانی حکومەت دەکەن، ئەوا پێویستە دووبارە ئەوانەی ڕەفتارەکانی حکومەت ڕەتدەکەنەوە دەبێت هەوڵی خۆڕێکخستنەوە بدەن بۆ ئەوەی تەحەددای هەڵوێستی سەرۆك وەزیران بکەن. لە بەدیلی ئەوەدا، ڕێگاچارەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت وروژێنرا، کە بوار دەدات عێراقیەکان بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵوێستی خۆیان لە ئاست ئەدای سەرکردەکانی ئێستای عێراق، لە نێویاندا سەرۆك وەزیران، بخەنەڕوو.

*** پێشبینی دەکرێت بارودۆخی عێراق کاریگەری هەبێت لەسەر دەوڵەتە دراوسێکانیش، کە لە بەرامبەردا ئەم وڵاتانەش کاردانەوەی جیاوازیان هەبێت. بە تایبەتی تورکیا و سعودیە کەپشتیوانی سوننەکان دەکەن و ئێرانیش پشتیوانی شیعەکانی عێراق دەکات. ئایا تا چەند ئەمە مەترسییە بۆ سەر ئایندەی عێراق؟**

- ماوەیەکی دوورودرێژە کێشەی دەستێوەردانی دەرەکی لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا کێشەکی مەترسیدار بووە. لەبری گرتنەبەری سیاسەتێك بۆ پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی دامەزراوە دیموکراتیە سەرەتاییەکانی عێراق و چارەسەرکردنی ناکۆکیە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە، زۆرێك لە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق، بە شێوەیەك ڕەفتاریان کردووە کە گرژیی دوولایەنەی خولقاندووە، ناکۆکیەکانی ئاڵۆزترکردووەو هانی ڕووبەڕووبوونەوە، توندوتیژی و توندڕەوی داوە- لە پێش هەمووشیانەوە ئێران. گومانهەڵنەگرە کە ئەم چالاکیانە مەترسیەکانی سەر ئایندەی عێراق زیاتر دەکەن.

*** کێشەیەکی دیکە بریتیە لە پێوەندی نێوان کوردو حکومەتی ناوەندی عێراق، ناوچە کوردییەکان تەواو سەقامگیرن، بەڵام مەترسی ئەوە هەیە حکومەتی مەرکەزی ئەو سەقامگیریە بشێوێنێت، ئایا تا چ ڕاددەیەك تێکدانی سەقامگیری هەرێمی کوردستان کاریگەری هەیە لەسەر ئایندەی عێراق؟**

گرژییە هەڵکشاوەکانی نێوان بەغداو هەولێر هەڕەشەیەکی گەورەن بۆ سەر ئایندەی عێراق. سەقامگیری و ئاسایش و گەشەی ئابووری هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە مەزنترین سەرکەوتنەکانی عێراقی نوێ دادەنرێت- مۆدێلێکە قابیلی ئەوەیە دیراسەت بکرێت و لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا لاسایی بکرێتەوە. ڕووبەڕووبوونەوەیەك کە سەقامگیری کوردستان بخاتەمەترسییەوە مایەی کارەسات دەبێت بۆ ئایندەی عێراق، نیشانەیەکی ڕوون دەبێت، بەوەی ئەزموونی وڵاتەکە لە بواری پەرەپێدانی سیستمێکی سیاسی فرەیی و دیموکراتی و پەسەندکراو، کە تێیدا بەرژەوەندی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە شێوەیەکی ئاشتیانە بگونجێنرێت، شکستی هێناوە. بە ڕەوتێکی خێرا، مەترسی سەرهەڵدانی توندوتیژی، و ناسەقامگیری و دەستێوەردانێکی دەرەکی بەربڵاو، سەرهەڵدەدات. بە هەمان شێوە مەترسی لەبەریەکهەڵوەشانی دەوڵەتی عێراقیش دێتەئاراوە، کە ئاکامی زۆر مەترسیداری لەسەر ناوچەکە دەبێت.

**چارەسەری خوازراو بریتیە نییە لە شەڕی سەر جادەکان لە نێوان حکومەت و خەڵکدا، بەڵکو بریتیە لە هەڵسوڕانی ڕێک و پێکی دامەزراوە دیموکراتیەکانی عێراق لە بەغدا، بە تایبەتی ڕۆڵی پەرلەمان و دەسەڵاتێکی قەزائی سەربەخۆ بۆ هاوسەنگراگرتن و لەسنووردا ڕاگرتنی کار و ڕەفتارەکانی سەرۆک وەزیران و کابینەکەی**



- گـەورە دبلۆماتـکاری ئەمریکا جـۆن حەننا ئەزموونی زیاتر لە ٢٠ ساڵی لە ئاستێکی بەرزدا لەسـەر سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا هەیەو تۆژەری باڵا بـووە لە دامەزراوەی بەرگری کردن لە دیموکراسی ( FDD)
- لە ئیـدارەی یەکەم و دووەمی جـۆرج دەبلیو بوشدا لەماوەی سـاڵانی ( ٢٠٠١-٢٠٠٩)، یەکێک بـووە لە نزیکتریـن یاریدەدەرانـی دیک چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کاروباری ئاسایشی نیشتمانی، لە ئیدارەی یەکەمدا جێگری سەرۆکی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی جێگری سەرۆکی ئەمریـکا بـووە بـۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و ڕاستەوخۆ کاری لەسـەر سیاسەتی ئەمریکا بۆ عێراق و سـوریا و لوبنان و ئێران و پرۆسـەی ئاشتی و شـەڕی جیهانی دژە تیرۆر کردووە، لە ئیدارەی دووەمیشدا گەورە ڕاوێژکاری دیک چینی جێگری سـەرۆکی ئەمریکا بووە بـۆ کاروباری نێودەوڵەتـی لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتەوە تا کۆریای باکوور و ڕوسیا.
- لەسەردەمی ئیدارەی کلینتۆندا ڕاوێژکاری باڵا بووە لە ستافی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا .
- لە ئیدارەی جۆرج بوشـی باوکیشـدا یەکێک بووە لە ئەندامە دیارەکانی سـتافی پلاندانان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.
- پاش ئەوەی لە کاری حکومەت هاتۆتە دەرەوە، بۆتە جێگری بەڕێوەبەر و تۆژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسـاتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، ئەمە بێجگە لەوەی بەردەوامە لەکارەکانی توێژینەوە لەدامەزراوەی بەرگریکردن لە دیموکراتی .
- جۆن حەننا یەکێکە لە شـرۆڤەوانە دیارەکانی جیهان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو لەسەر سیاسـەتی دەرەوە لە ڕۆژنامەکانـی نیۆیۆرک تایمزو واشنتۆن پۆست و لوس ئەنجلوس تایمزو وۆلسـتریت جۆرناڵ و فۆرین پۆلیسی بەردەوام دەنووسێت.
- لەمـاوەی سـاڵێکدا ئەمە دووەمیـن جارە کە گۆڤاری گوڵان دیمانەی لەگەڵ ئەنجامداوە، جاری یەکەم لە نیسانی ساڵی ٢٠١٢ بوو.

# به چارەسەری كێشەی كورد
# توركیا ئایندەیەكی گەشی دەبێت



دەیڤید رۆمانۆ*

مانگی جارێک تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

نارەزایبوونی كوردی توركیا زیان بە رابردوو و ئێستا و ئایندەی وڵاتەكە دەگەیەنێت. ساڵەهای ساڵ بوو، توركیا چەندین ملیار دۆلاری-لەژمارە نەهاتووی- خەرجكرد لە هەوڵەكانیدا بۆ سەركوتكردن و تواندنەوەی كەمینەی كوردی وڵاتەكەی. بۆ هەر دۆلارێك كە خەرجكرابێت بۆ پرۆژەیەكی پەرەپێدان یان دروستكردنی قوتابخانەیەك كە بەكارهێنانی زمانی كوردی قەدەغەكرد، دە دۆلاری دیكە لە سەربازەكان و هیلیكۆپتەر و بنكەكانی پۆلیسدا خەرجكران. بەشێكی گەورەی سەرمایەی دیبلۆماسیی توركیا بۆ ئیحتیواكردنی دەستپێشخەرییەكانی كورد لە جیهاندا تەرخانكران، هەر لە ئەوروپاوە بگرە تاوەكو دەوڵەتە دراوسێكان، سوریا و عیراق و ئیران و یەكێتیی سۆڤیەتی پێشوو. بۆ ساڵانێك، توركەكان بە تەواوەتی بێمانا دەهاتنەبەرچاو كاتێك بە وڵاتەكەی خۆیان و باقی بەشەكانی جیهاندا دەگەڕان بۆ جڵەوكردنی كورد، لە كاتێكدا نكۆڵیان لەوەدەكرد هیچ كوردێك لەتوركیادا بوونی هەبێت.

چیرۆكێكی بەربڵاو هەیە كە زۆرێك لە كوردەكان خوازیاری گێڕانەوەین، كە ئەو چیرۆكەش لە كۆتایی ساڵانی حەفتاكاندا ڕوویدا، كوردی تاراوگەی لیبیا مۆڵەتیان لە قەزافی وەرگرت بۆ كردنەوەی سەنتەرێكی كەلتوری كوردی لە تەرابلوس. باڵیۆزی توركیا لە لیبیا بە فەرمی نارەزایی دەربڕی لەبارەی كردنەوەی ئەم سەنتەرە، لەسەر ئەوە قەزافی داوای كرد ببینێت و لەگەڵیدا كۆببێتەوە. هەرچۆنێك بێت، پێش ئەوەی باڵیۆزەكە سكاڵا و نارەزایی خۆی تەواو بكات، قەزافی قسەكانی پێبڕی و پێی گوت: ڕاوەستە! سەرەتا دەمەوێت یەك شت بزانم! ئایا كەمینەی كورد لە توركیادا هەیە؟ باڵیۆزەكە سەری سوڕما و دەم و دەست وەڵامی دایەوە: نەخێر، لەو كاتەدا قەزافی دەستی بە یەكداداو دەستبەجێ بەرپەرچی دایەوە و گوتی: ئەی كەواتە كێشەكە چیە؟

تا ئێستاش، هەر كاتێك سەركردەیەكی توركی لە هەر شوێنێكی جیهاندا داكۆكی لە دیموكراسی و مافەكانی مرۆڤ دەكات، خەڵكی ئاماژە بە مامەڵەی تورك لەگەڵ كورددا دەكەن وەك بەڵگەی دووڕوویی ئەو سەركردانە. هەروەها كێشەی كورد دەبێتە بەربەست لەبەردەم گفتوگۆكانی پەیوەست بە گەیشتن بە یەكێتیی ئەوروپا. بە هەمان شێوە پرۆسەی بە دیموكراتیكردن لەسەر تاشەبەردی « بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم،» تێكدەشكێت، هەروەك ئەوەی یاساكانی بە گژاچوونەوەی تیرۆر بە شێوەیەكی گشتی ئازادیی ڕادەبڕین و كۆبوونەوە و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسایی گونجاو و مافەكانی كەمینە لەناودەبەن.

نابێت بارودۆخەكە بەم شێوەیە بێت. لە ڕاستیدا، بە

گرتنەبەری سیاسەتی نوێی ڕاست و دروست، تورکیا دەتوانێت کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا بۆ سەرچاوەی کورد بگۆڕێت. بۆ نموونە، ئەگەر خوازیاری سوودمەندبوونین لە فرەیی ئیتنی، ئەوا ئەتوانین لە وڵاتانێکی وەك سویسرا، بەلجیکا یان مۆریشیۆس بڕوانێت. لە هەر یەکێك لەم وڵاتانەدا، پێکهاتە ئیتنی-زمانەوانییەکان ڕایەڵی ئابووری و کەلتوری لەگەڵ هاوپێکهاتەکانیان لە وڵاتانی دیکەدا گرێدەدەن. ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیتاڵییەکانی سویسرا کار و بازرگانییەکی چالاك لەگەڵ هاوپێکهاتەکانیان لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا ئەنجام دەدەن. پێکهاتەی فلێمیش لە بەلجیکا وەبەرهێنەرە هۆڵەندییەکان ڕادەکێشن بۆ وڵاتەکەیان و لە هۆڵەنداشدا بە دوای دەرفەتی کاردا دەگەڕێن. لە کاتێکدا والۆنە فەڕەنسی زمانەکان هەمان کار لەگەڵ فەڕەنسادا دەکەن. لە مۆریشیۆس، مۆرشیوسە بە ڕەگەز ئەفریقیەکانیش درێژە بە پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هاوپێکهاتەکانیان دەدەن، بە تایبەتی ئەوانەی لە ئەفریقیادا دەژین، ئەمە لە کاتێکدا هیندۆ-مۆریشیۆسەکان کار لەگەڵ هیندستان و پاکستاندا دەکەن و مۆرشیۆسە قەوقازیە فەڕەنسیەکانیش بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ فەڕەنسادا دەکەن. هەر وڵاتێك لەم وڵاتانە بەهرەمەندبووە لە توانای بەشێکی دانیشتوانەکەی، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسانتر کارلێك لەگەڵ پێکهاتە سەرەکیەکەی دەرەوەی وڵاتەکەدا بکات. پێویستە هاوشێوەی ئەم دۆخە لە پەیوەندیی کورد و تورك و براکانیان لە وڵاتانی دراوسێدا ڕوون و ئاشکرا بێت. ئەو پەیوەندییە ئابوورییە پڕ جموجۆڵەی حاڵی حازر تورکیا لەگەڵ کوردستانی عیراقدا دەیکات ئاماژە و نیشانەیەکە بۆ ئەوەی دەکرێت ئەو پەیوەندییە چۆن بێت. لەگەڵ چارەسەربوونی کێشەی کورددا، کەشە سیاسییەکە پتر لەباردەبێت بۆ کارکردن، هەر لە بۆریە نەوتەکانەوە بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە و بازرگانی. لە تورکیایەکدا کە کورد هەست بکەن وەك میللەتێك ڕێزیان لێگیراوە و بەهادارن، ئەوا دەروازەیەکی سروشتی دەکەنەوە بۆ هاوپەیمانێتیی بازرگانی و کەلتوری و سیاسی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەی کە پێکهاتەیەکی کوردی بەهێزیان هەیە. لەوەش زیاتر، چیتر تورکیا ملیارەها دۆلار بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیی بە هەدەر نادات. سوپای تورکیاش دەتوانێت ڕاهێنانێکی زیاتر بکات لەبارەی ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە کە بریتییە پاراستنی وڵاتەکە لە دەستدرێژییە دەرەکییەکان. زۆرێك لە بنکە سەربازییە بێشومارەکان، ڕەبیەکانی جەندرمە و بنکەکانی پۆلیس لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا دادەخرێن و ئەو کەسانەی لەم بنکانەشدا خزمەت دەکەن لە بواری باشتردا دەخرێنەگەڕ. چیتر هێزە دەرەکییەکانیش بە ئاسانی یاخیبوونێکی کوردی شك نابەن بۆ ئەوەی پشتیوانی لێبکەن بە مەبەستی لاوازکردنی تورکیای ڕکابەریان.

کاتێك سەرکردەکانی تورکیا بەرگری لە مافی کەمینەکان دەکەن لە قوبرس و بەلجیکا و ئەڵمانیا و شیشان، یاخود شوێنەکانی دیکە، ئەوا چیتر ناکەونەبەر تانە و تەشەر و گاڵتەجاڕی لەبارەی ئەوەی کە «پێویستە ئاوڕێك لە وڵاتەکەی خۆیان بدەنەوە پێش ئەوەی پەنجەی تاوان بۆ کەسانی دیکە درێژ بکەن.» لە تورکیایەکی نوێی لەم چەشنەدا، تەنانەت دەتوانین پیشبینی ئەوە بکەین سەرکردەکانی ئەنقەرە داکۆکی لە مافەکانی کوردی سوریا، و عیراق و ئیران دەکەن. بۆچی نا؟ ئایا نەك تەنها کوردی دیاربەکر و وان و شیرناخ، بەڵکو کوردی کەرکوك و قامیشلۆ و هەولێریش لە سەنگەری بەرگریکردندا گیانیان بەخت نەکرد لە شەڕی گالیپۆلیدا، یاخود لە کاتێکدا لەبەرەی شەڕی ڕزگاری نەتەوەیی تورکیادا شەڕیان دەکرد؟

لە سیناریۆیەکی لەم شێوەیەدا، تورکیا بە ڕاستی ئایندەیەکی پرشنگداری دەبێت. هەرچۆنێك بێت، بۆ خوڵقاندنی ئایندەیەکی لەم چەشنە، پێویستە دەوڵەت و خەڵکی تورکیا لەبری ئەوەی هەوڵی سەرکوتکردنی بدەن، خۆیان لەگەڵ ناسنامەی کورددا بگونجێنن. پێویستە نەك هەر تەنها ئیعتیرافی پێبکەن، بەڵکو بەو شێوەیەی کە شایستەیە ڕێزی لێبگرن، پێویستە ئەنقەرە وەك یەکێك لە پێکهاتە سەرەکییەکانی تورکیا شکۆ بۆ کورد بگەڕێنێتەوە. ئەمە تەرخانکردنی داهاتی باجەکان بۆ برەودان بە زمان، و کەلتور و ڕەمزەکانی کورد لەخۆدەگرێت، هەروەها چۆن ئەم کارە لە پێناو زمان و کەلتور و ڕەمزەکانی تورکدا دەکەن.

ئەو مشتومرە کۆنەی پێی وایە «تورك» ناسنامەیەکی ئیتنی نییە، بەڵکو ناسنامەیەکی مەدەنییە، چیتر سەنگ و بایەخی نەماوە، بە تایبەتی کە ئەمە بە مانی قبووڵکردنی زمانی تورکی و ئەرگەنەکۆنی وێناکراوی ڕابردوو لە ئاسیا و ڕەمزەکانی وەك گورگە بۆرەکان دەهات، کە نکوڵی لە بوونی زمانی کوردی، و چیاکانی زاگرۆس و ڕەمزەکانی کورد- وەك خۆر- دەکرد. ئەگەر تورکیا لە بری چەمکی «تورك»، چەمکە «تورکیەلی» تەبەنی بکات، کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە ئاماژەیە بە ئینتیمایەکی مەدەنی بۆ دەوڵەتی تورکیا نەك بۆ ئیتنیەتی تورکبوون، ئەوا هەنگاوێکی درێژی بڕیوە بۆ ڕاستکردنەوەی کێشەکە. ئەگەر حاڵی حازر ئەم دەستەواژەیە لە تورکیادا بوونی نییە، ئەوا کاتی ئەوە هاتووە دابتاشرێت و بەکاربهێنرێت.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

**هەر کاتێک سەرکردەیەکی تورکی لە هەر شوێنێکی جیهاندا داکۆکی لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکات، خەڵکی ئاماژە بە مامەڵەی تورک لەگەڵ کورددا دەکەن وەک بەڵگەی دووڕوویی ئەو سەرکردانە**

**ئەو پەیوەندییە ئابوورییە پڕ جموجۆڵەی حاڵی حازر تورکیا لەگەڵ کوردستانی عیراقدا دەیکات ئاماژە و نیشانەیەکە بۆ ئەوەی دەکرێت ئەو پەیوەندییە چۆن بێت تا لەگەڵ چارەسەربوونی کێشەی کورددا کەشە سیاسییەکە پتر لەباردەبێت**



مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ گوڵان:

# ئەگەر سەرۆک راستەوخۆ لەلایەن خەڵکیشەوە هەڵبژێردرێت هەر پەرلەمان دەسەڵاتەکانی دیاری دەکات



**لەو کاتەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی عێراق بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت، هەستدەکرێت جموجۆڵ و گەرموگوڕیەکی زیاتر لەنێو پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت و لایەنە سیاسیەکان بە حزبەکانی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆنەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە و هەروەها بەجیاش شاندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی لەگەڵ هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن کۆبوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لەنێوان حزبەکانی فەرمانڕەواو و ئۆپۆزسیۆن بوونی هەیە، بەڵام لەم بارودۆخەدا هەستدەکرێت جۆرێك لە لێکتێگەیشتن و هەڵوێستی هاوبەشیش بەرامبەر یەکدەنگی و یەکڕیزی نیشتمانی کوردستانی لەبەرامبەر کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و ناوچەکە ڕەنگدانەوەی هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکە سەردانی بەڕێز مەحمود محەمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتیمان کرد و لە دیمانەیەکی تایبەتدا ئەم پرسانەمان ڕووبەڕوو کردەوە، بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

## کۆبوونەوەی چڕوپڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی و لە نێوان سەرۆک بارزانی و هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن ئەنجامدراون و، لە داهاتووشدا ئەم کۆبوونەوانە بەردەوام دەبن، بۆئەوەی هەموو لایەنەکان لە ئاستی ڕووداوەکان بن و بەشداربن لەو گفتوگۆ چارەنووسسازانەی کە پێوەندییان بە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردستانەوە هەیە

*** ماوەیەکە هەستدەکرێت گەرموگوڕیەك لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دروستبووە، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن: بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی کۆبـوەوە، دوای ئەو کۆبوونەوەیەش ئێوەش وەك پارتی و یەکێتی کۆبوونەوە، ئایا سەبارەت بەم گەرموگوڕییەی پرۆسەی سیاسی کوردستان چی دەڵێن؟**

- ئاشکرایە ئێستا ئاڵۆزی و پشێوی سەرتاسەری عێراقی گرتۆتەوە، بێگومان هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندی بەو بارودۆخەوە هەیەو ئەو ئاڵۆزی و پشێوییە کاریگەری لەسەر هەرێمیش دەبێت، ئەمەش پێوەندی بە هەموو لایەکەوە هەیە و بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەم گەرموگوڕییە لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان بێتە ئاراوە، هەربۆیە ئەو هەوڵانەی ئێستا لە ئارادان بۆ ئەوەیە کە یەکهەڵوێستی و تەبایی نێو ماڵی کوردی بە ئەندازەیەك بێت کە ئەو ئاڵۆزییە یان ئەو قەیرانەی کە لە عێراقدا هەیە، زۆر بە سلبی کاریگەریی بۆ سەر کوردستان نەبێت، هەوڵەکەی دیکە ئەوەیە کە کورد بەیەك دەنگیی ڕووبەڕووی ئەو قەیرانانە ببێتەوە، هەوڵی دیکە بۆ ئەوەیە کە کورد نەبێت بە بەشێك لەو دابەشبوونە تائیفییەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، چونکە کورد خاوەنی ئەجینداى تایبەتی خۆیەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانەو ئەو پرس و کێشانەی لە ئارادان، لەوانەیە تێڕوانینی تایبەتی خۆیشی هەبێت لەوەی کە ئەم قەیرانانە بۆچی دەخولقێنرێن، بۆیە کۆمەڵێك کۆبوونەوەی چڕوپڕ لەنێوان پارتی و یەکێتی و لەنێوان سەرۆك بارزانی و هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن ئەنجامدراون و، لە داهاتووشدا ئەم کۆبوونەوانە بەردەوام دەبن، بۆئەوەی هەموو لایەنەکان لە ئاستی ئەم ڕووداوانەدا بن و بەشداربن لە گفتوگۆ چارەنووسسازەکان کە پێوەندییان بە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردستانەوە هەیە.

*** ئایا هۆکاری سەرەکی کۆبوونەوەی جەنابی سەرۆك لەگەڵ سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن چی بوو؟**

- ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن داوایان کردبوو کە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی بکرێت، واتە لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا وەکو دەسەڵات، بەڕای جەنابی سەرۆك بێجگە لە پارتی و یەکێتی، لایەنی دیکەش هەم لە پەرلەمان و هەمیش لە حکومەت بەشدارە، بۆیە بۆچوونەکە بەوجۆرە بوو ئەم جیاکردنەوەیە لەوانەیە باش نەبێت، بۆیە جەنابی سەرۆك پێی وتبوون ئەگەر ئێوە دەتانەوێت وەکو ئۆپۆزسیۆن لەگەڵتان دانیشم من لەگەڵتان دادەنیشم، بەڵام وەکو پێنج قۆڵی بەشتێکی باشی نازانم کۆبوونەوە بکرێت، لەبەرئەوەی بۆچوونی جەنانی سەرۆك بەو شێوەیە بوو کە حزبەکان لەنێو خۆیاندا دەتوانن کۆبوونەوە بکەن، بەڵام بەو سیفەتەی بەڕێزی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە هەموو لایەنە سیاسیەکان دەتوانن لەگەڵی کۆببنەوە، نایەوێت ببێتە بەشێك لە کێشەی نێوان لایەنەکان، بۆیە کۆبوونەوەکە وای لێهات کە جەنابی سەرۆك بارزانی بەجیا لەگەڵ ئەوان و بەجیاش لەگەڵ پارتی و یەکێتی دابنیشێت.

*** سەبارەت بەو کۆبوونەوەیەی سەرۆك بارزانی کە لەگەڵ هەرسێ سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن کردی، هەندێ شت گوتراوە، بەڵام دەمانەوێ لە ڕێگەی جەنابتەوە بزانین ئەو کۆبوونەوەیە چۆن هەڵدەسەنگێنن و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە چی بوو؟**

- لە ڕاستیدا زۆر لەو شتانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا لەگەڵ سەرۆك بارزانیدا باسیان کردووە، پێشوەختە لە ڕاگەیاندنیشدا ئەوانەیان باسکردووە، لەو پێشنیار و ئەجندایەی هێناویانە، شتێکی نوێی بەو شێوەیە تێدا نییە، دەتوانین بڵێین ئەو خاڵانەی باسیان کردون دوو بەشە، بەشێکی ئەوانەن کە هەر لەکۆنەوە باسی دەکەن، لە میدیاکانیش زۆر گفتوگۆیان لەسەرکراوە، بەشێکیشی ئەوانەن کە ئێستا ئەنجام دەدرێن، یەکێك لەو خاڵانەی باسیان کردووە ئەوەیە کە لەمەودوا گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدرالی کرا، ئەولەویەت گێڕانەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بێت، بێگومان هەموو لایەك ئاگادارە

ئەم پرسە هەموو کاتێك لە ئەولەویەتدا بووەو ئەوە چەندین ساڵە هەوڵەکان بەوجۆرەن کە بەشێوەی یاسایی و دەستووری چارەسەربکرێت، تەنانەت ئێستا وای لێهاتووە پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەو ناوچانە لە هەندێك شوێن بمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان هێزیان هێناوەتە ئەو ناوچانە، خاڵێکی دیکە کە باسکراوە ئەوەیە کە کوردستان ستراتیژییەتێکی خۆی هەبێت، بە تەئکید کوردستان خاوەن ستراتیژییەتێکی خۆی بووە تاکو ئێستاش، لە مەسەلەی پێوەندییەکانی لەگەڵ بەغداو کێشەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، زۆریش هەوڵدراوە رای لایەنەکانی دیکەش گەڵاڵە بکرێت، خاڵی دیکە باس لەو یاسایانە دەکرێت کە ئەوان زۆر بە گرنگ ناویان هێنان کە لای ئێمەش هەموو یاسایەك گرنگە ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچن، ئەوانەی رەهەندی نیشتمانییان هەیە کە ئێمە پێمانوایە هەموویان ئەو رەهەندەیان هەیە، چونکە بۆ خەڵکێك یان نەتەوەیەك دەردەچن کە رێوشوێنێك هەبێت کە لەم وڵاتەدا ئیدارە بکرێت، بەڵام ئەوان بەشێك لەو یاسایانەیان جیاکردۆتەوە تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت، یان داوا دەکەن بگەڕێنەوە پەرلەمان و قسەی لەسەربکرێ، مەسەلەی دیکە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە پێشتر گفتوگۆیەکی زۆری لەسەرکراوە.

ئەمە ئەو خاڵانەبوون کە باسیان کردووە ئێمەش وەك پارتی و یەکێتی لەکۆبوونەوەی خۆمان کە لەگەڵ جەنابی سەرۆك ئەنجامدرا، خۆشحاڵیمان دەربڕی کە ئەوان کەوتوونەتە گفتوگۆو بۆئەوەی لەسەر مێزی گفتوگۆ قسەی خۆیان بکەن نەك لە رێی میدیاوە.

*** ئەوەی کە زۆر تەئکیدی لەسەر دەکەنەوە مەسەلەی گەڕانەوەی دەستوورە بۆ پەرلەمان، لایەنی ئۆپۆزسیۆن بە تایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان باسی ئەوە دەکات لەدوا کۆبوونەوەیاندا لە مانگی ئەیلوولدا لەگەڵ مام جەلال ئەوان رازی بوون، پرسیار ئەوەیە پارتی بۆچی هەستیارە بەرامبەر بە گەڕانەوەی دەستوور؟**

- جارێ ئەوەی کە باس لە جەنابی مام جەلال دەکەن، گرنگە ئەو راستیە لەبەرچاوبگرین، لەکۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی کە مام جەلالیش تیایدا بەشداربووە، لە نێوان پارتی و یەکێتی بڕیارێك هەیە، ئەو بڕیارە ئەوەیە ئەو مەسەلانەی هەن، پێویستە پێشتر پارتی و یەکێتی لەناوخۆیاندا لەسەری رێکبکەون، ئەوجا لەگەڵ لایەنەکانی دیکە کە تێگەیشتنێکی دیکەیان بۆ ئەو بابەتانە هەیە، گفتوگۆی لەسەر دەکەین، هەردوولاشمان هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە هیچ هێڵی سوورمان نییە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هیچ شتێك لەو بابەتانەی کە دێنە سەر مێزی گفتوگۆ، بەڵام تێڕوانینی تایبەتی خۆشمان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پرۆژەی دەستوور ئەگەر بە کۆی دەنگ نەبووە، بەڵام بە کەمیی دوو دەنگ لە پەرلەمان دەنگی لەسەر دراوەو بۆتە پرۆژە یاسا و دەبێ بدرێتە ریفراندۆم، دوو لایەنی ئۆپۆزسیۆنیش کە ئێستا هەن و ئەو دەمیش هەبوون و دەنگیان لەسەر داوە، بەشێکیش لەوانەی ئێستا گۆڕانیان پێکهێناوە ئەوانیش لە پەرلەمان بوونە و دەنگیان لەسەر داوە، سی و شەش حزبی دیکە لە کۆبوونەوەیەکدا دەنگیان بۆداوە، ئەم پرسە چەندین ساڵ گفتوگۆی لەسەر کراوە، تاکو بۆتە ئەو پرۆژە کامڵەی هاتۆتە بەردەمی خەڵك، لە هەموو رۆژنامەکان بڵاوکرایەوەو نزیکەی یەك ملیۆن دانەی وەکو نامیلکەیەك چاپکراوە و بڵاوکرایەوە، جگەلەوەی لیژنەی بۆ پێکهات، لیژنەی بەدواداچوونەوەو راوبۆچوونەکانی خەڵك و رۆشنبیر و سیاسییەکان هەیانبوو، ئەمانە بەهەند وەرگیران، چاکسازی تێدا کرا، ئینجا خرایە ناو بەرنامەی کاری پەرلەمان و قسەی لەسەرکراو دەنگی لەسەردرا، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئێمە دەڵێین ناکرێ هەموو پرۆژەی دەستوور زەڕبی سفر بکەین و بیهێنینەوە پەرلەمان و بڵێین پرۆژەیەکی نوێمان بۆ دابنێنەوە، ئەمە لەوانەیە چەند ساڵێکی دیکەشی بوێت و لەسەری رێك نەکەوین، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە ناکرێت هەر حزبێك بە پرۆژەیەك یان دەستوورێك رازی نەبوو هەموو شتەکان هەڵوەشێتەوە، ئەمە دروست نییە لە دیموکراتییەتیشدا نەخوازراوە، ئێمە هیچ هەستیارنین، بەڵام لە دەرەوەی ئەمەدا ئامادەین با بێن پێمان بڵێن ئەو گرفتانەی لە دەستووردا باسی دەکەن چین، ئەگەر ئەوان رای خۆیان هەیە لەسەر هەندێ بابەت، ئێمەش رای خۆمان هەیە، یەکێتی نیشتمانیش و حزبەکانی بەشدار لە پەرلەمان و حکومەت و رۆشنبیر و خاوەن قەڵەم و خەڵکیش رای خۆیان هەیە، ناکرێت رای ئەوان و رای ئێمە بەتەنیا لەو بابەتەدا هەموو شتەکان یەکلایی بکاتەوە، رێوشوێنی یاسایی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

*** خاڵێکی دیکە کە زۆر باسی دەکرێت، سیستەمی سەرۆکایەتییە لە هەرێمی کوردستان، پرسی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە لەرێگای خەڵکەوە، ئەوان داوا دەکەن سەرۆك لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەم مەسەلەیان چۆن چارەسەردەکەن بۆچوونتان وەك پارتی بۆ ئەم مەسەلەیە چییە؟**

- لە سەرەتادا هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە بوو، بەڵام هەر ئەو برادەرانە خۆیان بوون رەخنەیان لەم مەسەلەیە دەگرت، ئێمە ئەگەر رووپەڕی رۆژنامەکانی ئەوکات هەڵدەینەوە دەبینین کە چییان لەسەر ئەو هەڵبژاردنە دەنووسی، بە سەفقەیەکیان وێنا دەکرد، کە لە نێوان چەند حزبێك پێکهاتووەو سەرۆکی هەرێمیان هەڵبژاردووە، هەر لەوێوە ئەو بیرۆکەیە پەیدابووە، کەواتە باشە با لەناو پەرلەمان و بە شێوەی سەفقە نەبێت، با جەماوەر و خەڵکی کوردستان خۆی را بدات کێ دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەوێ یاساکە هەموار کرایەوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە باشە خۆ ئەگەر ئەوان پێیان باشە لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئەوا ئێمەش رامانوایە کە لەلایەن جەماوەرەوە

**بەو سیفەتەی سەرۆک مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە هەموو لایەنە سیاسیەکان دەتوانن لەگەڵی کۆببنەوە، بەرێزیان نایەوێت ببێتە بەشێک لە کێشەی نێوان لایەنەکان، بۆیە کۆبوونەوەکە وای لێهات کە جەنابی بە جیا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و بە جیاش لەگەڵ پارتی و یەکێتی دابنیشێت**

**بودجەی هەرێمی کوردستان خێرێک نییە کە حکومەتی فیدراڵی بە کوردستانی بدات، خێر و بێری ئەم وڵاتەیە، کاتی خۆی بەو شێوەیە رێککەوتووین لەسەری، کە پێکەوە هەمووان وەک یەک سوودمەندبین لە هەموو داهاتەکانی ئەم وڵاتە**

**هەوڵەكانی سەرۆكی هەرێم بۆ ئەوەن كورد نەبێتە بەشێك لەو دابەشبوونە تائیفییەی كە ئێستا لە عێراقدا هەیە، چونكە كورد خاوەنی ئەجێندای تایبەتی خۆیەتی بۆ چارەسەركردنی ئەم قەیرانەو ئەو پرس و كێشانەی لە ئارادان**

**جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ تەندروستی جەنابی مام جەلال زۆر نیگەرانە، هەروەها زۆر بەخەمی ئەوەویە ئەو رێككەوتنە ستراتیژییە بپارێزرێت**

هەڵبژێردرێت، بۆ دەبێت ئەوەی ئەوان رای دروستی خەڵك بێت و ئەوەی ئێمە رای دروستی خەڵك نەبێت، با خەڵك حەكەم بێت لەم پرسەدا، ئەگەر ئەم بابەتە پێویستی كرد خەڵك قسەی لەسەر بكات با جەماوەری كوردستان رای لەسەر بدات، ئەگەر كێشەكە گەیشتە ئەوەی سووربین لەسەر ئەوە، با جەماوەر خۆی رابدات ئایا خۆیان سەرۆكی هەرێم هەڵبژێرن یان بە نیابەت لە پەرلەمان بێت، كامەیان دیموكراتیترەو كامەیان بەشداری پێكردنی خەڵك لە حوكمدا زیاتر مسۆگەر دەكات.

*** ئەوان ترسی ئەوەیان هەیە لەبەر ئەوەی كە سەرۆك لەلایەن خەڵكەوە هەڵدەبژێردرێت دەسەڵاتی زۆرە، ئایا لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا جەنابی كاك مەسعود بارزانی ئەم دەسەڵاتەی هەیەتی خراپ بەكاری هێناوە؟**

- مەسەلەی دەسەڵاتەكان، لەگەڵ شێوازی هەڵبژاردن، دوو شتی لەیەكدی جیاوازن ئەوان تێكەڵیان كردووە، دەبینین هەندێ جار لە راگەیاندندا هەندێ شت بە هەڵە دەرخواردی خەڵك دەدەن، زۆربەی هەرە زۆری ئەو شتانەی كە ئەوان پێی دەڵێن دەسەڵات، لەلایەن سەرۆكی هەرێم تەنیا دەركردنی ئەو بڕیارانەیە، من بینیومە نووسیویانە كە سەرۆكی هەرێم دەسەڵاتی هەیە پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە، ئەوە(لا تقربوا الصلاة)ـەكەیە، لەبەر ئەوەی ئەوان ئەوەی پێشتر ناڵێن كە ئەم دەسەڵاتە پەیوەستە بەچەند بارودۆخێكەوە، لە سێ حاڵەتدایە پەرلەمان كە پێویستە هەڵوەشێتەوە دەركردنی بڕیارەكە سەرۆكی هەرێمی كوردستان دەیكات، نەك تەنیا ئەوەی كە سەرۆك بڕیار بدات پەرلەمانم هەڵوەشاندەوە، كۆمەڵێك شتی لەم بابەتانە لە راستیدا بە شێوەیەكی چەواشەكاری لە میدیا باسكراوەو نەك وەكو خۆی، بۆیە وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد، مەسەلەی دەسەڵاتەكان لەگەڵ سیستمی هەڵبژاردن لە یەكدی جیاوازن، سیستەمی هەڵبژاردن پێوەندی بەدەسەڵات زیادكردن و كەمكردنەوە نییە، تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەیە كە جەماوەری كوردستان راستەوخۆ سەرۆكێك بۆ خۆیان هەڵبژێرن، ئەوی دیكە، ئەو سیستەمە لە هەڵبژاردنەكە سیستەمی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێم دیاری ناكرێت، لە پەرلەمان دیاری دەكرێت. لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا و بەپێی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی كوردستان دەرچوون بۆ دەسەڵاتەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، كە بۆ زۆر بابەت دەبێت ئەو بڕیاربدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوای سەركردەكانی حزبەكانی كردووە، بۆ كۆبوونەوەو راوێژكردن لە گەڵیاندا، بە پێچەوانەوە ئەوان نەهاتنە پێش، ئێستا ئەوان داوای چاكسازی یان كۆمەڵێك شت دەكەن بكرێت، ئێمەش دەڵێین فەرموون وەرنە ناو حكومەتێك ناوی لێدەنێین (حكومەتی یەكێتیی نیشتمانی) تا پێكەوە ئەو شتانە ئەنجام بدەین، بەڵام ئەوان بە داخەوە لە كۆبوونەوەی پێنج قۆڵیشدا ئەو بابەتەمان رووبەڕووكردنەوە، ئەوان دەیانەوێ ئەجندایەك هەبێت، ئێمە جێبەجێكاری ئەو ئەجندایە بین، ئێمە خۆمان ئەجندامان هەیە، ئێمە خۆمان بەرنامەیەكمان بڵاوكردۆتەوەو بە جەماوەری كوردستانمان گوتووە ئێوە ئەگەر متمانەمان پێ بدەن ئێمە ئەو شتانەتان یان ئەو داواكاریانەتان بۆ جێبەجێ دەكەین، ئێستاش ئامادەین بۆ گفتوگۆ و لێك نزیك بوونەوە، بۆ تێكەڵكردنی ئەوەی ئەوان و ئەوەی ئێمە بۆ خزمەتكردنی جەماوەر، بەڵام ئەوان نە پێشتر نە ئێستاش ئامادە نەبوونە.

*** باس لە هەڵبژاردن دەكرێت كە لە كاتی خۆیدا بكرێت، ئێوە وەك پارتی لەگەڵ ئەوەن لە كاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت؟**

- هەڵبژاردنی پارێزگاكان و هەڵبژاردنی پەرلەمان دوو بابەتی جیاوازن، لەگەڵ ئەوەداین بە زوویی پارێزگاكان هەڵبژاردنیان بۆ بكرێت و وابزانم حكومەتیش ئاگاداری كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی كردووەتەوە كە بۆ كۆتایی مانگی پێنج ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت، چونكە بەڕاستی زۆر دوا كەوت، گلەیی لەسەر هەموو لایەكە كە ئەو هەڵبژاردنە زۆر دوا كەوتووە، سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆكی هەرێم بەپێی ئەو نووسراوەی كە پەرلەمانی كوردستان بۆ سەرۆكی هەرێمی ناردووە، سەرۆكی هەرێم وەڵامی داوەتەوە كە لە كاتی یاسایی خۆی ئەنجام بدرێت، كاتی یاسایی پەرلەمانیش بۆ هەڵبژاردن دەكاتە ٨/٢٠ راستە لە ٧/٢٥ هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆكایەتی كراوە، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە یەكەمین كۆبوونەوەی پەرلەمان ئیعتیبار دەكرێت بە دەورەی پەرلەمانی كە ئەویش لە ٨/٢٠ دەستپێكراوە، وا تەسەور دەكرێت لە ٨/٢٠ تا سەرەتای مانگی نۆ ئەو هەڵبژاردنانە بكرێت و سەرۆكی هەرێمیش، وەڵامی داوەتەوە كە لە كاتی یاسایی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

*** دوای ئەم كۆبوونەوەی سەرۆكی هەرێم لەگەڵ لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن، لە كۆبوونەوەی هاوبەشی یەكێتی و پارتی بڕیاردرا ئێوەش لەگەڵ لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆن دابنیشن، ئایا ئەو كۆبوونەوانەی ئێوە ئاكامی چی بوو؟**

- دوای كۆبوونەوەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لەگەڵ مەكتەبی سیاسیی پارتی و یەكێتی، بڕیاردرا كە شاندێكی هاوبەشی هەردوو مەكتەبی سیاسیی كە پێكهاتبوون لە بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و د.بەرهەم ساڵح و چەند ئەندامێكی دیكە سەردانی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن بكەین، لەم كۆبوونەوانە باسی میكانیزمی بەردەوام بۆ گفتوگۆكان و دیاریكردنی بەرنامەی كۆبوونەوەكان كراوە، هەروەها قسە لەسەر ئەو بابەتانە كراوە كە سەركردەی هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەكۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستان باسیان لێوەكردبوو، دوای ئەوەش كۆبوونەوەی هاوبەشی مەكتەبی سیاسی پارتی و یەكێتی كرا، بۆ قسەكردن لەسەر ئاكامی ئەو سەردانانە و شرۆڤەكردنی ئەو بابەتانە لە كاتی ئەو سەردانانە باسیان لێوەكراوە، هەروەها لە كۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەكێتی باسمان

لە ئاڵۆزبوونی زیاتری بارودۆخی عێراق بەگشتی کرد، کە لە ئێستادا سەقفی داواکاری خۆپیشاندەران لەچەندین پارێزگای ناوەڕاستی عێراق بەرز بۆتەوە.

*** ئەگەر سەبارەت بە کابینەی حەوتەم پرسیارێك لەبەڕێزت بکەین، ئایا لەو ماوەیەدا چۆن کارەکانی کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان هەڵدەسەنگێنن؟**

ـ لە رووی زەمەنییەوە کارەکانی حکومەت بە ساڵێك و دوو ساڵ دیاری ناکرێت، چونکە بەرنامەو پرۆژەکانی ئەوان کە دەیکەن هیچی لەوەدا نییە بە مانگ و دوو مانگ و سێ مانگ تەواوبن، وەختی زیاتری دەوێت، بەڵام دەستپێکردنەکانی دەسپێکی باشن، تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی کە لە کابینەی شەشەمدا هەبوون و دەسپێکردنی کۆمەڵێك بەرنامەی نوێ کە پێویستیی ئەم قۆناغەی ولاتەکەن و ئەو سیاسەتانەی لە رووی وزەوە هەیانە هەمووی قابیلی ستایش و دەستخۆشین، تەسەور دەکەین کە سەرکەوتوو دەبن، چونکە بەو نەهجەی گرتوویانەتە بەر پشتیوانی زۆری جەماوەرییان هەیە، بێجگە لە پارتی و یەکێتی پشتیوانی جەماوەریان هەیە بۆ کارەکانیان و ئەو بەرنامانەی هەیانە هەر لە خانەقین و مەندەلییەوە تاوەکو زاخۆ کاری باش و خزمەتگوزاری باش بۆ خەڵك پێشکەش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بوار هەیە پێویستی بە بایەخی زیاترە، لە دابەشکردنی پرۆژەکانیش پێویستە هەموو پێوەرەکان لەبەرچاو بگیرێن، بۆئەوەی عەدالەت رەچاو بکرێت بۆ هەموو ناوچەو شوێنەکان تا بە یەکسانی خزمەت بە سەرتاسەری کوردستان بگات، تەسەور دەکەین ئەگەر لە شوێنێ پێویستی بە جادەیە رەنگە لە شوێنێکی تر پێویستی بە قوتابخانە بێت یان شوێن هەیە پێویستی بە پرۆژەی ئاو یان نەخۆشخانە هەیە، بۆیە دەبێ بەپێی پێویستی شوێنەکە پرۆژەی خۆیان دابنێن تا ئێستاش کۆمەڵێك کەلێن و پێویستی هەبوون توانراوە تا ئاستی باش پڕ بکرێنەوە.

*** لەم قۆناخەدا پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی لە چ ئاستێکدایە، بەتایبەتی کە لەم بارودۆخەدا بەداخەوە جەنابی مام جەلال نەخۆش کەوتووە، هەست دەکەین لەم ماوەیە پارتی و یەکێتی زوو زوو کۆدەبنەوە، ئایا ئەمە پێوەندی بە نەخۆشیەکەی مام جەلالەوە هەیە، یان بارودۆخەکە واپێویست دەکات؟**

- لە راستیدا پێش ئەوەی مام جەلال نەخۆش بکەوێت و بگەڕێتەوە بەغدا، لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیارێك درا کە کۆبوونەوەکان زووتر و چڕتر ببن و لیژنەیەکیش بۆ ئەو بابەتە دانرا بە ناوی لیژنەی باڵای هەردوو مەکتەبی سیاسی کە لەهەر لایەکمان چەند برادەرێکمان تێدا بەشداربووین، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان بە بەردەوام، پەیوەست بە بابەتەکانی هەرێم یان ناوچەکە یان بەغداوە، بۆ ئەوەی یەکهەڵوێست بین لە هەموو ئەو بابەتانەی دێنە پێش، دیارە نەخۆشکەوتنی مام جەلال کە دوعای خێری بۆ دەکەین بە سەلامەتی بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ ئەوەی رۆڵی مێژوویی خۆی لەو قەیرانە قووڵەی بەغدادا ببینێت، جۆرە دەنگۆیەك پەیدابوو کە رەنگە بۆشاییەك لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست دەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دروست نابێت، ئەم کۆبوونەوانەش بەڵگەی ئەوەیە، ئەو رێکەوتنە ستراتیژییەی نێوانمان کە هەیە ئێمە جێبەجێی دەکەین، ئەو کۆبوونەوە زۆرانەشی کە ئێستا دەکرێن لەبەر زۆربوونی رووداوەکانە و هەروەها لەبەر کاریگەریی ئەو قەیرانەی کە لە بەغدا هەیە.

*** هەندێك باس لەوە دەکەن بەشێکی پێوەندی بەوەوە هەیە کە مام جەلال لێرە نییە، بۆیە سەرۆك بارزانی دەیەوێت لەم قۆناغەدا وەکو ئەرکێکی مێژوویی سەرشانی زیاتر پارێزگاری لەو رێکەوتنە ستراتیژییە بکات؟**

- بە تەئکید جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ تەندروستی جەنابی مام جەلال زۆر بە پەرۆشە، هەروەها زۆر بەخەمی ئەوەوەیە ئەو رێککەوتنە ستراتیژییە بپارێزرێت، بەڵام با من شتێك ئاشکرابکەم، پێش ئەوەی جەنابی مام جەلال نەخۆش بێت، کۆبوونەوەی زۆر کراوە بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆك بارزانی، من لە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی گوێم لێ بووە کە دەڵێن مام جەلال رایسپاردوین و پێی گوتووین کە ئەگەر من لە بەغدام خۆ کاك مسعود لە کوردستانە، چەندین جار گوێم لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بووە کە بە کاك مسعودیان وتووە نابێ تۆ رەفتار بکەیت کە هەر سەرۆکی پارتیت، بەڵکو سەرۆکی ئێمەشیت، بۆیە کاك مسعود بەخەمەوەبوونی بۆ هاوپەیمانیەتیەکەی بووە و ئەو رێزە بێ پایانەی بۆ جەنابی مام جەلال هەیەتی، بەتەئکید دەبێت زیاتر لەجاران هەوڵبدات، تا کەلێنێك دروست نەبێت، ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان ئەویش وەکو سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەشەخسیش وەکو کاك مسعود بارزانی پشتیوانیی زۆری یەکێتی دەکات.

*** نەخۆشیەکەی جەنابی مام جەلال لە بەغداش رەنگدانەوەی هەبوو، ئەو هەوڵێکی زۆری دا هەموو لایەنەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە، لەم رۆژانەشدا جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە راشکاوی رای خۆی دەربڕیوە کە ئەگەر بێت و نەگەڕێنەوە بۆ دەستوور و هاوپەیمانی نیشتمانی دەست پێشخەر نەبێت، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز دەبێت، وەکو سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن سەیری ئەمە دەکەن؟**

- ئامادەنەبوونی مام جەلال لە بەغدا ئەو راستییەی دەرخست کە کەسێکی دیکە نییە لە بەغدا وەك چەترێك ئەو لایەنانە کۆبکاتەوە بەلای کەم بۆ گفتوگۆکردن، ئەو لە دەعوەتێکدا یان لە بۆنەیەکدا هەمووانی کۆدەکردەوە، تاکو دیالۆگ لە نێوانیاندا دروست بێت، ئێستا سەرۆك وەزیران ئەمەی پێناکرێت و ناشیکات، کە خۆی تەرەفە لە هەموو کێشەیەکدا کە لە عێراق روودەدات، ئەوانەی هاوپەیمانیی

**دوو لایەنی ئۆپۆزسیۆن کە ئێستا هەن و ئەو دەمیش هەبوون، دەنگیان لەسەرپرۆژەی دەستوور داوە، بەشێکیش لەوانەی ئێستا گۆڕانیان پێکهێناوە لە پەرلەمان بوون و دەنگیان لەسەرداوە، سی و شەش حزبی دیکە لە کۆبوونەوەیەکدا دەنگیان بۆداوە، ناکرێ هەموو پرۆژەی دەستوور زەربی سفر بکەین و بیهێنینەوە پەرلەمان و بڵێین پرۆژەیەکی نوێمان بۆ دابنێینەوە**

**سەرۆک وەزیرانی عێراق رِقی لە ناو و نەخشەی کوردستان دەبێتەوە ئەمەش زۆر ئەستەمە، بۆیە ئەم پێکەوە ژیانەو ئەم یەکتر قبوڵکردنە دەبێت لەسەربناغەی کۆمەڵێک پرەنسیب بێت، کە رێز لە زمان و کەلتوور و مێژووی یەکدی بگرین**

**ئۆپۆزسیۆن پێیان باشە سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت، ئێمەش رامانوایە کە لەلایەن جەماوەرەوە هەڵبژێردرێت، بۆ دەبێت ئەوەی ئەوان رای دروستی خەڵک بێت و ئەوەی ئێمە رای دروستی خەڵک نەبێت**

**بەپێی ئەو نووسراوەی کە پەرلەمانی کوردستان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی ناردووە، سەرۆکی هەرێم وەڵامی داوەتەوە کە لە کاتی یاسایی خۆی ئەنجام بدرێت، پێدەچێت لە ٢٠/٨ تا سەرەتای مانگی ئەیلوول ئەو هەڵبژاردنانە بکرێن**

نیشـــتمانیش هیچیان نەیانتوانیوە ئەو ئەرکە لە ئەستۆبگرن، بە پێچەوانەوە ویستیان سوود لەو بۆشاییە وەربگرن، گوشار بخەنەسەر خوزەیر خوزاعی بڵێت من ئێستا سەرۆك کۆمارم و بەپێی دەستوور دەتوانم پەرلەمان هەڵبووەشێنمەوە، پێوەندیشیان بە ئوسامە نجێفی سەرۆك پەرلەمانیشەوە کردبوو، کە ئەمە لەناو خودی هاوپەیمانی کوردستان قبوڵ نەکراو رەتیانکردەوە، لە کوردســـتانیش جەنابی سەرۆك بارزانی پەیامی بۆ ناردن و ئاگاداری کردنەوە کە ئەو هەنگاوە تەنگژەکان کە ئێســـتا هـــەن چەند جار بەرامبەر دەکات. بینینی ئێمە بۆ ئایندەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە دەبێت گفتوگۆ بکرێت و بگەڕێینەوە بۆ دەستوور و ماددەکانیشی وەکو خۆیان جێبەجێ بکرێن، لێرەدا هاوپەیمانی نیشتمانی بەرپرسیارییەتییەکی گەورەی ئایینی و نیشتمانی لە ئەستۆدایە، چونکە ئەوان سەرۆك وەزیرانیان داناوە کە دەبێت ئەو رەوتە نادروستەی دەسەڵات چاك بکەنەوە، بە شێوەیەك بێت کە شیعەو سوننەو کوردو تورکمان و ئاشوور و ســـەرجەم خەڵکەکە لێی رازی بن، چونکە سەرۆك وەزیران تەنیا بۆ شـــیعە دانەنراوە، بۆ هەموو عێراق دانراوە و هەموو دۆســـێیەکانی ئەم وڵاتە لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاســـەتی دەرەوەو هێزەکانی چەکدار و چەکدارکردنی ئەم وڵاتە لەبەردەســـت ئەودایە، ئەگەر وا رەفتاربکات کە تەنیا سەرۆك وەزیرانی شیعەیەو لەنێو شیعەش تەنیا هی تاقمێکە، ئەوا گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات.

*** بەڵام ئێستا کێشـــەکە تەنیا لەگەڵ لایەنی کوردستانی نییە خۆپیشاندانیشـــی گرتۆتەوە، وەکو گوێشمان لێدەبێت هیچ نییەتێك بۆ چاکسازی و گەڕانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشـــەکان نییە، لەم حاڵەتەدا دەبێـــت پەنا بۆ رێگەچارەی دیکە ببرێت، ئەم پەناو رێگەچارەیە چییە؟**

- پێمانوایە کێشەکە هەموو عێراقی گرتۆتەوە، هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانیشـــی گرتۆتـــەوە، ئەوەش لە ئەنجامی چارەسەرنەکردنی کێشە بچووکەکانە کە وردە وردە گەورەی کردن کە ئەم قەیرانە گەورەیەی لێکەوتۆتەوە، چارەســـەرەکە لە دەســـت کوتلەی زۆرینەی ناو پەرلەمانـــی عێیراقدایە کە شـــیعەکانن. ئێمە داوامان لە هاوپەیمانی نیشـــتمانی کردووە کۆتایـــی بەم قەیرانە بهێنێت، بەڵام ئەوان هێشـــتا وەڵامـــی تەواوی ئێمەیان نەداوەتـــەوە، و وەڵامێك بۆ ئێمە هاتبوو کە گوایە ئەوان هێشتا لەنێو خۆیاندا رێك نەکەوتوون بۆ وەڵام دانەوە، دیارە بەشـــێکیان لەســـەر ئەو رەفتارانەی ســـەرۆك وەزیران رازی نین، بە چارەســـەرەکانی ئەویش بۆ چۆنیەتی چارەســـەرکردن رازی نین، بەڵام نەشـــیانتوانیوە بیکەنە نووســـراوێکی وەڵام بۆ کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکان.

*** کێشەی زۆر هەن لە نێوان هەرێم و بەغدا کە چارەسەرنەکراون، بەڵام هەندێ شـــتی دیکەش کە کێشە نەبوون خەریکە دەبن بە کێشە، وەکو مەســـەلەی زمان، ئەمەیان هەنگاو نییە بۆ پووکانەوەی هەموو مافەکانی کورد لەلایەن بەغداوە؟**

- ئەوەش بەشـــێکە لـــەوەی کە بەپێی مـــەزاج ماددەکانی دەســـتوور جێبەجێ بکرێن، لە دەســـتووری عێراقدا هەردوو زمانـــی عەرەبی و کوردی هەردووکیـــان بەیەکەوە زمانی فەرمی ئـــەم وڵاتەن، ئەوەی کە ئێســـتا دەکرێت بەرامبەر بـــە زمانی کوردی هەنگاوێکە بۆ زیاتر لێك دوورکەوتنەوە، دەکرێت لە وڵاتێکدا کە دوو نەتەوەی ســـەرەکی تێدا دەژین، وای لێبێـــت هیچیـــان زمانـــی هیچیان نەزانـــن، من بە راشـــکاوی دەڵێم ئەگەر ئەو نەوەیەی لە کوردســـتان هەیە کە بە عەرەبی بیردەکەنەوەو بە کوردی دەنووسن، بەعەرەبی بیردەکەنەوەو بە کوردی قسە دەکەن، ئەوانە کۆتاییان پێبێت نەوەی تازە ئـــارەزووی فێربوونی زمانـــی عەرەبیان نییە، پەرچەکردارێکیان لا پەیدابـــووە، کە بۆچی عەرەب هەوڵ نـــادات کوردی فێر بێت، بۆیە ئەگەر وا بڕوات دوای چەند ســـاڵێکی دیکە ئەگەر بەرپرســـانی بەغدا بێنە کوردستان دەبێت وەرگێڕ لەگەڵ خۆیاندا بهێنن، چونکە کەســـێکی وا لە مەســـئولیەتدا نابێت کە ئەوان بتوانن بە زمانی عەرەبی قســـەی لەگەڵدا بکەن، چونکە ئەمـــە زۆر بە توندی لە کوردستان رەنگی داوەتەوە و خەڵکەکە رازی نییە، لەبیرمە لەکاتی هاتنی وەفدەکان جارێکیان جێگری سەرۆك کۆمار و کۆمەڵێك وەزیر و پەرلەمانتاریان لەگەڵدابوو لە کوردستان کۆبوونەوەیەك کـــرا، گلەیی ئەوەیان هەبوو کە لەناو هەولێر نـــاو و تابلۆکان زۆر کەم بـــە عەرەبییە، هەیە بەڵام کەمە، پرسیارێکمان لێکردن، حەزدەکەین پێمان بڵێن بەغدا پایتەختی کوێیە، بە تەئکید وەڵامەکەیان ئەوەبوو کە پایتەختی عێراقە، باشـــە عێراقیش پێکنەهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی، لە دەســـتووریش ئەو هەردوو زمانەکە فەرمیی نین، پێمان بڵێن لە هەموو بەغدا چەند تابلۆی کوردی لێیە، یەکێکیان زۆر بە راشکاوی گوتی لە بەغدا تەنیا یەك تابلۆی لێیە ئەویش ئـــەو تابلۆیەیە کە لە ئەنجومەنی نوێنەران بە کوردی و بە عەرەبی نووســـراوە، لەلایەکی دیکەوە ناو بەناو هەندێ شت فڕێ دەدرێن لەسەر مەســـەلەی کوردستان و رق لێبوونەوە لە کوردســـتان و لە زمانی کوردی و جوگرافیای کوردی، ئەگەر لە کەسێکی سادە بێت ئاساییە، بەڵام سەرۆك وەزیران رقی لە ناو و نەخشـــەی کوردســـتان بێتەوە و بە نەخشەی ئیسرائیل و ئیسرائیلیەکان تەشبیهیان بکات زۆر ئەستەمە، بۆیە ئەم پێکەوە ژیانەو ئەم یەکتر قبوڵکردنە دەبێت لەســـەر بناغەی کۆمەڵێك پرەنسیب بێت، کە رێز لە زمان و کەلتوور و مێژوو شتەکانی یەکدی بگرین، ناکرێت وا وێنا بکات وەك ســـەردەمی رژێمەکانی پێشوو چۆن رەفتاریان لەگەڵ کورد کردووە. بۆیە دەبێت کوردیش کاردانەوەی هەبێت؟

*** بەڕێزتان باس لە چ کاردانەوەیەك دەکەن، ئێســـتا دوای ئەم هەنگاوانە هەڕەشـــە دەکات و لە هەوڵی ئەوەدایە بودجە نـــەدات یان رێژەکەی کەمتر بکاتـــەوە، بە دڵنیایی ئەویش هەر کاردانەوەی دەبێت، بە رای ئێوە ئەم هەموو کاردانەوانە دەگاتە کوێ؟**

- وا هەست دەکەم کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوویێتە کارخانەیەك بۆ دروست کردنی قەیرانەکان، چونکە قەیران لەسەر قەیران دروست دەکات و هیچ قەیرانێك داناخات و دەرگای قەیرانی نوێتر دەکاتەوەو هەموویان بە کراوەیی بە جێدێڵێت، لەبەر ئەوە وا تەسەور دەکەم ئێستا هێز و توانایەکی یەکجار گەورە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەموو قەیرانە گەورانەی ئەو خولقاندونی، بەردەوامیش هەر بەوە هەوڵ دەدات تا لە حوکمدا بمێنێتەوە، ئەمە کارێکی خراپە، بودجەی هەرێمی کوردستان خێرێك نییە کە حکومەتی فیدراڵی بە کوردستانی بدات، خێر و بێری ئەم وڵاتەیە، کاتی خۆی بەو شێوەیە رێککەوتووین لەسەری، کە پێکەوە هەمووان وەك یەك سوودمەندبین لە هەموو داهاتەکانی ئەم وڵاتە، سەبارەت بە کێشەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم، مالیکی هەنگاوی ئەوتۆی نەنا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کەس نەیزانێت ئەو لە هەمووان باشتر دەیزانێت، کورد چەندە هەستەوەرە لە بەرانبەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەشزانێت کورد چەند قوربانییان بۆ مەسەلەی رەوای خۆیان و بۆ کەرکوك داوە، بەڵام ئاشکرایە کەسێك بڵێت «ئەگەر فڵانە کورسی لە کەرکوك لەدەست بدەم من سەرم لە دەست دەدەم» بە دڵنیاییی هەنگاو نانێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و بۆ جێبەجێکردنی مادەیەکی دەستووری، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ بەربەستی تری بۆ دادەنێت، ئەرکی کێیە مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکات، ئەگەر ئەرکی کورد بێت لە سبەینێ زووتر نییە جێبەجێی دەکات، بەڵام ئەوە ئەرکی حکومەتی فیدراڵیە تا یەك بە یەکی بەندەکانی ناو دۆسییەی مادەکە جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بڕوات، تا بچینە سەر مادەیەکی دیکە بە نموونە مەسەلەی پێشمەرگە، بەپێی یاساو بەپێی دەستوور پێشمەرگە دامەزرێنراوەتەوەو دەبێت بودجەکەی لەسەر وەزارەتی بەرگری عێراقی بێت، ئەو خەرجیە گشتیانەی وەزارەتی بەرگری لە بەشە بودجەی ئێمەی کەم دەکاتەوە، بەڵام ئامادە نییە خەرجی پێشمەرگە بدات، دوای ئەوە مەسەلەی نەوت لە دەستووردا هاتووە، کە ئێمەیش وەك هەرێم دەسەڵاتمان لەسەری هەیە دوای ئەوە بەپێی رێکەوتنی ٢٠٠٧ کە ئەویش ئەندام بووە لەو رێکەوتنەدا، کە لە دوکان بە ئامادەیی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و بە ئامادەیی خۆیی و ئەو شاندەی لەگەڵ خۆی هێنابوونی واژۆی خۆی لەسەر بەندەکانی ئەو رێکەوتنە کردووە، کە ئەگەر تا مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٧ توانیمان یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمان دەرباز بکەین بەو شێوەیەی کە لەسەری رێککەوتووین، ئەوە یاساکە دەبێتە یاسای فەرمی نەوت و غازی عێراق و هەرێمی کوردستانیشی پێوە پابەند دەبێت، ئەگەر تا ئەو کاتە یاساکە دانەنرێت هەر کام لە هەردوو لا بەو شێوەیەی گونجاوە دەتوانن مەسەلەی نەوت و غاز بەڕێوەبەرن لە شوێنەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، لە کاتێکدا ئەو بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ رێککەوتنەکەی دوکان و بێ ئەوەی یاسا تازەکە ئاوا بوویێت، دێت بە پێی یاسا کۆنەکانی زەمانی سەدام گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهانیی ئەنجام دەدات و ئێمەش بۆمان نەبێت لە شوێنی خۆمان جووڵە بکەین، هەرچی ئێستا کە دەیکات بەپێی یاسا کۆنەکانە، نە لە دووتوێی ئەو دەستوورەی بڕیاری لەسەر دراوەو خەڵك دەنگی پێ داوەو، نە بە گوێرەی ئەو رێکەوتنەی کە کوردستانیشی تێدایەو لەگەڵی رێککەوتووە.

*** مەسەلەیەکی دیکەی گەرم کە وەك پارتی زۆر بایەخی پێ دەدرێت، مەسەلەی سووریایە بە تایبەتی کە سنووری کەوتۆتە سەر ئەو ناوچانەی نزیك بە هەرێمی کوردستان، ئێستا کارەساتی مرۆیی لێ کەوتۆتەوە لە کوشتن و بڕین و ئاوارەبوون، پێشبینی ئەوەش دەکرێت لە چەند مانگی داهاتوودا ئەسەد بڕووخێت، بارودۆخی سووریا تا چەند کاریگەریێتی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەبووە، بە تایبەتی کە دەیان هەزار ئاوارەی ئەو وڵاتە رووی تێکردوین، ئەگەر ئەسەدیش بڕووخێت تا چەند هاوکێشەکانی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەدا دێت؟**

ـ بە بوونی ئەسەدو بەبێ بوونی ئەسەدیش ئەوەی بەلای پارتی دیموکراتی کوردستان و بەلای سەرۆك بارزانی گرنگ بێت ئەوەیە چی بۆ کورد دەکرێت لەو پارچەیەی دیکەی کوردستانی خۆشەویستمان، چۆن بە مافەکانیان دەگەن و لەلایەنی عەرەبییەوە چۆن دەڕواننە مافە رەواکانی کورد لەو پارچەیەی دیکەی کوردستان، ئەمانە لەلای ئێمە لەپێشەوەی هەموو شتەکانی ترەوەیە، ئەم ئاوارانەی دوچاری کێشەو ئازار بوونەتەوەو دێنە ئەمدیو بە هەر هۆکارێك بوو بێت دەرهاویشتەی ئەو بابەتانەی ئەوێن، بەڵام هۆکاری سەرەکی کێشەو ئازاری ئەوان لەم رووداوانەی ئێستا قووڵترن، بۆیە لە روانینی ئێمەوە جارێکی تر سووریا نابێتەوە بەو سووریایەی کە نکۆڵی لە مافەکانی گەلی کورد بکات، دەشبێت بە بابەتیانەو سەردەمیانەوە چاوخشانەوەیەکی زۆر جددی بەو مافانەی گەلی کوردا لەوێ بکرێت، بزانن کە سووریاش پێکهاتەیەکی مۆزائیکی هەیە لە رووی نەتەوایەتییەوە کە دەبێ دانی پێدابنرێت، تەسەور دەکەین ئەوانەشی ئێستا ئۆپۆزسیۆنن قەناعەتیان لەم رووەوە بۆ دروست نەبووە، ئەگەرچی لە ئەسەد نەرمترن، بەڵام هێشتا لەو راستییە نەگەیشتوون کە گەلێکی جیاواز لە رووی نەتەوایەتییەوە لە سووریا هەیەو مافەکانی پێشێل کراوە، بۆیە پێویستە ئیعتراف بە هەموو مافە رەواکانی گەلی کورد لە سووریا بکەن، ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی بەرچاوڕوونی نەبێت بۆ داهاتووی ئەو وڵاتەو دیدێکی ئاڵۆز بۆ مەسەلەکان دروست بێت، سەبارەت بە کاریگەری بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بە تەئکید کاریگەری بۆ سەر هەرێمی

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بووەتە کارخانەیەک بۆ دروستکردنی قەیرانەکان، چونکە قەیران لەسەر قەیران دروست دەکات و هیچ قەیرانێک داناخات و دەرگای قەیرانی نوێتر دەکاتەوەو هەموویان بە کراوەیی بەجێدێڵێت**

**هاوپەیمانی نیشتمانی بەرپرسیارێتییەکی گەورەی ئایینی و نیشتمانی لە ئەستۆدایە، ئەوانن سەرۆک وەزیرانیان داناوە کە دەبێت ئەو رەوتە نادروستەی دەسەڵات چاک بکەنەوە**

**ئەوانەی ئێستا لە سووریا ئۆپۆزسیۆنن ئەگەرچی لە ئەسەد نەرمترن، بەڵام هێشتا لەو راستییە نەگەیشتوون کە گەلێکی جیاواز لە رووی نەتەوایەتییەوە لە سووریا هەیەو مافەکانی پێشێل کراوە، بۆیە پێویستە ئیعتراف بە هەموو مافە رەواکانی گەلی کورد لە سووریا بکەن**

**هەردوو بەڕێزان سەرۆکی بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی رۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبووە بۆ دروستبوونی ئەم کەشوهەوایەی ئێستا بۆ دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوان تورکیاو کوردی ئەو وڵاتە دروست بووە**

کوردستان هەیەو کۆمەڵێ کێشەی تری کە هەرێم لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆی پەیدا بووە بەهۆی ئەوەوەیە ئەوان بە شێوازێکی تر دەڕواننە ئەو کێشانەی لە سووریادان و ئێمەش بە شێوازێکی جیاوازتر لەوان، ئەم دوو روانین و رێکنەکەوتنەمان کۆمەڵێك کێشەی لێ پەیدا بووە..

*** هاوکات مەسەلەی کوردی تورکیا ئێستا خەریکە دەروازەیەك بۆ دانیشتن و دیالۆگ دەکرێتەوە، بە فەرمی تورکیا لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان خەریکە دیالۆگ دەکات، پێمان خۆشە رای پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو دیالۆگەی نێوانیان بزانین؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان و بە تایبەتیش هەردوو بەڕێزان سەرۆکی بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانیش رۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبووە بۆ دروست بوونی ئەم کەشوهەوایەی ئێستا دروست بووە، هەردوو لایان هانداوەو زۆر بە راشکاوی قسە لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا کراوە کە رێگەی راست دیالۆگ و ئاشتەواییە، دیالۆگ و چارەسەرکردنی کێشەکانە، دیالۆگ لەگەڵ ئەو خەڵکانەی لەو بابەتەدا سەرپشکن، ئەم بابەتەش وا بە ئاسانی دروست نەبووە، زۆرجار لەسەر ئەم مەسەلانە هەڵوێستەیەك لە بەرانبەر ئێمەو تورکیا دروست بووە، زۆر جاریش سەرۆك بارزانی لە راگەیاندنەکانەوە ئەمەی راگەیاندووە، کە رێگەی راست گفتوگۆکردن و گرتنەبەری رێگەچارەی ئاشتییانەیە، هەموو خەڵك ئەو کاتانەیان لە یادماوە کە چۆن لەسەر ئەوەی دژی چارەسەر و رێگە چارەی سەربازی بووین گوشار دەخرایە سەرمان، ئەوە ئەو کاتانە بوو کە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان وتیان تەنیا رێگەچارە رێگەی ئاشتییە، ئەمەیان نەك تەنیا بە تورکیا، بەڵکو راستەوخۆ بە لایەنە چەکدار و لایەنە سیاسییە کوردەکانی تورکیاش راگەیەنراوە، کە بە هەردوولا ئەم بابەتە پێوەندارەی کێشەکان چارەسەر بکەن، جیا لەوە تایبەت بە مەسەلەی گفتوگۆکردن لەگەڵ بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەو بڕوایەداین کارێکی دروستە، مادام ئەم کەسایەتییە کاریگەری لەسەر رەوتی گفتوگۆکان دەبێت و کاریگەریشی دەبێت بۆ پێشڤەچوونی، دەسەڵاتدارانی تورکیا رێگەیەکی دروستیان گرتۆتە بەر و ئێمەش بە کارێکی باشمان زانیوە، بیریشتان بێت لە کۆنگرەی پارتی دادو گەشەپێدان سەرۆك بارزانی لە وتارەکەیدا لەوێ دەستخۆشی لەو ئازایەتیەی ئەردۆگان کرد کە هەم کرانەوەیە و ئەوەشی پێ راگەیاند کە ئەمە بە تەنیا بەس نییەو هەنگاونانی پراکتیکی دەوێت و هەنگاونان بە ئاڕاستەیەك بکرێت چارەسەرییەکان ئەنجام بدرێن.

*** تا چەند سەرۆك بارزانی و کاك نێچیرڤان بارزانی بە تورکیایان وتووە، تورکیا قازانج دەکات ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بکات؟**

- هەموو ئەو بابەتانەیان لەگەڵ باس کردون بەوەی کە کوردستانی تورکیا بەوە ئارام دەبێتەوە کە ئەو دۆزە هەیە و وەك خۆی وەربگیرێت، نەك ئەوەی لە لایەك باسی بکەن کورد هەیەو کوردستان نییە، یان لە لایەکی ترەوە بڵێین ئەو خەڵکانەی کە تا ئێستا چەکیان بە دەستەوەیە ئێمە ئامادە نیین گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین یان بە تیرۆریست ناویان بهێنن، بەمە ئارامی تورکیا ناچێتە پێش و بەردەوامیدانە بە کوشتار و بەو خوێنڕشتنەی کە لە نێوان هەردوولا دایە، بە لایەکەی تردا تورکیا و کوردستانی تورکیا رێگەی ئاشتی و زمانی دیالۆگ و پێکەوەژیان دروست بکەن هەردوو لا قازانج دەکەن، بەو مەرجەی تورکیاش واز لەوە بێنێت هەرچی لە تورکیا بژی یان هەرچی بە تورکی قسە بکات تورکە، چونکە ئەو خەڵکە ناچار کراوە بە تورکی قسە بکات ئیتر بەو شێوەیە رێگەچارەیەك نەبووە ئەو هەموو کوشتار و شەڕەو جینۆسایدو راگواستنی گوندەکان لە کۆتاییشدا ئەو قەتڵوعامە ناخۆشەی لە رۆبۆریسکی روویداو هیچی چارە نەکردو هیچیشی نابێتە هۆی کەمبوونەوەی خوێنڕشتن، ئەوەی دەبێتە هۆی ئەوەی ئارامی بۆ تورکیا بگەڕێتەوە، ئەوەیە شەڕ کۆتایی بێت و خوێنی زیاتر نەڕژێنرێت و دواجار ئابووری ئەو وڵاتە زیاتر ببووژێتەوەو خەڵکی تورکیا بە تورك و کوردەوە باشتر و خۆشتر و خۆشگوزەران بژین، یەکتر قبوڵ بکەن. تورك چۆن خۆی بەرژەوەندی خۆی قبوڵە ئاوهاش بەرژەوەندی کورد قبوڵ بکات و باوەڕیشی وابێت کە ئەوە بەشێکی کوردستانە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تورکیاوە.

*** رووداوێك لەمدواییەدا لە پاریس روویدا تیایدا سێ خانمی کوردی سەر بە پەکەکە تیرۆر کران، هەڵبەت کاریگەری خۆی لەسەر دروستبوونی ئەو کەش و هەوا ئارامەی ئەم دواییانە کرد، ئێوە ئەم کاری تیرۆرکارییە لەم کاتەدا چۆن لێکدەدەنەوە؟**

- کارێکی ترسنۆکانەو خراپ بوو، سێ چالاکوانی ئافرەت کە یەکێکیان چەندین ساڵی تەمەنی لە زیندانەکان بەسەر بردووەو یەکێکە لە دامەزرێنەرانی پارتی کرێکارانی کوردستان و ئەوانی تریش هاوشێوەی ئەم خاوەنی خەبات و تێکۆشانێکی زۆر بوون بە تایبەتیش لە مەسەلەی مافی مرۆڤدا، دەستبردن بۆ کاری تیرۆر لەم کاتەدا کارێکی ترسنۆکانەیەو هەوڵێکە بۆ لەباربردنی ئەو کەشوهەوایەی کە ئێستا لە تورکیادا هەیە بۆ ئاشتبوونەوەو لێکنزیك بوونەوەو چارەسەری کێشەکان، لەو بڕوایەدام ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە دژ بە تورکن وەك نەتەوەو دژ بە کوردیشن وەك نەتەوە، دژی بەرژەوەندییەکانی تورکیان وەك دەوڵەت و وەك نەتەوەش هەروەها دژ بە بەرژەوەندییەکانی کوردیشن وەك نەتەوە، ئەمە باشە بۆ هەمووان روون بێتەوە کێ کردویەتی و کێی لە پشتە.



### لە نێوان جیاوازییەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتدا

# لێکتێگەیشتن.. یەکڕیزی لەسەر پرسە نیشتمانیەکان دروست دەکات

دوای کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرسێ سەرکردەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن (بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی)، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆبۆوە و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرابوو کە شاندێکی هاوبەشی پارتی و یەکێتی بە سەرۆکایەتی بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و د.بەرهەم سالح سەردانی هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن بکەن و لە هەفتەی رابردووش ئەم سەردانانە ئەنجامدران، ئەم کۆبوونەوانە لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتادان و بەپێی لێدوانی لایەنەکان بەردەوامی دەبێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا هەوڵێکە بۆ کرانەوەی سیاسیی لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش لەنێوان جیاوازەکان و دروستکردنی هەڵوێستی هاوبەش لەسەر پرسە نیشتمانیەکان بە تایبەتی کە ئێستا هەرێمی کوردستان جیا لەوەی لەگەڵ بەغدا کۆمەڵێك کێشەی هەڵپەسێردراوی هەیە، لەهەمانکاتدا رۆژانەش لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە قەیرانی تازە دروست دەکرێت، لەسەر ئاستی هەرێمی و ناوچەکەش شەپۆلی گۆڕانکارییەکی گەورە بەڕێوەیە کە پێدەچێت لەگەڵ رووخانی رژێمی ئەسەد لە سوریا گۆڕانکاری گەورە دەربکەوێت، بۆیە ئەگەر لەبارودۆخێکی ئاسایدا جیاوازییەکانی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات بەرێگەی سندوقی دەنگدان و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات چارەسەر بکرێت، ئەوا لە بارودۆخێکی وەك ئێستا کە تەحدییەکان نیشتمانین و تەواوی وڵات دەگرێتەوە، ئەوا گرنگ و پێویستە کە وێڕای جیاوازییەکان خاڵی هاوبەش و کۆدەنگی و یەکڕیزی نیشتمانی بێتە ئاراوە.

**دەسکەوتەکان هی هەموانە و**
**دەبێت هەمووشمان بیپارێزین**

ئەگەر ئەو ئازادی و ئارامی و سەقامگیرییەی هەرێمی کوردستان نەبوایە، ئێستا نە پرۆسەی دیموکراتی بوونی دەبوو نە شتێکیش دەبوو پێی بگوترێت لایەنەکانی فەرمانڕەواو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە ئەوەی ئێستا هەیە بەرهەمی هەموو لایەکە و کاتێکیش تەحدی رووبەڕووی بێتەوە دەبێت هەموومان بیپارێزین، سەبارەت بەم لایەنە بەڕێز سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ئەنجامدانی گفتوگۆ و کۆبوونەوەکانی ئەم دواییە مەسەلەیەکی گرنگە، ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە ئەمڕۆ بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەبارودۆخێکی باشدایەو ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون موڵکی هەموو لایەکەو پارێزگاریکردنیشی ئەرکی هەموانە، ئێستا ناوچەکە و عێراق بەبارودۆخێکی ئاڵۆزدا تێپەڕ دەبێت، لەم روانگەیەوە ئێمە وەکو لایەنی کوردی چەند لەهەوڵی ئەوەدا بین زیاتر ماڵی کوردی رێکبخەین و تەبا بین هێشتا کەمە، هەربۆیە لەسەرجەم کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی هەردوولا لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم و جەنابی مام جەلال هەوڵی

### سەعدی ئەحمەد پیرە بۆ گوڵان:




**هەرێمی کوردستان لەبارودۆخێکی باش دایەو ئەو دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون موڵکی هەموو لایەکەو پارێزگاریکردنیشی ئەرکی هەمووانە**

### محەمەد تۆفیق رەحیم بۆ گوڵان:




**بۆ یەکریزی کورد لەبەغدا ئێمە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێشخەریمان کردووە و لەکاتی دروستبوونی عەمەلیاتی دیجلەشدا هەڵویستی گۆڕان دیار بوو**

### فەرهاد مەلا ساڵح بۆ گوڵان:



**وەکو یەکگرتووی ئیسلامی سوورین لەسەر گەیشتن بە کۆدەنگییەکی نیشتمانی لە چوارچێوەی دارشتنی ستراتیجییەتێکی هاوبەش بۆ کێشە کوردستانییەکان**

### ئەحمەد سلێمان بۆ گوڵان:



**چاکسازی هەنگاوی پراکتیکی پێویستە و دەبێت هەموومان بەو ئاڕاستەیە برۆین کە چارەسەر بۆ گرفت و کێشەکان بدۆزینەوە**

ئەوەمـــان داوە ماڵی کوردی بەرەو تەبایی و یەکخســـتن ببەین، تەنانەت لەکاتی بوونی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییەی کە لە کەرکوك و ناوچە کوردســـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەهۆی دروستبوونی ئۆپەراسیۆنی دیجلەوە روویاندا و زۆرجار گوێبستی ئەوە دەبووین لەهەندێك بەرپرسانی عێراقەوە گوایە هەندێك لایەنی کوردی لەم پرســـانەدا نارازین، واقیعەکە وا نەبوو بگرە سەردانی بەرپرس و ســـەرکردەی هێزەکانی ئۆپۆزســـیۆن بـــۆ پارێزگای کەرکوك و بەســـەرکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە هەڵوێستێکی وا بوو کە لەلای ئێمە بەباشی هەڵسەنگێنرا، بەمەش هەڵوێستی هێزەکانی ئۆپۆزســـیۆن بەرامبەر بارگرژییەکانی ئەم دواییە کە لەئاکامـــی هاتنـــی هێزەکانی دیجلە کەوتەوە رێخۆشـــکەر بوو بۆ نزیکبوونەوەو گفتوگۆکردنی زیاتـــر. دواتر لەگفتوگۆکانی ئەم دواییەش دا کەلەلایەن ســـەرۆکی هەرێمـــەوە بەڕێوەدەچوو ســـەبارەت بە بارودۆخی عێراق کە تێیدا هەندێك لە لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن بەشدار و ئامادەی ئەو گفتوگۆیانە بوون، بگرە بۆ ئەم مەســـەلەیە پرۆژەیەکیشـــیان هەبوو، دواتریش کە ئامادەییان نیشـــاندا بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لەلایەن ســـەرۆکی هەرێمەوە هەر خێرا پێشـــوازییان لێکرا و دانیشتنێکی لەگەڵ ئەنجامدان، لەو دانیشتنەدا لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن چەند پێشنیار و سەرنج و تێبینیان لەمەڕ کێشەکانی دەرەوە و ناوەوەی هەرێم هەبوو، جەنابی سەرۆکی هەرێمیش پێی وتبوون ئەم مەسەلانە مەسەلەی باشن و لەلای ئێمە هێڵی سوور نییەو ئەم مەسەلانە پێویستی بەگفتوگۆ و وتووێـــژی زیاتر هەیە، ئەوەبوو دواتر لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاســـی پارتـــی و یەکێتی کۆبووەوە و بڕیـــاردرا کە لیژنەیەك راسپێردرێت بەجیا لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن قسەیان لەگەڵ بکەن، بۆ ئەم مەبەســـتە هەریـــەك لەبەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و بەرهەم ســـاڵح راسپێردران بۆ ســـەردانی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و قسەکردن لەگەڵیاندا، ئەوەبوو لەکۆتایی هەفتەی رابردوو کۆبوونـــەوەکان تەواو بوو، ئەوەی مـــن لێی ئاگادار بم کۆبوونـــەوە جیاجیاکانی ئەم دواییەی هـــەردوو بەڕێزان لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزســـیۆن زۆر بەباشی بەڕێوەچووە، ئەو سەرنج و تێبینیانەی کە گەلاڵە دەکرێت هەڵدەســـەنگێنرێن و ئەو کاتەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەفەرەکەی دەگەڕێتەوە کۆبوونەوەیەکی تر ئەنجام دەدەین و ئاگادار دەکرێنەوە. بەشێوەیەکی گشتی من گەشـــبینم بەو گفتوگۆیانەی کراوە و لەچاوەڕوانی دەرئەنجامەکەیداین. مەسەلەی گفتوگۆکانی ئەم دواییەی نێوان پارتی و یەکێتی و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن مەسەلەیەکی گرنگەو پەیوەنـــدی بەهەموو میللەتی کوردەوە هەیـــەو ئومێدەوارم بەرەو پێشـــەوە بڕوات.. بۆ ئەم قۆناخـــە یەك دەنگی بۆ کورد لەبەغدا یەکجـــار گرنگە و ڕێگـــە بە ناحەزانمان نادات ســـوود لەهیچ درزێك وەربگرن کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا هەبێت، تەنانەت هیچ کەس و لایەنێـــك جورئەتی ئەوە ناکەن داخوازییە رەواکانی گەلی کورد بەهەند وەرنەگرن یا ئەو گرفتانەی کە لەگەڵ کورد هەیەتی نادیدەی بکات، یەکڕیـــزی لەنێو ماڵی کورد بەیەکێك لەهەرە دەستکەوتە گەورەکانی میللەتی کورد دادەنرێت، لەمەودوا پێویســـتە لەگفتوگۆکانمان بێینە سەر مەسەلە واقیعییەکان گەر بمانەوێـــت لێك بەهەنجـــەت نەبین و بیانـــوو بەیەکتر نەگرین.

لەهەرێمی کوردستان کاری یەکجار باش کراوەو لەبەرچاوە و لێرەو لەوێ کەموکوڕیش هەیە، بەڵام بەحوکمی ئەو گۆڕانکارییانەی لەناوچەکە هەیەو ئاڵۆزی زۆر توند هاتۆتە سەر سنوورەکانمان و بارودۆخەکەش لەنێوخۆی عێراق ئاڵۆزە هەربۆیە هەندێك مەسەلە پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە و ڕێکخستنەوەی ئەولەویاتەکان پێویستە، ئەمانەش هەمووی پێویستە پێکەوە بیکەین)).


بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیم ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئەوەی یەکڕیزی کورد لەم قۆناخە بە گرنگ دەزانێت و بزووتنەوەکەی بەدەستپێشخەر دادەنێت بەوەی هەوڵیداوە کە یەکڕیزی دروست بکات، لە هەمانکاتدا پێیوایە کە پێویستە هەنگاوی جددی بۆ چاکسازی هەڵبگیرێت و قسەی نێو کۆبوونەوەکان جێبەجێ بکرێن، سەبارەت بە کۆبوونەوەکانی ئەم دواییەی نێوان لایەنە سیاسیەکان محەمەد تۆفیق ڕەحیم بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(من هیچ جیاوازییەك نابینم لەگەڵ ئەو کۆبوونەوانەی کە پێشتر کراوەو هیچ جددیەتێك نابینم و دەبێت چاوەڕێ بین و بزانین لەسەر چ زەمینەیەك و چ بڕیارێك دەدرێت، بۆیە من پێموایە چ دەگوترێ گرنگ نییە بەڵکو چ دەکرێ گرنگە، هەربۆیە ئەگەر نییەتی چاکسازی هەبێت ئەوە دەبێت دەست پێ بکات، بێگومان بارودۆخی ناوچەکەو هەرێم و عێراق بەتایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد(هەرچەندە نازانین چۆنە)، بەڵام شتی زۆر نادیار و گرنگ ڕوودەدات کە ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەرەنگاری ئەم ڕووداوانە ببێتەوە و دەتوانێ بەرامبەریان بوەستێ یا نا، بەڵام پێویستی بەوەیە کە هەرێم چاکسازی بکات و بتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێت، سەبارەت بە یەکڕیزی کوردیش لەبەغدا ئێمە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێشخەریمان کردووە، ئەگینا حزبەکانی دیکەی دەسەڵات هیچ دەستپێشخەرییەکیان نەکردووە و هەموومان دەزانین کە حزبەکانی دەسەڵات بەهەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە کە گۆڕان دوورخەنەوە لە پرۆسەی سیاسی عێراق، بەڵام ئەوە گۆڕانە هەوڵی یەکڕیزی دەدات و بۆ نموونە لەکاتی دروستبوونی عەمەلیاتی دیجلەدا هەڵوێستی گۆڕان دیار بوو)).

## ئەگەر ئامانج چاکسازی بێت دەبێت لێکتێگەیشتن هەبێت

هەموو لایەك بە ئۆپۆپۆزسیۆن و دەسەڵاتەوە نیەتی چاکسازیان هەیە و هەوڵەکان بەردەوامن بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە چاکسازی ئەنجامبدەن، ئەم کۆبوونەوانەش جیا لەوەی هەوڵێکە بۆ نزیك کردنەوەی بۆچوونەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکان، لە هەمانکاتدا هەوڵێکن بۆ یەکڕیزی نیشتمانیش، سەبارەت بەم لایەنە و سەبارەت بە کۆبوونەوەی هەرسێ سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و کۆبوونەوەی بەجیای بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و د.بەرهەم سالح لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن، فەرهاد مەلا سالح ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە تێڕوانینی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین کە هاتنەکەیان پەیامی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیان گەیاندە بەڕێز ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەم کۆبوونەوەیەدا کۆبوونەوەی هەرسێ سەرکردەکەی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر بە ئیجابی نرخاندویانەو پێیانوابووە لە هەڵسەنگاندندا ئەمە دەرفەتێکی جددی و گەورەیە هاتۆتە پێشێ و دەبێ وەکو پێویست سوودی لێ وەربگیرێت بۆ گەیشتن بە کۆدەنگییەکی نیشتمانی، دیارە ئێمەش وەکو یەکگرتووی ئیسلامی، هەروەها بەڕێز ئەمینداری گشتی بە ئاشکرا ئەوەی ڕاگەیاند کە سوورین لەسەر گەیشتن بە کۆدەنگییەکی نیشتمانی لە چوارچێوەی داڕشتنی ستراتیجییەتێکی هاوبەش بۆ کێشە کوردستانییەکان لە بەرامبەر بەغداو وڵاتە هەرێمایەتییەکان و دەرەوەدا، دووەم بۆ ناوخۆش لەمەسەلەی چاکسازیی لە دەستوورو ئەو کێشانەی لە نێوخۆدان بە تایبەتیش یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و دەستەی وتووێژەکان و ئەو گرفت و بابەتانەی کە ڕەهەندی نیشتمانییان هەیە، پێمانوایە کە دەبێ کۆدەنگی و تەوافوق بێنە ئاراوە، لەم ڕووەوە چەندین میکانیزم خرانەڕوو پێویستیان بە گفتوگۆی زیاترە، ئەوان بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کە بۆ گفتوگۆ هیچ هێڵی سووریان نییە، ئێمەش وەکو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئامادەین گفتوگۆ لەسەر بابەتەکان بکەین، بەڵام پێویستە وردتر بچینە ناو وردەکارییەکان و ئەو میکانیزمانە چین کە ئێمە دەستنیشانیان دەکەین، ئێمە لەلای خۆمانەوە پێشنیاری ئەوەمان کرد کە لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکان بەردەوام ببن، تا دەگەنە شێوازێك و دواتر لەلایەن سەرکردە بەڕێزەکانەوە چارەسەری بکەن و یەکلایی بکەنەوە)).

هەر سەبارەت بەم کۆبوونەوانە و ئەو کرانەوەیەی کە دروست بووە بۆ ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و پارتی و یەکێتی پێکەوە کۆبوونەوە بکەن و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان بدۆزنەوە، سەبارەت بەم هەنگاوانە ئەحمەد سلێمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی خستەڕوو: (ئەم کۆبوونەوانە ئەگەر کرانەوە بێت، ئەوە کرانەوەی ئۆپۆزسیۆنە بەرامبەر بە دەسەڵات، ئەوە ئۆپۆزسیۆنە پێشنیار بۆ دەسەڵات دەکات و داوای چارەسەری گرفتەکانی کوردستان دەکات بۆیە ئومێد دەکەین کە پێشنیارەکان جێبەجێ بکرێن، لەبەر ئەوەی چاکسازی هەنگاوی پراکتیکی پێویستە و نابێت مەرج و داواکاری قوڕس و زەحمەت لەسەر یەکتری دابنرێت، دەبێت هەموومان بەو ئاڕاستەیە بڕۆین کە چارەسەر بۆ گرفت و کێشەکان بدۆزینەوە، بەڵام تائێستا تەنیا کۆبوونەوە کراوە بۆیە ناتوانم ڕای خۆم لەسەر هەنگاوەکان بۆ چاکسازی بڵێم، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا من پێموایە کۆبوونەوە باشترە لە دووربوون لە یەکتر و باشتروایە لە نزیکەوە لەسەر مێزی گفتوگۆ باس لە گرفتەکان و چارەسەرکردنیان بکرێت، چونکە ئێمە بەدیلی ئەوەمان نییە، لەبەر ئەوەی بەهەر قۆناغێك بگەین و تێپەڕین ئەوە دواجار دەبێت هەر بێینە سەر مێزی گفتوگۆ بۆ ئەوەی کێشەکانمان چارەسەر بکەین، بەڵام دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆبوونەوە گرفتەکانمان چارەسەر دەکات، بەڵکو دەبێت نییەت و ئامادەکاری هەبێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان، ئێستاش هەموومان بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە لەسەر ئەوە کۆکین کە گرفت و گەندەڵی هەیە و پێویستمان بە چاکسازی هەیە)).





# حکومەتی عێراق لە تاکڕەوییەوە بەرەو دیکتاتۆریەتی عەسکەری





**ئیحسان عەوادی:**

# هەندێک لە کەسایەتییەکان بەئاشکراو لە چەندین بۆنەدا رایانگەیاند کە خەریکە بارەکە دەگاتە پێکدادانی چەکداری لەگەڵ حکومەت

بۆچـــی ئەقڵیەتـــی نادیموکراتی و خۆســـەپێن دەیەوێت سوپایەکی بەهێز دابمەزرێنێت و بە نوێترین چەك پڕچەکی بکات؟ لە کاتێکـــدا وڵات بە قۆناخی راگواســـتن بەرەو دیموکراتـــی هەنگاو هەڵبگرێت، ئایا بوونی ســـوپایەکی بەهێز بـــۆ چ بەکاردەهێنرێت؟ ئەگەر بەپێی دەســـتووری وڵات ئەرکی ســـوپا پاراســـتنی وڵات بێت لەدەستدرێژی دەرەکی، ئایا بوونی ســـوپا لەناو خۆپیشـــاندەراندا و لەناو شـــارەکاندا چ مانایەکی هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە گرنگە بگەڕێینەوە بۆ تیۆری سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتی عەســـکەری، لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشـــانی (تیۆری سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتی عەسکەری - A Theory of Military Dictatorships) کە ئەم توێژەرانە (دارۆن ئەســـیمئۆغلۆ لە زانکۆی MIT، دیڤید تیکچی لـــە زانکـــۆی Urbino، ئەندیرا ڤیجینـــی لەزانکۆی Princeton) نوســـیویانە و بەمجۆرە باس لە تیۆری دیکتاتۆریەتی عەســـکەری لە رژێمـــە نادیموکراتەکانی قۆناخی راگواستن دەکەن و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە ئەو جۆرە ئەقڵیەتە دەیوروژێنێت: (ئەم توێژینەوەی ئێمە – تیوری دیکتاتۆریەتی عەسکەری- بەدواداچوونە لەسەر ئەوەی چۆن رژێمە دیموکراتەکان ســـوپا بەکاردەهێنن، ئەم بەکارهێنانەش دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتی عەســـکەری، لە رژێمە نادیموکراتەکاندا دەستەبژێرێك یان تاقمێك هەوڵدەدەن ســـوپایەکی بەهێـــز دابمەزرێنن هەموو سازشێك لەگەڵ سوپا دەکەن، بۆ ئەوەی سوپا بە وەکالەتی دیکتاتۆرەکـــە رەفتار بکات، هەر بۆیە کاتێك پرۆســـەی وەرچەرخـــان بەرەو دیموکراتی دەســـت پێـــدەکات، بوونی ســـوپای بەهێز دەبێتـــە گەورەترین ئاســـتەنگ لەبەردەم بونیادی دیموکراتیدا، ئەو رژێمە نادیموکراتانە تا ئاستێکی بەرز پشـــت بە جۆرێك لە گوشار خستنە سەر ئەو لایەنانە دەبەســـتن کە ململانێی سیاســـیان لەگـــەڵ دەکەن، ئەم سەرکوتکردنەش زۆر جار بەو ســـوپایە ئەنجام دەدرێت کە ئەو تاقمـــە دایانمەزراندووە، ئەگـــەر لاپەرەکانی مێژووی رژێمە نادیموکراتەکان هەڵبدەینەوە، ئەوا دەبینین بە درێژایی مێژوو، ســـوپا رۆڵێکی گەورەی لەو جـــۆرە رژیم□انەدا گێڕاوە، بۆیە مێژوو پێمان دەڵێت ســـوپا دۆســـتی نزیك و پەسەندی رژێمە نادیموکراتەکانە، هەر بۆیە کاتێك دەستەو تاقمێکی نادیموکراتی دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەو دەستەو تاقمە ناتوانن زەمینە بۆ سەرخســـتنی قۆناخی گواستنەوە بۆ دیموکراتی فەراهەم بکەن، ئەوا باشـــترین رێگە دەبێتە ئەوەی ئەو دەســـتەو تاقمە ســـوپا بکەنە داردەستی خۆیان یان یەکەی تایبەتی لەناو ســـوپا سەربەخۆیان دابمەزرێنن بـــۆ ئـــەوەی ئامانجەکانی خۆیانی پـــێ جێبەجێ بکەن، کە ئەویش بەکارهێنانی هێزە بۆ ســـەرکوتکردنی ئەوانەی دژی ئەو دەســـتەو تاقمەن، لەمەش زیاتر ســـوپای بەهێز تەنها مەترسی نییە بۆ ئاستەنگ دروستکردن لە قۆناخی








**بەیزا کازم شەمەری:**

## ئەو دروشمانەی کە خۆپیشاندەران بەرزیان کردۆتەوە نەک هەر دروشمی مەزهەبی نین، بەڵکو داواکارییە بۆ چاکسازی ئەمەش داواکاری سەرجەم گەلانی عێراقە

بەڵکو مەترسی لەســەر ئەخلاقی سیاسیی (political moral hazard problm) دروست دەکات).

ئــەم توێژینەوەیە کە لە مانگی حوزەیرانی ســاڵی ٢٠٠٨ بڵاوکراوەتەوە، ئەگەر بە ووردی ســەرنجی لێبدەین هەست دەکەین دوێنی و پێرێ لەســەر تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و هەنگاوەکانی چەند مانگــی رابردووی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران عێراق نووسراوە، هۆکاری ئەم لێکچوونەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چۆن ئەقڵیەتــە دیموکراتخوازەکان بیرکردنەوەیــان تارادەیەکی زۆر هاوشــێوەیە و پابەندوونە بە کۆمەڵێك پێوەر و پرانســیپەوە کــە بنەمای دیموکراتی پێکدەهێنــن، بەهەمان شــێوە ئەقڵیەتــە نادیموکراتەکانی هاوشــێوەی یەکتر بیردەکەنەوە بیرکردنەوەکەشــیان لەسەر ئەو بنەماو پێوەرانەیە چۆن دەســەڵاتی خۆیان بپارێزن، ئەم بیرکردنەوەیە ناچاریان دەکات لە پێناوی ئەو ئامانجەی کە هەیانە پەنا بۆ ســوپا بەرن و پەنابردنیش بۆ ســوپا ئەوجا سوپا کودەتا بەسەر رژێمەکە بکات یان رژێمە ناچار بێت بە ئەقڵیەتــی ژەنەراڵەکان حکومڕانی بکات، دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتی عەسکەری.

بێگومان ئەگەر لەماوەی ســاڵی ٢٠١٢ و سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ بکەین، هەســت دەکەین هەموو هەوڵی حکومەتی عێراق بۆ ئەوە کە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و سوپا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی شەخسی سەرۆك وەزیرانەوە، شرۆڤەی سادە بۆ ئەم هەنگاوەی ســەرۆك وەزیرانی عێراق راشکاوانە ئەو مانایەی لەماوەی ساڵی رابردوو تا ئێستا داوە بەدەستەوە کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق کۆمەڵێك ئامانجی هەیە بە سوپا و هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە ئەم هێزانەی لە هێزی نیشتمانییەوە بۆ پارێزگاری کردن لەوڵات و پرۆســە سیاسیەکە گۆڕیووە بۆ هێزێك کە هەڕەشــە بێت لەســەر گیانی هاوڵاتیان تەواوی پرۆســە سیاســیەکە، رووداوەکانی هەینی رابــردووش کە هێزەکانی ســوپا تەقەیان لە خۆپیشــاندەرانی فەلوجە کرد، هەروەها هێزەکانی ســوپا لە دیالە و جەلەولا و ســەعدیە و حەویجە کە رێگەیان بە خۆپیشاندەران گرتووە و چادری پەناگیری خۆپیشاندەرانیان هەڵگرتووە و سووتاندووە ئەوە دەسەلمێنێت، کە ســوپای عێراق هێزێکە بۆ تۆقاندن و ســەرکوتکردنی هاوڵاتیان نەك پاراستنی کەرامەتی هاوڵاتیان.

### وەرچەرخانێکی ترسناك لە بارودۆخی عێراقدا

ئەندامانی لیســتی دەوڵەتی یاســا کە نــوری مالیکی ســەرۆکایەتی دەکات، بــە پاســاو هێنانەوەو بــە تانەو تەشــەردان لە خۆپیشــاندەران شــەرعیەت بۆ تەقەکردنی ســوپا لــە خۆپیشــاندەران دەدۆزنەوە، هــەر بۆیە کاتێك لەبارەی ئەو کارەســاتەی هەینی رابــردوو کە لە فەلوجە ســەر بە پارێزگای ئەنبار روویداوە پرســیاریان لێدەکەین، باس لەوە دەکەن خۆپیشــاندەران بە چــەك هەڵیانکوتاوەتە سەر ســوپا و بنکەکانی پشکنین و بۆیە سوپا ناچار بووە تەقە بکات، بۆ ئەم راپۆرتە پرســیارمان لە پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا ئیحسان عەوادی کرد بەوەی بۆچی سوپا تەقەی لە خۆپیشاندەران کردووە؟ عەوادی لەوەڵامی گوڵاندا ئاماژەی بەوەکرد پێشتر خۆپیشاندەران پیلانیان بۆ ئەم بارودۆخە دارشــتبوو، لەوەڵامی پرسیارێکی دیکەی گوڵاندا بەوەی بۆچی سوپا لەناو پارێزگای ئەنبار بڵاوەی پێکراوە؟ عەوادی بەگوڵانی راگەیاند لەناو ١٥ پارێزگای عێراق فەرماندەیی ســوپا بوونی هەیە و ئەنباریش بەشێکە لە عێراق و دەبێت ســوپا بوونی هەبێت لەبەر ئەوەی ئەنبار بنکە تیرۆریســتانی قاعیدە بووە، ئەم پاساو هێنانەوەیەی عەوادی پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا شەرعیەتدانە بە سوپا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە و لەناوچەکانی دیکەش تەقە لە خۆپیشــاندەران بکاتەوە، عــەوادی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خســتەڕوو: ( ئاشکرایە هاندەری سیاسی و مەزهەبی لەئارادایە بەرەو ئاراســتەی پێکدادان لەگەڵ حکومەت، هەندێك لە کەسایەتییەکان بەئاشکراو لە چەندین بۆنەدا رایانگەیاند کــە خەریکە بارەکە دەگاتە پێکدادانی چەکداری لەگەڵ حکومەت، ئەمەیش ســابیقەیەکی زۆر ترســناکە کە هیچ سیســتەمێکی دیموکراسی نەیبینیوە، راســتە خۆپیشــاندان مافێکی دەســتوورییە بەڵام بارەکە بگاتــە ئەوەی بــە چەکی قورس و ســوك هێرش بکرێتە ســەر خاڵەکانی پشــکنین ئــەوا ئەمەیان شــتێکی زۆر ترســناکە، چونکــە پێدەچێ هەندێ لایــەن هەبن کە لە هەوڵی ئەوەدابن بۆ لێکهەڵوەشــاندنەوەی ئەم وڵاتە، بەڕای من گرنگە ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵوێســتەیەکی هەبێت لەسەر ئەم مەسەلەیەو وابزانم بڕیارێك لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران-ەوە دەرچووە بۆ مەبەســتی پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ دیراســەتکردنی بارودۆخەکە و هەروەها بۆ کۆڵینەوە لە وردەکارییەکانی خۆپیشــاندانەکان بــۆ نموونە لە ئەنبار و چەند پارێزگایەکی دیکە بە هاندەری تایفەگەری پاڵ بە خەڵکەوە دەنێن بۆ ناو خۆپیشــاندنەکان، سەبارەت بەبوونی هێزەکانی ســوپاش ئاشکرایە سوپا لە ١٥ پارێزگا بڵاوەی کردووەو ئەنبار-یش هێشــتا بەشــێکە لە عێــراق، ئەنبار وڵاتێکی دراوســێ نییە بەڵکو هێشــتا بەشێکە لە عێراق، سەرکردایەتییەکانی ئۆپەراسیۆنەکان لە ١٥ پارێزگا بوونیان هەیــە بەتایبەتی لەکاتێکدا ئەنبار هەر لەســەرەتاوە یەکەم بنکــە و یەکەم پێگە بووە بۆ داڵدەدانی رێکخراوی قاعیدە و گرووپە تیرۆریســتییەکان بوو کە بــە ئارەزووی خۆیان لە پارێزگاکــەدا هاتووچۆیان دەکرد بەبێ ترس، هەر بۆیە پێویستە لەڕووی ئەمنییەوە بایەخێکی زۆر بەو پارێزگایە بدرێت لەپێناوی: ١- پاراســتنی ژیانی هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایە، ٢- بۆئەوەی جارێکی دیکە نەبێتە پێگەیەك بۆ قاعیدە و تیرۆریستان)).

ئەوەی عەوادی راشکاوانە بۆ گوڵان ئاماژەی پێکرد، بێجگە لەوەی بەشێوەیەکی گشــتگیر هاووڵاتیانی پارێزگایەکی

تەواوی بە تیرۆریســـت و داڵدەری تیرۆریســـت لەقەڵەمدا لەهەمانکاتدا هەوڵیك بوو بۆ شاردنەوەی تەقەکردنی سوپا لە خۆپیشاندەران و ئۆباڵەکەی خستە ئەستۆی خۆپیشاندەران بەوەی خۆپیشاندەران بەوەی خۆپیشاندەران تەقەیان لە سوپا و بنکەکانی پشـــکنین کردووە، بۆیە بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە پرسیارمان لە پەرلەمانتاری لیستی ئەلعێراقیەی بەیزا کازم شـــەمەری کردوو بەوەی ئایا هیچ پاســـاو بیانوویەك بۆ تەقەکردنی ســـوپا لە خۆپیشاندەران دروستە؟ لەوەڵامدا شـــەمەری بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایـــەوە: (هەڵبەتە خۆپیشاندان مافێکی ڕەوایە و بێگومان ئەوەیش شتێکە کە هیچ گومانێکی لەســـەر نییە، بەڵام هەر مومارەسەکردنێك لەڕێگـــەی بەکارهێنانـــی هێـــز و توندوتیـــژی لەدژی خۆپیشـــاندەران ئەوە ئەو جۆرە ڕەفتارانە بەهیچ شـــێوەیەك پەســـەند نییە و هەڵبەتە ئەو شتەیش دەکەوێتە چوارچێوەی ســـەرپێچی و پێشـــێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها سەرپێچی و پێشێلکارییە لە دەستوور لە بەرئەوەی دەستوور مافی خۆپیشـــاندانی بۆ هاووڵاتیان دەســـتەبەرکردووە، لە هەمانکاتدا سووپا بۆی نییە و تەنانەت لە هەر حاڵەتێکیش بێت، ناکرێ لوولەی چەکەکانیان ئاڕاستەی خۆپیشاندەران بکەن لەبەرئەوەی خۆپیشـــاندەران بێ چەکن و تەنها ئاڵای عێراقییان هەڵـــداوەو هەروەها تەنها چەند درووشـــمێکیان بەرز کردووەتەوە کە گوزارشـــتە نەك تەنها لە خواســـت و داواکارییەکانی هاووڵاتیانـــی ئەو پارێزگایە بەتەنیا بەڵکو گوزارشتە لە خواست و داواکارییەکانی هەموو عێراق، ناکرێ لەژێر هەر ناونیشانێك و لەبەر هەر هۆکارێکیش بێ تەقە لە خۆپیشاندەران بکرێ، خۆی لەخۆیدا پێویستە ئەو تەقەیە لە دوژمنانی عێراق بکرێت و ئەو خۆپیشاندەرانەیش دوژمنی عێراق نین بەڵکو هاووڵاتیانی عێراقین و داواکارن چاکسازی لە بارودۆخەکانی عێراق ئەنجام بدرێت، هەربۆیەیش پێویستە پارێزگاری لە خۆپیشـــاندەران بکرێت و ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت و هەروەها پێویستە وەڵامدانەوە هەبێت بۆ داواکارییە شەرعییەکانیان، بەش بە حاڵی خۆم پێموایە ئەو مومارەسەی ئەمڕۆ لە عێراق دەیبینم مومارەســـەیەکی زۆر شارستانییە و لەبەراوردکردنیدا لەگەڵ ئەزموونە دیموکراسییەکە پێموایە کە ئەمە خۆپیشـــاندانێکی شارســـتانییە و شـــتێکی زۆر باشـــە بۆیە پێویستە بە ڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و وەڵامدانەوەیەکی باش لەبەرامبەریدا هەبێت)).

**جێگری ئەنجومەنی پارێزگای ئەنبار:**
**سوپا تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و**
**٥ شەهید و ٤١ بریندارمان هەیە**

ئەوەی لیســـتی دەوڵەتی یاســـا دەیەوێت پیشلکارییەکانی حکومـــەت و ســـوپای پـــێ بشـــارێتەوە تۆمەتبارکردنی خۆپیشاندەرانە بەوەی دروشمی مەزهەبی و وێنەی سەرۆکی پیشووی عێراقیان بەرز کردۆتەوە، بەڵام کازم شەمەری هەر بۆ ئەم ڕاپۆرتە ئەوەی ڕەتکردەوە کە خۆپیشاندەران دروشمی مەزهەبیان بەرزکردبیتەوە، بەڵکو ئەو ئاماژەی بەوەکرد ئەو دروشمانەی کە خۆپیشـــاندەران بەرزیان کردۆتەوە نەك هەر دروشـــمی مەزهەبی نین، بەڵکو داواکارییە بۆ چاکسازی ئەمەش داواکاری ســـەرجەم گەلانی عێراقە، سەبارەت بە پاساو هێنانەوەشیان بەوەی خۆپیشـــاندەران هەڵیانکوتاوەتە سەر سوپا پرسیارمان لە سەعدون شەعلان جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار کرد بەوەی ئایا ئەو ڕووداوە چۆن ڕوویداوە؟ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار بەمجۆرە ڕووداوەکەی بۆ گوڵان گێڕایەوە: (سەبارەت بە ڕووداوەکانی هەینی، بەڵـــێ، هەروەك ئێوەیش دەزانن لە ڕۆژی هەینـــی نوێژی هەینی بەکۆمەڵ کرا لە شـــاری فەلوجە، خۆپیشـــاندەرانیش بە ژمـــارەی زۆرەوە دەرچوون و پێکدادانێك لەنێوانی ســـووپا و خۆپیشـــاندەران ڕوویدا کە لەئاکامیدا سووپا تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و لەئەنجامدا بووە هۆی کوشـــتنی ٥ کەس و بریندارکردنی ٤١ کەســـی دیکە)).

ئەوەی ســـەعدون شـــەعلان بۆ گوڵان ئامـــاژەی پێکرد پێکدادانە بۆ ئەنجامدانـــی نوێژی هەینی بە کۆمەڵ بووە نەك هەڵکوتانە سەر ســـوپا لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، بەڵام پرسیاری دیکەی ئێمە لەسەعدون شەعلان ئەوەبوو: بۆچی سوپا لەناو شار و شارۆچکەکاندا بڵاوەی پێکراوە، ئایا پێشتر ئەم مەترســـیەتان لەبەر چاو نەگرتووە؟ بۆ ئەم پرســـیارەش بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (ئێمە پێشـــتر هەستمان بەم مەترســـیە کردبوو، بۆیە داوامانکردبوو بۆ ئەوەی سوپا نەخزێتە نێو ئەم تەنگژەیە و تێکەڵاوی خۆپیشاندەران نەبێت، باشـــترە سوپا بکشێنرێتەوە و پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکان ئەرکی پارێزگاری خۆپیشاندەران بگرنە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی سوپا لەڕووی پیشەییەوە ئەرکی ئەوەیە ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە نـــەك ڕووبەڕووی هاوڵاتیان خـــۆی ببێتەوە، بۆیە گرنگە ئەم مەســـەلەیە بەو خەڵکانە بسپێردرێت کە لەڕووی پیشەییەوە پسپۆڕن نەك سوپا، بەڵام ئەوە بوو پێشنیارەکەی ئێمەیـــان وەك ئەنجوومەنی پارێـــزگای ئەنبار ڕەتکردەوە و سوپایان نەکێشـــایەوە تا ئەم کارەساتە ڕوویدان، بۆیە دوای ڕوودانی ئەم کارەســـاتە داوامان لەوەزارەتی بەرگری کرد بە پەلە ســـوپا بکێشـــێتەوە بۆ ئەوەی بارەکە نەگاتە دۆخێکی ترســـناکتر و نەبێتـــە شـــەڕی نێوان هاووڵاتیان و ســـوپا، ئەمجارەیان وەزارەتی بەرگری ناچار بوو بڕیارێك دەربکات بۆ کشانەوەی سوپا و پۆلیسی ئیتحادیان لە جێگەی سوپا نارد، هەروەهـــا لێژنەیەکی لێکۆڵینـــەوە لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە پێکهێنرا و ئەو لێژنەیەیش خێرا دەســـتبەکاربوو بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی پشـــت ڕووداوە و ســـزادانی کەمتەرخەمەکان، ســـەبارەت بە ئێمەیش وەك ئەنجوومەنی پارێزگا، لە ئەنجوومەنی پارێزگای ئەنبار کۆبوونەوەیەکمان ســـازکرد و کۆبوونەوەی دیکەش دەکەین بۆ ئەوەی بڕیارێك بدەین لە داهاتوودا چی بکەین)).



سەعدون شەعلان:

**سوپا لەڕووی پیشەییەوە ئەرکی ئەوەیە ڕووبەڕووی دوژمن ببێتەوە نەک ڕووبەڕووی هاووڵاتیان خۆی ببێتەوە**

قۆناغی داهاتوو

# حکومەتی بنکە فراوان دەخوازێت



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت

لەسەرەتای پێکهێنانی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاماژەم بۆ ئەو ڕاستییە کرد کەپێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوانی کارا بۆ ئەم قۆناغە باشترە لەوەی دابەش بین بەسەر دوو بەرەی حوکمڕان و ئۆپۆزیسیۆندا، ئەگەر چی هەر حزبێك ئازادە لەوەی دێتە نێو کابینەی حکومەتەوە یان نا.
هەروەهـــا ئاماژەم بۆ ئەو خاڵـــەش کرد کە حکومەتی زۆرینە بکەینە زۆرینـــەی حکومەت، زۆرینەی حکومەتیش، بەمانای بەشـــداری کردنی لایەنە براوەکان بەپێی ڕێژەی کورسییەکانیان، نەك زۆر کردنی ژمارەی وەزیرەکان وەك جاران.
دیارە کە ئەو حکومەتەی ئێســـتا لەهەرێمی کوردســـتاندا فەرمانڕەوایەو کاروباری هەرێم بەڕێوە دەبات، حکومەتی زۆرینەی پەرلەمانییە کە لیســـتی کوردســـتانی نوێنەرایەتی دەکات، لەبەرامبەریشـــدا سێ لایەنی دیکە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیان هەڵبژاردووەو بەشدارنین لەحکومەتدا.
پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە ســـێ ساڵ بەســـەر هەڵبژاردنەکانی تەمموزی (٢٠٠٩)داو، پاش سەرکەوتنی لیســـتی دەســـەڵات و پێکهێنانی حکومەت و، دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆن و ڕووداوەکانی ماوەی نێوان ئەم زیاتر لەســـێ ســـاڵەو، هەتا گەیشتن بەدانیشتن و گفتوگۆکانی ئێســـتای نێوان حزبەکانی حوکمڕان و ئۆپۆزیسیۆندا، دەتوانین ئاماژە بەچەند ڕاستییەك بکەین لەوانە:
**یەکەم:** بەپێی بۆچوونەکانی لیســـتی کوردستانی هێشتا لە کوردســـتاندا زۆرێك لەئەرکەکانی قۆناغی ڕزگاریی نەتەوەیی ونیشـــتمانییمان بەجێنەهێشتووەو، بەڵکو پێویستە بەردەوام کاریان بۆبکرێت و، بەبیری شەقامی سیاسییش بهێنرێنەوەو، هێشتا خەمی لەپێشینەی ئێمە خەمی خاکە.
**دووەم:** بەپێی بۆچوونەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش، مەسەلەکانی پەیوەست بەئازادییە گشتییەکان و مافەکانی مرۆڤ پێویســـتە زیاتر بەرەوپێش بچن و، پێویســـتە قسە لەسەر زۆرێك لەمافەکان بکرێت وەك قۆناغی تەنیشت یان قۆناغی دوای ئەرکەکان و، ئومێد بۆژیانێکی باشتر بخوازرێت و، بەمەش کاری لەپێشینەی ئەوان باسکردنی مافەکانی تاکە.
**سێیەم:** ئێستا حزبەکانی حوکمڕان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هەرچەندە بەشێکی باشی چاکسازیی بەخۆیان دەکرێت و لەتواناشیاندایە ئەنجامی بدەن، بەڵام دەشزانن کە چاکسازیی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیەو بۆ هەموو لایەنەکانیشە، بۆیە دەیانەوێت هەمووان تێیدا بەشداربن و، هەمووانیش پێی ڕازیی بن.
**چوارەم:** حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعاتەی کە پێویستە پێداچوونەوەیەك بەکارەکانی لەمەوبەریاندا بکەنەوەو، سەرئەنجامیش هەندێکیان –ئەگەر هەمووشیان نەبن- گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە ئۆپۆزیســـیۆنبوون هۆکارەو، کاری کەمینەی هەڵبژاردنـــەو، کاتییەو بڕیارێکی حزبیی دەوێت، بەڵام پەرەپێـــدان بە کولتووری دەوڵەت و بونیادنانی پایەکانی، ئامانجە و هەمووانی دەوێت و، هەمیشـــەییەو بڕیارێکی نیشتمانیی پێدەوێت.
**پێنجەم:** وەك دەرئەنجامێك بۆ گشـــت ئەوانەی کە لە ســـەرەتاوە ئاماژەمان پێکردن، لەوانەیە باشـــترین ڕێگەچارەیەك بۆ قۆناغی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمســـاڵی هەرێمی کوردستان، پێکهێنانی حکومەتێك بێت لەگشت لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی (لێکدان) ی گشت پرۆژەکان و (کۆکردنەوە)ی خاڵە هاوبەشەکان و، (لێدەرکردن)ی خاڵە جیاوازەکان و، (دابەشکردن)ی دەسەڵاتەکانیش لەنێوان گشت شەریك و بەشداربوواندا، بەمەش حکومەتی زۆرینە دەکەینە زۆرینەی حکومەت.

asidiq1962@yahoo.com

# سیاسەت و هونەرو مێژوو

## لەدرامای «ژنەکانی پاشا»دا



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

لەپاشا موسڵمانەکان، ئەوروپییەکان رقیان لەدوو پاشا دەبێتەوە، یەکێکیان سەلاحەددینی ئەیوبیی کوردەو ئەوی تر سولەیمانی قانونیی تورکی عوسمانییە. بەڵام پێدەچێ زۆرتر رقیان لەسولەیمانی قانونی بێ، چونکە ئەم پاشایە شەڕی بۆ ناوماڵی ئەوروپییەکان گواستۆتەوەو سنورێکی فراوانی ئەوروپای داگیر کردووە. مێژوونووسی ئەڵمان، هالمەر، دەربارەی قانونی وتویەتی «ئەم پاشایە لەخودی سەلاحەددینی ئەیوبی مەترسیدارتر بووە». بەهەمان پێودانگ، هارۆڵد، مێژونوسی ئینگلیز، وتویەتی «رۆژی مردنی سولەیمانی قانونی لەئەوروپا بووە بە جەژنێکی ساڵانە».

چی وای لەئەوروپییەکان کردووە رقیان لەپاشا سولەیمانی قانونی بێ؟ مێژووی سولەیمانی قانونی مێژووی تەنگ هەڵچنینی موسڵمانانە بەئەوروپا. ساڵی ١٥٢١ دەستی بەسەر بەلگرادی پایتەختی سربیادا گرت، ساڵی ١٥٢٩ گەمارۆی ڤیەننای پایتەختی نەمسای داو ئەگەر بیگرتایە، رەنگە بەرەو ئەڵمانیاو فەرەنسا و ئیتالیا برۆیشتایە، هەروەها دەستی بەسەر قەڵەمڕەوێکی پانوپۆڕی هەنگاریادا گرت لەوانە بۆدابستی پایتەخت، سەرباری ئەوەی کەسەری بە پاشا شارلی پێنجەمی پاشای ئیسپانیا شۆڕ کردو ناچاری کرد چیتر نازناوی «ئیمپراتۆر» بەکار نەهێنێ.

لەم سۆنگەیەوە، سولەیمانی قانونی لەویژدانی تورکەکاندا رێزو خۆشەویستییەکی تایبەتی هەیەو هەر بەهۆی ئەمەشەوە پەرلەمانی تورکیا لەسەر داوای پەرلەمانتارانی سەر بەپارتی دادو پەرەپێدان بڕیاری راگرتنی نمایش کردنی بەشی سێیەمی درامای تەلەفزیۆنیی «ژنەکانی پاشا»ی دەرکردو لەپەراوێزی هۆکانی دەرکردنی بڕیارەکەدا هاتووە کە دراماکە مێژوی سەردەمی عوسمانییەکان دەشێوێنێ و وێنەیەکی دوور لەڕاستی پێشکەش بەبینەران دەکا. پێش ئەم بڕیارە، خودی سەرەك وەزیران ئەردۆغان بێزاریی خۆی لەشێوەی نمایش کردنی روداوەکانی مێژووی ناو دراماکە دەربڕی بوو.

رووداوی لەم بابەتە، پێشتر بەسەر یۆنانیەکاندا هاتووە، کاتێك دژی فلیمی «ئەلیگزاندەر» وەستانەوە کە سەرگوزشتەی ژیانی پاڵەوانی نەتەوەیی یۆنان ئەسکەندەری مەکەدۆن دەگێڕێتەوە. هۆی تورەبونیشیان پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کەفلیمەکە وای نیشانداوە کەپاڵەوانەکەیان دەنکێکی کوڕی هەبووەو ئەمەیان وا لێکدایەوە کەشکۆو فیزی نەتەوەییان دەڕوشێنێ.

هۆی تورەبوونی تورکەکانیش جیاوازییەکی زۆری لەهۆی تورەبوونی یۆنانەکان نییە. تورکەکان نایانەوێ هیچ شتێك ببێ بەمایەی کەم کردنەوەی خۆشەویستییان بۆ سولەیمانی قانونی وتەنانەت نایانەوێ هیچ شتێکی خراپ دەربارەی بزانن. ئەوان دەیانەوێ پاڵەوانەکەیان هەمیشە لەبەرچاویان ئەستۆپاك و جوامێرو بێ کەموکوڕی بێ.

ئەگەرچی دراماکە لەگێڕانەوەی مێژوودا زۆر وردبین نییە، بەڵام بەشێکی زۆری نمایش کردنی ژیانی سولەیمانی قانونی، بەو جۆرە لەدراماکەدا هاتووە، لەڕاستییەوە دوور نییە. دراماکە باس لەسولەیمانێکی تر دەکا کەڕەنگە زۆر کەس هیچ لەبارەیەوە نەزانێ. لەدراماکەدا سولەیمانی قانونی، جگە لەوەی کەوەك پاشایەکی ئازاو شەیدای بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و دادپەروەر نیشان دەدرێ، تیشك دەخرێتە سەر دیوێکی تری ژیانی کەلای زۆر کەس شاراوەیە. لەدراماکەدا سولەیمان وەك پاشایەکی «مێباز» و «شەیدای مێبازی» نمایش دەکرێ و لەهەموو شتێ ناخۆشتر بۆ ئەو کەسانەی سەرسامن بەکەسایەتیی سولەیمانی قانونی ئەوەیە کەسولەیمان لەدراماکەدا کەوتۆتە ژێر هەژمونی شاژن هویام کە بەکەیفی خۆی یاریی پێ دەکا. پاشا وەها کەوتۆتە داوی ئەڤینی هویامەوە کەشەقامی ئەوسای عوسمانی پێی وابوو هویام بەنوشتەو جادوو پاشای کردۆتە گوێڕایەڵی خۆی و لەکۆتاییدا هویام دەبێتە هۆی ئەوەی کەپاشا کوڕی خۆی لەشاژن ناهید تۆران بکوژێ. سەرەڕای سەرقاڵبونی شاژن هویام بەچنینی پیلان لەدژی شاژن ناهید تۆران و شاژنی دایك و شازادە ئیزابیللاو سەرەك وەزیران برایم پاشا، دراماکە وای نیشان دەدا کەسولەیمانی قانونی هیچ ئاگای لەپیلانەکانی هویام نییەو پاشا جگە لەهویام باوەڕ بەکەسی تر نییە. هەروەها دراماکە دادپەوەریی سولەیمانی قانونی رەت دەکاتەوەو ئەوە دەردەخا کەئەم پاشایە سڵ لەکوشتن ناکاتەوەو دەرکردنی فەرمانی سەربڕین لەلای وەك ئاو خواردنەوە وایە. هەر لەم سەروبەندەشدا سڵی لەکوشتنی مێردی خوشکی خۆی نەکردۆتەوەو خەریك بوو مێردی خوشکێکی تریشی بکوژێ.

بەڵام دەشێ نیگەرانیی پەرلەمانتارانی پارتی دادو پەرەپێدان پەیوەندیی بەهەندێ مەسەلەوە هەبێ کەزۆر کاریان بەژیاننامەی سولەیمانی قانونییەوە نییەو زۆرتر پەیوەندییان بەمەسەلەیەکەوە هەیە کەلەئیسلامدا زۆر هەستیارە، ئەویش مەسەلەی سێکسە. لەدراماکەدا سێکس بەپێی داب و نەریتی سەدەی شانزهەم نمایش کراوە. لەمەشدا دراماکە لەڕاستی لای نەداوە، چونکە لەو سەردەمەدا بازاڕی کەنیزەك جمەی دەهات و کڕین و فرۆشتنی ئافرەت هەم کارێکی باو بوو هەم خودی پرۆسەکە لەگەڵ بنەماکانی ئایندا وێك دێتەوە. هەر بەهۆی ئەمەشەوە پاشاو کوڕەکەی و هەموو لێپرسراوانی دەوڵەت بەبێ مارەبڕین سێکسیان لەگەڵ کەنیزەکەکاندا دەکردو ئەمەش بەزینا نەدەژمێردرا. تەنانەت دراماکە نیشانی دەدا کەشاژن ناهید تۆران کەنیزەکێکی شۆخ و جوانکیلەی پێشکەش بەکوڕەکەی کردووە تا لەگەڵیدا رابوێرێ. سەرەك وەزیرانیش پەیوەندییەکی لەدەرەوی رێساکانی ژن و مێردایەتی لەگەڵ فریالی کەنیزەکدا هەبووە. هەروەها هەر چوار ژنەکەی پاشا سولەیمانی قانونی، کەنیزەك بوون و هیچ کامێکیان مارەبڕینەکەیان لەڕێگەی مەلاوەو بەڕێوشوێنی باوی ژنهێنانی ئاساییەوە نەبووە، کەدیارە ئەمەش بەپێودانگی ئەم سەردەمەی ئەمڕۆ شتێکی ئاسایی و پەسندکراو نییە.

دراماکە لەڕووی نواندن و دەرهێنان و وێنەگرتن و مۆسیقاوە فرە پێشکەوتووە. بەڵام پێدەچێ بڕیارەکەی پەرلەمانی تورکیا بێبەشمان بکا لەبینینی بەشەکانی تری. تەیموری ساوجی، بەرهەمهێنەری دراماکە، رایگەیاندووە کەنیازی دەرکردنی بەشی چوارەمی نییە. ئەمەش بۆ هەموو ئەوانەی پەرۆشی بینینی بەشی چوارەمن هەواڵێکی ناخۆشە.


JAN
٢٥ يناير

## ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ

# لە ئومێدی دیموکراتیەوە بۆ سەرچاوەی قەیرانەکان



لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لەساڵیادی شۆڕشی ٢٥ ینایر، جارێکی دیکە گۆڕەپانی تەحریر لەمیسر کەوتە بەر دەستڕێژی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، بەڵام ئەمجارەیان بەدەستی ئیخوانەکان بوو نەك وەك دووساڵ لەمەوپێش بەدەستی هێزەکانی موبارەك، هاوکات لە شاری فەلوجەی عێراقیش خۆپیشاندەران کەوتنە بەر دەستڕێژی سوپاکەی مالیکی و لە ئاکامدا چەندین کوژراو بەدەیان برینداری لێکەوتەوە، لەسوریاش کە بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژانە هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد لە کۆمەڵکوژی بەردەوامە، ئەمە بێجگە لەوەی کە بارودۆخی چەندین وڵاتی دیکەی وەك لیبیا و سۆدان و یەمەن و لە دەوڵەتانی کەنداو بەحرێن لەو وڵاتانەی دیکە باشتر نین و بەردەوام تەنگژە و پێکدادان هەیە، لەهەمانکاتدا مەزندەی ئەوەش دەکرێت گۆڕانکاری و ئاڵۆزی ئەو وڵاتانەی وەك ئەردەن و مەغریب و سعودیە کە هەتا ئێستا ئەو ئاڵۆزییە نەیگرتوونەتەوە، ئەوانیش بگرێتەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە پرۆسەی ئاشتی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل چەقی بەستووە و لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینیشدا ئاڵۆزی بەردەوام هەیە، لەنێو ئەم ژینگە قەیراناویەدا کە هیچ چاودێرێك ناتوانێت پێشبینی ئەوە بکات لە ئایندە چی ڕوودەدات، بەڵام هەموو لەسەر ئەوە کۆکن بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەچێت و هیچ دوورنییە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەتی سەربازی ڕووپۆشکراو بە ئایدلۆژیەتی ئایینی سەرهەڵبداتەوە، کە ئەمەیان مەترسیەك دەخوڵقێنێت لەوەی پێشتر خراپتر دەبێت. سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جەلیل ڕۆشاندل ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی دیوك (Duke) کرد، ئەویش لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ڕاستە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قەیرانێکی گەورەدا تێدەپەڕێت،



**مارک تیسلر بۆ گوڵان:**

## کێشەی کۆن و دێرین هەن و هەروەها کێشەی تازەش هاتونەتەپێش بەڵام پێموایە لە بەرئەوەی هەڵبژاردنەکان کۆتاییان هاتووە، ئەمریکا پتر دێتە پێشەوە



**داڤید باتەر بۆ گوڵان:**

## ئەوەی مایەی داخە بۆ سوریەکان پێناچێت ئیرادەیەکی بەهێز لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات

کاریگەری لەسەر هەموو ئاسایشی جیهان دەبێت، بۆیە دەبێت جیهان بەرەنگاری بێتەوە، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند:(ڕاستە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی لە دۆخێکی گرفتارتر و ئاڵۆزتردایە، ئەویش بەهۆی کێشەی پێکهاتنی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنییەتی مامەڵەکردنی دەوڵەت لەگەڵ کێشە و پرسە مەحەلی و ناوخۆییەکان و هەروەها کێشە نێودەوڵەتیەکانیشدا. هەروەها کاتێك بارودۆخی هەر وڵاتێك لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا نامێنێتەوە، بەڵکو کاریگەری لەسەر هەل و مەرجی نێودەوڵەتی دەبێت و ئەمەش وا دەکات ئەمریکا وڵاتە گەورەکانی دیکە نەتوانن فەرامۆشی بکەن، بەڵکو ناچاردەبن ڕووبەڕووی ببنەوە. حاڵی حازر دوو شەڕ هەیە کە لە سەروبەندی کۆتایی هاتندان، شەڕی ئەفغانستان و شەڕی عێراق، و کشانەوەی ئەمریکاش لەم ناوچانە، بووە هۆی ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکیدا بێت، ئەمە تەحەددیەکە دەبێت ئەمریکا مامەڵەی لەگەڵدا بکات، لەبەر ئەوە جێهێشتنی ناوچەیەکی گرنگ لە ڕووی ستراتیژیەوە لەبەردەم دەستێوەردانی دەرەکیدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئاکامی دەبێت لەسەر بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی ئەمریکا. سەبارەت بەسوریاش، بێگومان ئەوەی پەیوەندی بە سوریاوە هەبێت، ئەوا سوریا کێشەکەی گەورەترە بە بەراورد بە هەر کێشەیەکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چونکە بەهۆی ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکان کە سوریا بەهۆی نائارامی و یاخیبوونەوە دووچاری بووە، ئەوا سوریا وەك گۆڕەپانێکی کراوەی لێهاتووە و کراوەیە بەسەر هاتنە ناوەوەی ئەو گرووپانەی گرێدراوی ئەل قاعیدەن. لەبەر ئەوە دەبێت بە ژیری و تێڕوانینێکی سیاسییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی سوریادا بکەین. من لە بری حکومەت قسە ناکەم و هیچ بەرپرسیارێتیەکم نییە لە حکومەتدا، بەڵام پێموایە بێدەنگبوونی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا لە ئاست سوریادا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دڵنیانییە لەوەی کێ جێی بەشار ئەسەد دەگرێتەوە. لە ڕابردوشدا ئەم گفتوگۆیە کراوە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە کە ئایا دۆخی سوریا لەبارە بۆ گۆڕینی ڕژێمەکەی. چونکە ئەگەر بەدیلێکی ڕوون نەبێت، ئەوا دۆخەکە زیاتر و زیاتر خراپتر دەبێت و پتر ئاڵۆز دەبێت زیاتر شێوی باڵی بەسەردا دەکێشێت، بە چەشنێك کە نەتوانرێت ئیدارەی دۆخەکە نەکرێت. من دەزانم کە خەڵکی سوریا و دەوڵەتە دراوسێکان بەدەست کێشەی سوریاوە دەناڵێنن، سوریا هاوشێوەی میسر و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. بەلای منەوە ئەمە پرۆسەیەکی تەندروست نییە کە دۆخی سوریا بگەیەنێتە دۆخی ئەوەی پێی دڵێن بەهاری عەرەب، ئەمە دۆخێکە بە تەواوەتی لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و کاریگەری خراپی لەسەر ڕەوشی ئەمنی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت، هەر لەبەر ئەمەش کە دوودڵیەکی زۆر هەیە)).

ئەوەی جێگەی نیگەرانی چاودێرانە تەنیا مەسەلەکە وڵاتێك و دووان نییە، بەڵکو کێشەکە زۆربەی وڵاتانی گرتۆتەوە. بۆیە ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە چاودێران بەرەوشبینیەوە سەیری بارودۆخەکە بکەن، بۆ زیاتر هەڵوەستەکردن لەسەر ئەم لایەنە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مارك تیسلر ئوستادی زانستی



سیاسەت لەزانکۆی میشیگان کرد، کە پسپۆر و تایبەتمەندە لە سەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا، ئەو لەم لێدوانەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵێك کێشەی کۆن هەن و کێشەی تازەش دروست بوون، بۆیە مەزندە دەکرێت بارودۆخەکە بەرەو خراپتر بچێت، لەمبارەوە وتی: (بە دڵنیاییەوە بارودۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەچێت، چونکە کێشەی کۆن و دێرین هەن و هەروەها کێشەی تازەش هاتونەتەپێش. بەڵام پێموایە لە بەرئەوەی هەڵبژاردنەکان کۆتاییان هاتووە، ئەمریکا پتر دێتە پێشەوە، بەڵام کێشەگەلێکی جیاواز لە ئاراداں و من نازانم ئایا لە هەموو حاڵەتەکاندا بە یەك شێوە دەستێوەردان دەکرێت یان نا، و ئێمە نیگەرانیمان هەیە لەبارەی تیرۆریزمەوە، لەبارەی دیموکراسیە نوێیەکانەوە و هەروەها لەبارەی ناکۆکی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلەوە، ئێمە دەزانین کە ئیدارەی نوێ دەبێت هەندێ بڕیار بدات، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین ئەو بڕیارانە چین. سەبارەت بە سوریاش زەحمەتە ئەم کێشەیە بە ئاسانی یەکلابکەنەوە، هێشتا لە هەوڵی ئەوەدان بڕیارێك لەبارەی ئەم کێشەیەوە بدەن، ڕەنگە بیانەوێت کارێك بکەن کە ڕژێمەکە بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانی، بەڵام من لە پێگەیەکدا نیم کە دڵنیابم لەوەی ئەمە چۆن دەشکێتەوە، من وای دەبینم لەم بارودۆخەدا تورکیا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، تورکیا هێزێکی زۆر گرنگە و پەیوەندی لەگەڵ هەموو دەوڵەتە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکەدا هەیە، لە نێویاندا ئێران و سعودیە و ئیسرائیل، لەبەر ئەوە پێموایە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت و پێموایە ئەمریکاش ئیعتراف بەوە دەکات کە شتێکی گونجاوە کە تورکیا ئەم ڕۆڵە ببینێت، وەك هێزێکی ئیقلیمی مەزن.))

### سوریا کلیکی گۆڕانکاری یان قەیرانی گەورەتر

جۆن کیری وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکا، پێش ئەوەی ببێتە وەزیری دەرەوە لە دانیشتنێکی کۆنگرێسدا سەبارەت بە دۆخی سوریا ئاماژەی بەوەکرد (ئێمە لە سوریا تۆ بە هەوادا ناکەین و پاشان تۆوەکە شین بێت و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە



بەرەکەی بچنێتەوە) ئەم قسەیەی جۆن کیری کە بەماوەیەکی کەم پێش بوونی بەوەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی پێکردووە، مانای ئەوەی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر سوریا سیاسەتێکی هەستیارانەو خۆپارێزانە دەبێت بەرامبەر وەرگرتنی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە لەسوریا، هەربۆیە مەزندە دەکرێت دوای رووخانی ئەسەدیش گۆڕانکاری خراپتر رووبدات و هەتا ئەگەر ئەسەد لەدیمەشقیش دووربکەوێتەوە، مەزندەی ئەوە هەیە کە بارودۆخەکە خراپتر بێت، پرۆفیسۆر داڤید باتەر توێژەری باڵا لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانی سەبارەت بە بارودۆخی سوریا لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە راو بۆچوونی خۆی خستەڕوو و وتی: (بە داخەوە حاڵی حازر کارەساتێکی مرۆیی گەورە لە سوریا ڕوویداوە، ئێمە ژمارەیەکی زۆری قوربانیمان بینی. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك پێویست ئامادەیی خۆی پیشان نەداوە بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات. من گۆڕانکاریەك لەوەدا بەدی ناکەم. ڕژێمی سوریا بە چەشنێك کاری کردووە کە پێدەچێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە ئێش و ئازاری مرۆیی لە سوریا قبوڵبکات، ڕێژەی ئەو ئێش و ئازارەش لە بەرزبوونەوەدایە و تا زیاتر بەرز بێتەوە ئەوا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پتر پاشەکشە دەکات لە دەستێوەردان کردن. ئەوەی مایەی داخە بۆ سوریەکان پێناچێت ئیرادەیەکی بەهێز لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەبێت بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکات. لەسەرەتای قەیرانەکەدا تورکیا پێی وابوو ئەتوانێت سیاغەی قەیرانەکە بکات، بەڵام پێموایە موبالەغەی کرد لەبارەی توانایەوە بۆ کاریگەربوون لەسەر رژێمەکەی ئەسەد. کاتێکیش ئەوە شکستی هێنا، ئەوا هەڵوێستی گۆڕی، بەڵام ئەمە بە چەشنێك نەبوو کە بتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر واقیعەکە، لە ئێستادا تورکیا دوودڵە لەوەی بە قووڵی ڕابکێشرێتە نێو شەڕەکەی سوریاوە، بەڵام هەر دەبێت لەو کێشەیەوە تێوەبگلێت پێی خۆش بێت یان نا، لەبەر ئەوەی ڕووبەڕووی کێشەی ئاوارەکان بۆتەوە، هەروەها قەیرانی سوریا کاریگەری هەیە لەسەر کێشەی کوردی وڵاتەکەی، کە بێگومان حکومەتی تورکیا هەوڵی چارەسەرکردنی ئەدات لە ڕێی خستنەڕووی دەستپێشخەریەوە بۆ پەکەکە، لە کۆتاییدا ئەکرێت بزنسکارە تورکەکان یان حکومەتی تورکیا هاوکار و یارمەتیدەربن لە سەقامگیرکردنی بارودۆخەکەدا، بەڵام لەم ساتەوەختەدا تورکیا زۆر شەکەت بووە لەوەی بەرپرسیارێتیگەلێکی زۆر بگرێتە ئەستۆ لەم کێشە قورسەدا)).

هەر سەبارەت بە رۆڵی تورکیا لەم قەیرانەدا، پرۆفیسۆر جەلیل رۆشاندڵ لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەم لایەنە کردەوە و وتی:(تورکیا ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە ڕەنگە ئەمە هەڵسەنگاندنێکی زیاد لە پێویستی واقیعەکە بێت. لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر تورکیا خوازیاری پاراستنی سنورەکانێتی، تورکیا سنوری هەیە لەگەڵ ئێران و عێراق و سوریا و وەك دەزانن گرنگترین مەسەلە بۆ هەر وڵاتێك بریتییە لە بوونی ئاشتی و ئاسایش لە وڵاتانی دراوسێدا. هەر ئەمەیە تورکەکان سەرسەختن لەبارەیەوە و بۆ ئەوەی دڵنیابن کە ڕووداوەکانی سوریا ناپەڕنەوە بۆ تورکیا، یاخود ڕووداوەکانی عێراق مەترسی لەسەر بارودۆخی سوریا دروست ناکەن، یاخود هەر گۆڕانکاریەك لە ئێراندا دژواری بۆ تورکیا دروست ناکات. تورکیا ڕکابەری ئیسرائیل ناکات و ئیسرائیلیش کاریگەری نییە لەسەر کێشەی گەورەی کورد لە ناوچەدا، ڕەنگە ئیسرائیل هەندێ کاریگەری هەبێت، بەڵام ئەوان خۆشیان ڕووبەڕووی کێشەبوونەتەوە لە هەڵبژاردنەکان و کێ دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئیسرائیل و چ هاوپەیمانێتیەك دروست بکات و ئەو هاوپەیمانێتیانەی ئەو پارتانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیانداوە چۆن دەبێت، هەمو ئەمانە بەڵگەی ئەوەیە کە ئیسرائیلیەکان ڕازی نین لە بنیامین نەتنیاهۆ و کارێکی زۆریان کردووە بۆ گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات، ئەگەرچی بنیامین نەتنیاهۆ هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت، ئەوا ڕەنگە زۆر جیاواز بێت لە حکومەتەکەی پێشوو. ئیسرائیل کێشەی زیاتری لەگەڵ بەرەوپێشچوونی توانای ئەتۆمی ئێراندا هەیە، وەك لە کێشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە نێویاندا کێشەی کورد)).



جەلیل رۆشاندل بۆ گوڵان:

## سوریا هاوشێوەی میسر و وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، دۆخەکە کاریگەری خراپی لەسەر رەوشی ئەمنی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت

### لەدووەم ساڵیادی شۆڕشەکەیاندا

# سەرلەنوێ میسرییەکان لەدژی ئیخوان و سەلەفییەکان دەڕژێنە مەیدانەکانی تەحریر





ئەسما حوسەینی – قاهیرە




د. شادی ئەلغەزالی حەرب:

# ئەندامی حزبی دەستوور: هەموو میسرییەکان راستیی ئەو گرووپەیان بۆ دەرکەوتووە کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە بەرژەوەندیی نیشتمان پێ باشترە

لە دووەم ساڵیادی شۆڕشدا ملیۆنەها هاووڵاتی میسری لە هێزە شۆڕشگێڕو سیاسییەکان لە چوارچێوەی خۆپیشاندانی ملیۆنیـــدا ســـەرلەنوێ رژانـــە شـــەقام و مەیدانەکان،نەك بـــۆ ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی شـــۆڕش،بەڵکو بۆ تەئکید کردنەوە لە بەردەوامی ئەو شۆڕشە،ئەم جارەش دژی ئیخوان و سەلەفییەکان،خۆپیشـــاندانەکان پێکدادان و پشێوی زۆریان لێکەوتـــەوە بە تایبەتیش لە مەیدانـــی تەحریر و ئیتیحادیە، هاوکات لە ســـەرجەم پارێزگاکاندا،لـــە ئاکامدا ٩ کەس لە ســـوێس کوژران و بە سەدانیش بریندار بوون،ژمارەیەکیش لە خۆپیشاندەران هەڵیانکوتایە سەر وێستگەکانی میترۆ و پەکیان خست،هەروەها چەندین رێگاو پردیان داخست،خۆپیشاندەران هوتافیان دژ بە ئیخوان موســـلمین و ســـەرۆك و حکومەت و دەســـتوور دەگوتەوە، لەو هوتافانـــەش: (میللەت داوای رووخانی رژێم دەکات)،(بڕوخێ حوکمی مورشید)،(بڕوخێ دەســـتوری ئیخوان)،(نا بۆ بەئیخوانکردنی دەوڵەت)، (نا بۆ گرانی و ستەم).

ئەم رووداوانە لێکترازانێکی فراوانی لە شـــەقامی میسری لێکەوتەوە، ئەوەی دەرخست کە ئەمڕۆ میسر لە دووڕیانێکی راستەقینەدایە، لە نێوان دوو رێگە، رێگەی سەقامگیری و پەرەپێدان و بنیادنان، و رێگەی وێرانبوون و لەناوچوون، زۆربەی میسرییەکانیش وای دەبینن کە خێراترین رێگە بۆ گەیشتن بە رێگەی دووەم بەردەوام بوونی بارودۆخەکەیە،کەتێیدا تووڕەیی و بێزاری باڵی بەســـەر هەست و دەروونی گەلدا کێشاوە،کە خۆی لە خۆپیشاندان و پشێوی و تەقینەوەدا دەبینێتەوە،یادی دووەم ساڵەی شۆڕشی میسر دەرگا لە بەردەم زۆر ئەگەردا واڵا دەکات کە رەنگە ئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە.

زۆر لەو میسرییانەی کە گۆڤاری (گوڵان) لە گۆڕەپانداکەدا چاوی پێیان کەوت بەرپرسیارێتیی ئەو بارودۆخە ناهەموارو گرژییەیان خســـتە ئەستۆی دەســـەڵاتەوە،کە سوورە لەسەر هەژموون و دەستبەسەرداگرتنی هەموو کایەیەکی ئەم وڵاتەو پەراوێزخســـتنی خەڵکانی دیکە،هەروەها دەرگای بەڕووی تەوافـــوق و هاوپەیمانیی نیشـــتمانی نێـــوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی میســـری داخست و دەســـتوورێکی دەرکرد کە هەموو لەســـەری رێکنەکەوتوون،ئەویش لە رێی لێژنەیەکی دامەزراندن کە ســـەرۆك بەڵێنی دا جارێکی دیکە دروستی بکاتەوە تاکو بە شـــێوەیەکی زیاتر نوێنەرایەتی خەڵك بکات، کە ئەمەش سەرپێچییەکی هەموو ئەزموونە سەرکەوتووەکانی گشت دەســـتوورەکانی جیهانە،هەروەها پێچەوانەی رێبازی پێغەمبەرە(دخ) کە لە شاری مەدینەی منەووەرە دانووستانی لەگەڵ جوولەکەو ئەوس و خەزرەج و عەشـــیرەتەکاندا کرد بە مەبەستی دارشتنی دەستوورێکی تەوافوقی.

میسرییەکان وای بۆ دەچن کە بەردەوام بوونی ئەم رەوشەی وڵاتەکەیان دەرگا لەبەردەم هەموو هەرەشـــەو کارەســـاتێکدا دەخاتە سەرپشـــت و ئاستی پشـــێوی و تەقینەوەکان زیاتر و فراوانتر دەکات و بوار زیاتر دەرەخسێنێت لەبەردەم





## خالد یوسف:
## دەستوورێک حوکممان دەکات کە گوزارشت لە بنەماو پرەنسیبە نیشتمانییەکانی میسر ناکات،ئەوەی حوکمیش دەکات دان بە دیموکراتییەتدا نانێت

دەستێوەردانی دەرەکی لە وڵاتدا،ئەم خۆپیشاندانانەش کە ژمارەیەکی زۆری میسرییەکان تێیدا بەشدارن لە راستیدا رەنگدانەوەی ئەو نارەزاییەیە بەرامبەر سیاسەتی ئێستای دەوڵەت کە تا ئەم کاتە هیچ چارەسەرێکی گونجاوی بۆ گرفت و کێشەکادا نەدۆزیوەتەوە و تەنانەت ئومێدی ئەوەش نییە لە داهاتوودا بێتەدی.

دیارە ئەمەش زەنگێکە بۆ حکومەت تاکو رێبازی خۆی راست بکاتەوەو سیاسەتەکانی چاك بکاتەوەو دەبێ ئەمەش زۆر بە هەند هەڵبگرێت، نەك وا بزانێت تەنیا کاردانەوەیەکی کاتییە لە لایەن کەسانێکی پیلانگێڕ و گیرفان بەتاڵ- هەروەك چۆن ئیخوان نەیارەکانی سیاسەتەکانیان بەمە وەسف دەکەن.

دکتۆر شادی ئەلغەزالی حەرب ئەندامی حزبی دەستوور پیێ وایە کە هەموو میسرییەکان راستیی ئەو گرووپەیان بۆ دەرکەوتووە کە بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە بەرژەوەندیی نیشتمان پێ باشترە،هەروەها هیچ رێگەیەك لەبەردەمدا نەماوە تەنیا رێگەی شۆڕشگێڕی نەبێ،دوای ئەوەی هەموو داخوازییەکانی شۆڕش لە ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی پشتگوێ خران.

لەلای خۆشیەوە خالد یوسفی دەرهێنەر پێی وایە کە دەستوورێك حوکممان دەکات کە گوزارشت لە بنەماو پرەنسیبە نیشتمانییەکانی میسر ناکات،ئەوەی حوکمیش دەکات دان بە دیموکراتییەتدا نانێت،پێویستیشە هەڵبژاردنێکی سەرۆکایەتی بە مەبەستی رووخاندنی دیموکراتییانەی سەرۆك ئەنجام بدرێت،چونکە رژێمی فەرمانڕەوا شەرعیەتی نەماوە،لەبەرئەوەی چەندین تاوانی دەرحەق گەل کردووە هەروەکو لە ئیتحادیە روویدا.

دکتۆر عەلا ئەسوانی ی نووسەر لەوباوەڕەدایە کە :ئێمە مافی خۆمان گەرەکە،مافی خۆشمانە کە دەستوورێك دابڕێژین گوزارشت لە بۆچوون و مافی سەرجەم میسرییەکان بکات،پێویستیشمان بە ئازادی و دادپەروەرییە،هەروەها بە کەرامەت و سەربەرزییەوە مامەڵە بکەین،بەردەومیش بین تا بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش،پێویستە سەرۆك رێز لە گەلی میسر بگرێت و ئەو دەستوورە گومانلێکراوە هەڵوەشێنێتەوەو مافی نووسینەوەی دەستووریش بداتە میسرییەکان، ئەگەر ئەمەشی نەکرد با بڕوات و بەجێی بێڵێت.





دکتۆر عەلا ئەسوانی:

# ئێمە مافی خۆمان گەرەکە،مافی خۆشمانە کە دەستوورێک دابڕێژین گوزارشت لە بۆچوون و مافی سەرجەم میسرییەکان بکات

بــەڵام بەرەی ئینقــازی نیشــتمانی بەرهەڵســتکار لە بەیاننامەیەکیدا دەڵێت:ســەرلەنوێ گەلی مەزنی میســر ســەلماندییەوە کە سوورە لەســەر بەردەوامبوونی شۆڕشە پیرۆزەکــەی و بەدیهێنانــی داخوازیەکانی کە تا ئێســتا هیچی لێ بــەدی نەهاتوون. بەرەکەمــان- خزمەتکاری گەلی میسر- پشتگیری لە هەموو داخوازییەکانی گەلی میســر دەکات بە تایبەتیش کۆتایی هێنان بەو بارودۆخە گرژو پشێوییەی سیاســی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە هۆکارەکەی رژێمی شکستخواردوو و پەراوێزخەری ئیخوان موسلمینە.

بەرەی ئینقازی نیشــتمانی هاوســۆزیی تەواوی خۆی بــۆ بڕیاری جەماوەری گەلی میســر دووپات کردەوە کە گۆڕەپانــەکان بەجێ نەهێڵێت تا گێڕانــەوەی بەهاکانی شۆڕشــی یەنایەر لەچنگ ئەوانەی دزییان و رفاندییان و تائــەو کاتەی ســزای تاوانبارو بکوژانی شــەهیدان و بریندارانمان دەدرێت و تۆڵەیان دەســەنرێتەوە،لەم رووەوەش بەشداریی تەواوی خۆی دووپات دەکاتەوە بە ئامادەبوونی لەگەڵ ســەرجەم حزب و رەوت و رێکخراوەکانیان، رۆژ لە دوای رۆژ هاوشانی جەماوەر دەوەستێت لە گۆڕەپانەکانی ئازادی و پابەندیش دەبێت بە هەر بڕیارێك کە گەلەکەمان بە ئاراستەی ئاشتی و مەدەنییەت دەری بکات.

لەبەیاننامەیەکی **٣٦** حزب و بزووتنەوەی سیاسیی نەیاریشدا هاتووە:هیــچ پرۆژەیەکــی ئاوەدانکردنەوەمان نەبینی کە ئیخوان بەڵێنی پێدابن،هەموومان بووینە نێچیری بازرگانی کردن بە ئایین و هەلپەرستیی سیاسی، تۆڵە بۆ شەهیدانمان نەکرایەوە،تەنیا تاقمێکمان بینی نیشتمان لە ژێرعەباکەیدا زیندانی دەکات، خۆشمان لەبەردەم دەسەڵاتێکدا بینییەوە کە تەنیا خەریکی خۆ سەپاندنە بەسەر میسرییەکان.

لە کاتێکدا کە ئیخوان ســوورە لەســەر بەردەوام بوونی ئەم دەســتوورە کە خۆیان دوور لە ئیرادەی هێزە سیاســییەکان دایاننــاوەو بەردەوامیشــن لەســەر دارشــتنی یاســای هەڵبژاردنەکانی داهاتــوو بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، کەچی هێزەکانی دیکەی ئیســلامیی کە هاوپەیمانن لە گەڵیاندا هەڕەشــە دەکەن کە داکۆکی لە سەرۆك بکەن ئەگەر هێزە نەیارەکان سووربن لەسەر لادانی، ئەمەش بارودۆخەکە زیاتر گرژو پشێو دەکات.

# سستمی پەرلەمانی.. سەرۆکایەتی.. تێکەڵاو

## گفتوگۆ لە بازنەی میکانیزمەکانی حوکمڕانیی دیموکراسیدا

خەریکە لە هەرێمی کوردستاندا، بێ ئەوەی دەوڵەتێکی خودان سەروەریی بێ، قەیرانێکی سیاسی رووبدات و تایتڵەکەیشی یەکلاییکردنەوەی سستمی سیاسییە لە نێوانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتیدا. هەر لەم کاتەدا لە کۆماری تورکیا کە نزیکەی پێنج سەدە خودان دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی و نزیکەی یەك سەدەیشە خودان دەوڵەتی کۆمارییە و سستمەکەی پەرلەمانییە، گفتوگۆ گەرمە لەبارەی گۆڕینی ئەو سستمە پەرلەمانییە بۆ سستمی سەرۆکایەتی.

ئەمە تەنیا موفارەقەیەکی سیاسی نییە کە لە دوو قەوارەی دراوسێی یەکدا هاوکات روودەدات. ئەمە وەرچەخانێکە کە ناوچەکە و چەمکەکانی ناو میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی دیموکراسی پێیدا تێدەپەڕێ و وەکو بڵێی ئەو چەمکانە خەریکی خۆ پێناسەکردنەوە و خۆگونجانەوەن ـەڵ هەڵکەوتی بزاوتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ـانیاندا.

ـەو باس لە هەموارکردنی دەستوور دەکرێ بۆ چەند ـی دیاریکراوی پەیوەندیدار بە ئازادییەکان و مافی نەتەوەکان ـیاسییەوە. یەکێك لەوانەیش گۆڕینی سستمی سیاسییە ـەوە بۆ سەرۆکایەتی. پاساوەکەیش ئەوەیە کە تورکیا لەم ـونەیدا کە دەیەوێ لە کێشەگەلیك رزگاری ببێ و بگات بە ـللەتانی پێشکەوتوو، هەروەها سەرەگوریسێك لە رابەرایەتی ـانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگرێ بە دەستی ـبەوەیە کە سستمی پەرلەمانی بگۆڕێ بۆ سەرۆکایەتی ـ دامەزراوەی جێبەجێکار لە بیرۆکراسیەتی دامەزراوەی ـکات و دەستی بکرێتەوە. بەو جۆرەیش نەبێ ئەوەی لە ـشتی و خەیاڵدانی حزبی داد و گەشەپێداندا هەیە بە ـدکردنەوەی ١٠٠ ساڵەی کۆماری تورکیادا بهێنرێنە ـرێن.

ـدراوسێمان پاشی نزیکەی ١٠٠ ساڵ ئەزموونکردنی ـانیی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە ئیتر ئەم سستمە ـی بزاوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ـرەوەی ئەم دەوڵەتە بکات و لەوانەیشە لە ئایندەیەکی ـپ لەبەردەم هەنگاوەکانیدا، بۆیە دەبێ بیگۆڕێ بە سستمی سەرۆکایەتی.



ئازا حەسیب قەرەداخی

**دوو هەفتە جارێک بۆ گوڵانی دەنووسێت**

لەم کاتەدا لە هەرێمی کوردستاندا کە قەوارەیەکی مولزەمە بە رێساکانی فیدراڵی لە دەوڵەتێکی خودان سەروەریدا، پاشی نزیکەی دە ساڵی کردەنی لە ئەزموونکردنی جۆرێك لە خود حوکمڕانی، خەریکە قەیرانێك لە ژێر تایتڵی ئەوەدا دەخولقێنرێ کە سستمی سەرۆکایەتی زیانبەخش و مەترسیدارە بۆ ژیانی سیاسی و پێویستە بگۆڕدرێ بە سستمی پەرلەمانیی. لەوەیش زیاتر قووڵ دەکرێتەوە بۆ ئەو رادەیە کە دەگووترێ سستمی سەرۆکایەتی دیکتاتۆرییە و سستمی پەرلەمانی دیموکراسییە.
موفارەقەکە لەمەدایە کە:

١- سستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پەرلەمانییە و بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکان جگە لە پەرلەمان خەڵکی کوردستان سەرۆکی هەرێمیش هەڵدەبژێرن. دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیش بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم پابەندکراوە بە دوو دامەزراوی سەروەرەوە کە یەکێکیان پەرلەمانە و ئەویتر حکومەتی هەرێمە.

کەواتە قسەکردن لە گۆڕینی سستمی سیاسی لە سەرۆکایەتییەوە بۆ پەرلەمانیی قسەیەکە باس لە گۆڕینی شتێك دەکات کە نییە و خودی خۆی ئەوەیە کە گوایە دەبێت بگۆڕدرێ بۆی.

لەم حاڵەتەدا ئەگەر قسەکە لەسەر گۆڕینی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم بێ، بۆنموونە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم، ئەوا رێی تێ دەچێ. بەڵام سستمی سەرۆکایەتی کە نییە بگۆڕدرێ بە سستمی پەرلەمانی کە خۆی هەیە، قسەیەکە مایەی سەرسوڕمانە و هیچ خانەیەکی بۆ نابینرێتەوە جگە لە تەنگپێهەڵچنین و بیانووگرتنە بە سستمی سیاسی لە چوارچێوەی ململانێیەکی ناعەقڵانی نێوان حزبە سیاسییەکاندا.

٢- موفارەقەی دووەم لەوەدایە کە بۆ هەموو شتێك، گەورە و بچووك، بە پەلە و درێژخایەن، بۆ دەستوور و هەموو ئەو یاسایانەی «رەهەندی نیشتمانی»یان هەیە گەڕانەوە بریار و هەڵبژاردەی خەڵك دەکرێتە سەنگی مەحەك. کەچی لە هەڵبژاردنی سەرۆکدا خەڵك خراپترین مەرجەعە و دیکتاتۆر دروست دەکات. بۆیە دەبێت ئەو مافە لە خەڵك بسێنرێتەوە و بدرێتە نوێنەرانی لە پەرلەماندا. لە حاڵێکدا کە هیچ ئەندام پەرلەمانێك (لەگەڵ رێزم بۆیان) خاوەنی یەك دەنگی راستەوخۆی یەك کەسیش نین لە ناو خەڵکدا. بەڵکو هەڵبژێراوی حزبی سیاسین کە خەڵك دەنگی بەو حزبانە داوە. کەواتە موفارەقەکە لەوەدایە کە ئەو حزبانەی زۆر هێرش دەکەنە سەر بە حزبیکردنی ژیانی سیاسی و کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بەم داوایەیان دیکتاتۆریی حزبایەتی خۆیان پەیڕەو دەکەن و دەیانەوێ لە رێی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی خۆیانەوە قۆرخی را و بڕیاری راستەوخۆی خەڵك بکەن و بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بڕیاری راستەوخۆی خەڵك، خۆیان سەرۆکێك هەڵبژێرن و ئەوسا شەکەتی بدەن بە بیرۆکراسییەت و دەنگی زۆرینە و کەمینە و سازان و سەفقەکانی نێوان حزبە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانەوە.

٣- سێیەم موفارەقە لەو گوتارەدایە کە هوشیارییەکی نابەڵەد و ساختە لەلای خەڵك و رای گشتی دروست دەکات کاتێك باس لە سستمی سەرۆکایەتی دەکات و دەڵێ «دیکتاتۆرییە» و سستمی پەرلەمانیش «دیموکراسییە». لە کاتێکدا ئەم دوو سستمە و سستمی تێکەڵاوی پەرلەمانی – سەرۆکایەتی کە پێی دەوترێ سستمی نیمچە سەرۆکایەتی و شێوازەکانی دیکەیش هەر هەموویان لە جوغزی دیموکراسیدان و هەر یەکەیان بە شێواز و رێوشوێنی خۆی میکانیزمەکانی جێبەجێ کردنی دیموکراسین لە حوکمڕانیدا.

گەوجاندنی خەڵك بەم گوتارە زۆر مایەپووچە چونکە تا ئەو کاتە بەرگە دەگرێ کە هەر هاوڵاتییەك لە کتێبەکاندا یان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا و تەنانەت کە سێرچێك لەناو گۆگڵدا بکات دەتوانێ زانیاری وردی لەبارەی دیموکراسیێتی ئەو سێ شێوازەی سستمی سیاسییەوە دەست بکەوێ و ئەوسا دەبینێ لە ئەزموونی وڵاتان کە هەر یەکەیان چەند سەدەیە دیموکراسییانە فەرمانڕەوایەتی تێدا دەکرێ. ئەو سێ شێوازە هەن.

بۆنموونە لە بەریتانیا کە خودان شاهانشایە، سستمەکەی پەرلەمانی تەواوە و سەرۆکی وڵاتیان نییە، تەنیا سەرۆکی حکومەت هەیە و ئەویش

حزبی زۆرینە یان هاوپەیمانێتی زۆرینە دەستنیشانی دەکات. پاشان پەرلەمان خۆی و کابینەکەی پەسەند دەکات. بەریتانیا بە زاینگەی ئەم سستمە ناسراوە و لێرەوە بۆ وڵاتانی دیکە بڵاوبۆتەوە.
لەم سستمەدا سەرۆك وەزیران و هەموو وەزیرەکانیشی دەبێت ئەندامی پەرلەمان بن و بە دروستکردنی حکومەتیش مافی ئەندامێتی پەرلەمانیان لێ ناسێنرێتەوە و لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا ئامادە دەبن و خودان دەنگیشن.
لە ئەمریکا سستمەکە سەرۆکایەتییە و سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ و خودان دەسەڵاتی جێبەجێکاری تەواوە و لە ماددەی دووی دەستوورەکەیدا هاتووە کە ( دەسەڵاتی جێبەجێکاری دەدرێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ). بە پێی ئەم ماددەیەی دەستوور سەرۆکی وڵات دەبێتە خودان هەموو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاری کەچی ناشبێتە دیکتاتۆر چونکە سەرۆك بۆ یەك خولی ٤ساڵی هەڵدەبژێردرێ و بۆی هەیە بۆ خولی دووەمیش خۆی بپاڵێوێتەوە و هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام ئەوە ئیتر دواجاری دەبێ و بۆ هەتاهەتایە مافی خۆپاڵاوتنی بۆ ئەو پۆستە نامێنێ.
لەم سستمەدا سەرۆکی وڵات خۆی سەرۆکی حکومەتیشە کە بە ئیدارە ناو دەبرێ. بەلام نە خۆی و نە وەزیرانی کابینەکەی کە بە راوێژکارانی سەرۆك ناو دەبرێن نابێ ئەندامی پەرلەمان یان ئەنجوومەنی پیران بن.
لە فەرەنسا سستمەکە تێکەڵاوی پەرلەمانی – سەرۆکایەتییە کە پێی دەگوترێ سستمی نیمچە سەرۆکایەتی. لەم سستمەدا سەرۆك و پەرلەمان، هەردووکیان راستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێن. ئینجا سەرۆکی هەڵبژێردراوی وڵات، پاڵێوراوی حزبی زۆرینەی براوە یان هاوپەیمانێتی زۆرینەی براوەی ناو پەرلەمان رادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت. سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو خۆی و کابینەکەی و بەرنامەکەی دەخرێنە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردنیان.
لەم سستمەدا دەشێ سەرۆك وەزیران یان هەر وەزیرێك لە کابینەکەی ئەندامی پەرلەمان بن بەڵام کە پەسەندکران بۆ سەرۆك وەزیرانی یان پۆستی وەزارەتێك، بە پێچەوانەی ئەزموونی بەریتانیاوە، مافی ئەندامێتی پەرلەمانیان لێ دەسێنرێتەوە و ئیتر بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان ناکەن، مەگەر بۆ لێپرسینەوە نەبێ.
بەم مانایە لەم سستمەدا دەسەڵاتی جێبەجێکاری دابەشکراوە لەنێوانی سەرۆکی وڵات و سەرۆکی حکومەتدا، بەڵام دەسەڵاتەکان زیاتر بەلای حکومەتدا دانراوە نەك سەرۆکدا. هەروەها لە دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا، سەرۆکی وڵات بەرپرسیار نییە لەبەردەم پەرلەماندا، بە حوکمی ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراوە و کەمترین دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەیە و ئەوەی هەیشیەتی مەرجدارە بە رەزامەندی یان داواکاری و پێشنیازی پەرلەمان لەلایەك یان حکومەت لەلایەکی ترەوە.
هەر لە دەسەڵاتی جێبەجێکاریدا، بەشەکەی دیکەی کە حکومەتە و زۆرترینی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاری لایە و لەگەڵ ئەوەیشدا کە سەرۆکی وڵات رای دەسپێرێ بە پێکهێنانی کابینەی حکومەت، بەڵام بە بێ رەزامەندی زۆرینەی پەرلەمان دانامەزرێ و لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیارە. بۆیە پەرلەمان دەتوانێ متمانە لە سەرۆك وەزیران و کابینەکەی بسێنێتەوە. هەروەها دەشتوانێ بەجیاجیا متمانە لە یەکە یەکەی وەزیرەکان بسێنێتەوە.
ئەو وتەزایەی (موریس دوزجیە) زۆر دروستە کە دەڵێ: (سستمی نیمچە سەرۆکایەتی، زۆرتر لە سستمی پەرلەمانییەوە نزیکترە وەك لە سستمی سەرۆکایەتییەوە). ئەمەیش زۆر لەو سستمە دەچێ کە لە هەرێمی کوردستاندا پەیرەوی دەکرێ.
بە گەڕانەوە بۆ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم و پرۆژەی دەستووری هەرێم روون دەبێتەوە کە راستە لەم سستمەدا سەرۆکی وڵات تەنیا تەشریفاتی نییە بەڵکو خودان دەسەڵاتیشە. وەلێ زیاتر حەکەم و رێکخەرە لە نێوانی پەرلەمان و حکومەتدا نەك حوکمڕان بێ. بە واتایەکی دیکەوە کۆی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەگشتی و یەکەیەکەیشیان شەتەکدراون بە دوو باڵەوە، باڵێکیان پەرلەمانە و ئەوی دیکەیان حکومەتە. تەنانەت هیچ دەسەڵاتێك لە دەرەوەی ئەم لێکگرێدانە نابینرێتەوە کە بە تەواوی و حصری بۆ سەرۆك جێهێڵرابێ. هەموو دەسەڵاتەکانی سەرۆك مەرجدارن بەوەیشیانەوە کە سەرۆك بۆی هەیە پەرلەمان هەڵوەشێنێتەوە. ئەو مەرجانەیش تا ئەو رادەیە توندوتۆڵن کە نزیکە لەوەی خودی پەرلەمان خۆی پەکی کەوتبێ و لەکار کەوتبێ ئەوسا سەرۆکی وڵات هەڵوەشاندنەوەی رادەگەیەنێ و داوای هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکات.
بێگومان بۆ کۆمەڵگایەکی وەکوو کۆمەڵگای کوردستان لەم قۆناغی ئینتیقالییەدا، خەسڵەتە باشەکانی ئەم سستمە زۆر لەوە زیاترن و پێویستە زۆر بە وردی بۆ خەڵك روون بکرێتەوە. بەڵام لە کورتیدا سستمەکە ستمێکی دیموکراسییە و مەرجەعێك لە نێوانی پەرلەمان و حکومەتدا دروست دەکات کە هەردووکیان پێویستیان پێیەتی.
بۆئەوەی پەرلەمان ژیانی سیاسی و کاروبار و بەرژەوەندی خەڵك نەکات بەژێر بیرۆکراسیەتی خۆیەوە و بە هۆی توندبوونەوەی بەردەوامی ململانێکانی ناوی ژیانی سیاسی دووچاری ناجێگیری نەکات. هەروەها بەردەوام حکومەتیش نەخاتە ژێر هەڕەشەی هەڵوەشانەوە و متمانە لێ سەندنەوەوە یان ئەو پرۆژە یاسایانە پەك نەخات کە حکومەت پێویستی پێیانە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی. حکومەت پێویستی بە دامەزراوەیەك هەیە هانای بۆ ببات تا پەرلەمان بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی وڵات.
بۆئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکاریش لە هەردوو ئاستەکەیدا بە سەرۆکایەتی وڵات و سەرۆکایەتی حکومەتەوە نەکەوێتە دەست یەك کەسی هەڵبژێردراوەوە و هەموو دەسەڵاتەکان لەلای خۆی چڕ نەکاتەوە و لێکدابڕان لە نێوانی خۆی و پەرلەماندا دروست نەکات و وەکوو ئەوەی لێ نەکات کە (لینکۆلن) سەرۆکی ئەمریکا کردی کاتێ بۆ پرسێك کابینەکەی کۆکردەوە، ئەوانیش ژمارەیان حەوت کەس بوو. پاشی گفتوگۆ رای هەر حەوتیان پێچەوانەی رای سەرۆك بوو، پێی راگەیاندن: (حەوت نەخێر و یەك بەڵێ، یەك بەڵێکە دەیباتەوە) چونکە خەڵك هەڵیبژاردووە. بۆئەوەی ئاوا سەرۆکی حکومەت خودان دەسەڵاتی جێبەجێکاری تەواو و سەرۆکی وڵاتیش نەبێ، وڵات پێویستی بە دامەزراوەیەکە بکەوێتە نێوانی ئەم و ئەوەوە و پەرلەمانیش لەرێی ئەوەوە جڵەوی حکومەت بگرێ و بیخاتە ژێر چاودێری و رەزامەندی خۆیەوە.
بەلای منەوە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە کە خەڵك بە چەمکەکان هوشیار بکرێنەوە لەو چوارچێوەیەدا کە هەر هەموویان چەمکی ناو ئەدەبیاتی دیموکراسین و لە دەرەوەی ئەوە نین. ئەو چەمکانە گوزارشتن لە سستمگەلێك کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پراکتیزەکردنی دیموکراسین نەك شتێکی دیکە نەخاسمە دیکتاتۆری.
زۆر نەنگییە بۆ خودان گوتارێکی سیاسی کە تەنیا بۆئەوەی نیازێکی شاراوەی خۆی تێپەڕێنێ و بەسەر خەڵکی کوردستانیدا بسەپێنێ، بێت دیکتاتۆری بە چەمکەکانی دیموکراسی پێناسە بکات. دیکتاتۆری یەك چەمك و یەك پێچناسە و یەك شێوازی پراکتیزەکردنی هەیە ئەویش دیکتاتۆرییە. ئیتر هیچی دیکە لە خۆ ناگرێ.
لەم چوارچێوە دروستەدا، کە چەمکەکانی دیموکراسی وەکو چەمکی دیموکراسی پێناسە بکرێن، گرنگ نییە دواتر ئیرادەی خەڵکی کوردستان کام لەو شێوازە جۆراوجۆرانە بە باش دەزانێ و هەڵیان دەبژێرێ بۆ ستمی سیاسی و حوکمڕانێتی، گرنگ ئەوەیە بزانێ کە هەموو ئەوانە دیموکراسین و تەنیا دیموکراسی بەرهەمدەهێنن.

**ئەو حزبانەی زۆر هێرش دەکەنە سەر بە حزبیکردنی ژیانی سیاسی و کایەکانی دیکەی کۆمەڵگا، بەم داوایەیان دیکتاتۆریی حزبایەتی خۆیان پەیڕەو دەکەن و دەیانەوێ لە رێی نوێنەرە هەڵبژێراوەکانی خۆیانەوە قۆرخی را و بڕیاری راستەوخۆی خەڵک بکەن و بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ بڕیاری راستەوخۆی خەڵک، خۆیان سەرۆکێک هەڵبژێرن و ئەوسا شەکەتی بدەن بە بیرۆکراسییەت و دەنگی زۆرینە و کەمینە و سازان و سەفقەکانی نێوان حزبە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانەوە**

قۆناغی ئینتیقالییەدا، خەسڵەتە باشەکانی ئەم سستەمە زۆر لەوە زیاترن و پێویستە زۆر بە وردی بۆ خەڵك روون بکرێتەوە. بەڵام لە کورتیدا سستەمەکە ستمێکی دیموکراسییە و مەرجەعێك لە نێوانی پەرلەمان و حکومەتدا دروست دەکات کە هەردووکیان پێویستیان پێیەتی.

بۆئەوەی پەرلەمان ژیانی سیاسی و کاروبار و بەرژەوەندی خەڵك نەکات بەژێر بیرۆکراسیەتی خۆیەوە و بە هۆی توندبوونەوەی بەردەوامی ململانێکانی ناوی ژیانی سیاسی دووچاری ناجێگیری نەکات. هەروەها بەردەوام حکومەتیش نەخاتە ژێر هەڕەشەی هەڵوەشانەوە و متمانە لێ سەندنەوەوە یان ئەو پرۆژە یاسایانە پەك نەخات کە حکومەت پێویستی پێیانە بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی. حکومەت پێویستی بە دامەزراوەیەك هەیە هانای بۆ ببات تا پەرلەمان بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی وڵات.

بۆئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکاریش لە هەردوو ئاستەکەیدا بە سەرۆکایەتی وڵات و سەرۆکایەتی حکومەتەوە نەکەوێتە دەست یەك کەسی هەڵبژێردراوەوە و هەموو دەسەڵاتەکان لەلای خۆی چڕ نەکاتەوە و لێکدابڕان لە نێوانی خۆی و پەرلەماندا دروست نەکات و وەکوو ئەوەی لێ نەکات کە (لینکۆلن) سەرۆکی ئەمریکا کردی کاتێ بۆ پرسێك کابینەکەی کۆکردەوە، ئەوانیش ژمارەیان حەوت کەس بوو. پاشی گفتوگۆ رای هەر حەوتیان پێچەوانەی رای سەرۆك بوو، پێی راگەیاندن: (حەوت نەخێر و یەك بەڵێ، یەك بەڵێکە دەیباتەوە) چونکە خەڵك هەڵیبژاردووە. بۆئەوەی ئاوا سەرۆکی حکومەت خودان دەسەڵاتی جێبەجێکاری تەواو و سەرۆکی وڵاتیش نەبێ، وڵات پێویستی بە دامەزراوەیەکە بکەوێتە نێوانی ئەم و ئەوەوە و پەرلەمانیش لەرێی ئەوەوە جڵەوی حکومەت بگرێ و بیخاتە ژێر چاودێری و رەزامەندی خۆیەوە.

بەلای منەوە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە کە خەڵك بە چەمکەکان هوشیار بکرێنەوە لەو چوارچێوەیەدا کە هەر هەموویان چەمکی ناو ئەدەبیاتی دیموکراسین و لە دەرەوەی ئەوە نین. ئەو چەمکانە گوزارشتن لە سستمگەلێك کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پراکتیزەکردنی دیموکراسین نەك شتێکی دیکە نەخاسمە دیکتاتۆری.

زۆر نەنگییە بۆ خودان گوتارێکی سیاسی کە تەنیا بۆئەوەی نیازێکی شاراوەی خۆی تێپەڕێنێ و بەسەر خەڵکی کوردستانیدا بسەپێنێ، بێت دیکتاتۆری بە چەمکەکانی دیموکراسی پێناسە بکات. دیکتاتۆری یەك چەمك و یەك پێچناسە و یەك شێوازی پراکتیزەکردنی هەیە ئەویش دیکتاتۆرییە. ئیتر هیچی دیکە لە خۆ ناگرێ.

لەم چوارچێوە دروستەدا، کە چەمکەکانی دیموکراسی وەکو چەمکی دیموکراسی پێناسە بکرێن، گرنگ نییە دواتر ئیرادەی خەڵکی کوردستان کام لەو شێوازە جۆراوجۆرانە بە باش دەزانێ و هەڵیان دەبژێرێ بۆ ستمی سیاسی و حوکمڕانێتی، گرنگ ئەوەیە بزانێ کە هەموو ئەوانە دیموکراسین و تەنیا دیموکراسی بەرهەمدەهێنن.

**سایکۆپۆلیتیک**

# سیاسەت و ستراتیژ

-٣-

بەشەکانی پیشووی سایکۆپۆلیتیك بابەتێك بوو، بووە جێگە پرسیاری خوێنەران. ئەوەی لای ئەوان بووە پرسیار ئەوەبوو: ئەو گۆشەنیگایەی سیاسەتی پێدەخوێنمەوە، بەجارێ مێژووی بزاڤی کورد، نەك هەر کوردانی باشوور، بەڵکو کوردانی گشت پارچەکانی دیش، دەخەمە ژێر پرسیارەوە. لێیان پرسیم: ئایا تۆ دنیایەکی دیکە جگە لەم دنیایەی ئێمە دەبینیت، کە ئێمە ناتوانین بیبینین؟ بنەمای ماریفی تۆ چیە کە وات لێدەکات رێبازێکی دیکە بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کوردی بهێنیتە ئاراوە؟

لە وەڵامدا پێم وتن: سایکۆلۆژیا پانتاییەکی زۆری لە بیرکردنەوەم گرتووە و گۆشەنیگایەکی تایبەتی داومەتێ و لەوێوە ژیان دەبینم. سایکۆلۆژیا لای بەندە هەر تەنها چارەسەری دەروونی و مامەڵەی تاکەکەسی نەگرتۆتەوە، بەڵکو هەنگاوی بەرەو کۆمەڵایەتی و سیاسەت و بگرە خوێندەنەوەی فەلسەفیش ناوە، واتە سایکۆلۆژیا بەرەو سایکۆسۆشیال، سایکۆپۆلیتیك و سایکۆفیلۆسۆفیش رۆیشتووە. بەڕاستی گەشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە دۆخی دەروونیی مرۆڤ لە کاری سیاسیدا دەبێت زۆر بایەخی پێدرێت، چونکی لە سەر بڕیاری سیاسی دۆخی دەروونی، کاریگەریی زۆری دەبێت، بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەندییان بە چارەنووسی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەییەوە هەبێت. بۆیە دەڵێم: هەروەک تاکێك جاری وایە کێشەی لە گەڵ خۆیدا هەیە، کۆمەڵگەیەك لەناو خۆیدا کێشەی هەیە، ئاوهاش نەتەوەیەك لە تەك نەتەوەیەکی دیکەدا کێشەی خۆیانیان هەیە، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە باری دەروونیی ئەو دوو نەتەوەیەوە دەبێت. هەروەك کێشەی تاکێك ناتوانیت چارەسەری بکەیت تا کێشەکەی دیاری نەکەیت، هەروا کیشەی کۆمەڵگە و کێشەی نەتەوە جیاوازەکانیش دەبێت دیاری بکرێن، تا کێشەکەیان بشێن چارەسەر بکرێن. ڕەنگە لێرەدا بڵێن جا کیشەی کورد لەوە زیاتر ئاشکراتر دەکرێت! بەڵام من خۆم باوەڕم وایە کە هێشتا کێشەی کورد وەک پێویست ئاشکرا نەکراوە، لەبەرئەوەی تا ئێستە کیشەی کورد لەبەر تیشکی زانست و فەلسەفە نەخوێنراوەتەوە، بەڵکو هەڵچوونێکی سۆزگەرایانەی بانگەشەکاری بووە، هێندە تەمومژاوی کراوە، هێندە ئاڵۆزکێنراوە، کێشە بنەڕەتیەکە لەو نێوەندەدا، ونکراوە. بەلاتانەوە سەیر نەبێت کە ئاوها لە کێشەی کورد دڕوانم، لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەگەر خۆیشی لە ناو کێشەکەیدا بژی و بە دەستیەوە گیرۆدە



ئازاد قەزاز
بۆ گوڵان دەینووسێت

بوویێت، ئەگەر خۆیشی هەست بە ئازاری گرفتەکەی بکات و لە شێوەی جیاواز و فۆرمی جۆراوجۆردا ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەرچاو بنوێنێت، خۆی بەدەمی خۆی نیگەرانییەکانی دەرخات، مەرج نییە بزانێت هۆکاری سەرەکی بۆ ئازارەکانی چییە، بۆیە پێویستی بە پسپۆڕە تا هۆکارە شاراوەکانی گرفتەکانی بۆ دەستنیشان بکات. ئیدی لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی بەسەرماندا فەرز دەکات: ئایا ئەو دروشمانەی کورد وەک نەتەوە بەرزیان دەکاتەوە، ئەو ڕێبازانەی کورد بۆ ساڕێژی زامەکانی گرتویەتییەبەر، لەتەک ئەو ئازارانەی کە ڕۆحی نەتەوەیی ئەم کوردە پێوەی دەناڵێت، گونجاون؟ ئایا تێچوونی خوێن و زەمەن لەم مامەڵە سیاسییەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد، لە تەک ئەو بەرهەمەی وەدەستیهێناوە،پێکدێتەوە؟

ئەم پرسیارانەی سەرەوە و جۆری ئەم پرسیارانە پڕ بایەخەن کە جاروبار دووبارە بکرێنەوە، تا کێشەی بنەڕەتی لە تەمومژەکان دوور بخرێنەوە. بۆ راستێتیی بۆچوونەکەم، لێرەدا هەوڵدەدەم بە یارمەتیی دیمەنێکی سایکۆسۆشیال کە لە ڕاستیدا ڕوویداوە و وەک کەیسێک لەبەردەستی خۆمدا بووە، ئەو بۆچوونە سایکۆپۆلیتیکیەی خۆم ڕوون بکەمەوە.

دوو کەس کێشەی خۆیان هێنایە لام کە پەیوەندییەکی زۆری بە باری دەروونیی هەردووکیانەوە هەبوو. ماوەیەکی زۆر بوو ئەو دووکەسە گیرۆدەی یەکتر ببوون، نە دەیانتوانی بە یەکجاری لە یەکتری دوور کەونەوە، نەدەشیانتوانی وەك دوو مرۆڤ پێکەوە بژین. دیاربوو کەسانیتریش تێوەی گلابوون، هەندێکیان بەناوی یارمەتی و چارەسەرکردنەوە و هەندێکێش بەهۆی نزیکی لەو دوو کەسەوە کەوتبوونە ناو کێشەکەوە. ئەو کیشەیە بەجۆرێك ئالۆزکابوو، مرۆڤ نەیدەتوانی ئەمسەرو ئەوسەری بابەتەکە بدۆزێتەوە، تا دەستت زیاتر تێوەدایە، پتردەشێوا. بەتایبەتی ئەگەر بەجیاجیا قسەت لەگەل بکردنایە، سەرت لێدەشێوا، چونکی هەریەکە و بیانووی خۆی هەبوو، نەتدەتوانی بەئاسانی لێیدەرچیت.

بۆ ئەوەی سەر لەم کێشەیە دەرکەم، دەبوایە دوو شتی سەرەکی و گرنگم بکردایە، ئەوانیش: یەکەم ئەو دوو کەسەو پەیوەندیداران بە کێشەکەوە، دانیشتنیان لە گەڵدا بکەم، تا بەڵگە و بیانووی هەریەکەیان بەرامبەر بەیەکتر دابنێم و ڕاستێتیی بیانووەکانیان ئاشکرا بکەم. دووەم دەمویست بەو دانیشتنانە کێشە بنەڕەتیەکە بناسمەوە، تا لەگەڵ کێشەیەکی واقعیدا مامەڵە بکەم، ئەگینا وا نەبێت، ئەوا هەرگیز ناگەیتە ئەنجام، هەروەك پێچە بەدەورە سەرت لە هیچەوە دەردەچێت، چونکی مرۆڤ گەر دەست نەخاتە سەر کێشە سەرەکییەکە، ئەوا لە ناو تەمومژدا گێژ دەخوات و هیچی بۆ بەرهەم نایەت.

پاش ئەوەی چەندین دانیشتنمان کرد، لەوێدا شتێکم بۆ ئاشکرابوو، ئەویش ئەوەبوو کە کێشە هەقیقییەکە بە تەمومژ دەورەدرابوو. ئەوەم بۆ دەرکەوت کە تا هەقیقەتەکە بە شاراوەیی بمێنیتەوە، لە سوودی ئەو کەسەدایە کە کێشەکەی وروژاندووە، دەرکەوتنی ئەو هەقیقەتە، زیانی بەو کەسەیان دەگەیاند کە کێشەکەی دروستکردبوو. لە هەمان کاتدا ئەو کەسەی دیکەیش لە ئاست ئەویتردا دەستەوسان وەستابوو، مامەڵەی لەتەك کێشە بنەڕەتییەکەدا بۆ نەدەکرا، ئەگەر ڕوونتر بیڵێم هەر نەیدەزانی کێشە بنەڕەتییەکە خۆی چییە، بەڵکو لە تەک تەمومژدا گەمەی دەکرد. ئەم جۆرە مامەڵەیەی مرۆڤ لەتەک یەکتری، هەرگیز بوار نادات، کێشە چارەسەر بکرێت. کەواتە تا مرۆڤ نەگەڕێتەوە سەر کێشەکە، ناشتوانێت چارەسەر بەدیبهێنیت.

ئیدی لێرەوە دەتوانم وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە بدەمەوە. ئەویش ئەوەیە کە یەکەم شت ئەوەیە دانیشتنەکانی کورد و نەتەوە سەردەستەکان، دانیشتنێکی جدی بێت و پسپۆڕی تایبەت لەگەڵیاندا دانیشێت تا تەمومژەکان وەلانێت و کێشە هەقیقییەکە وەدەرخات، ئەوجا لە تەك کێشەکەدا مامەڵە دەکرێت. لە هەمان کاتدا دەبێت نەتەوەی کورد شیعری حەماسی و دروشمی رەونەقدار و وروژاندنی عاتیفی وەلانێت، تا بوار هەبێت لەو کێشەیە بکۆڵرێتەوە. دەبێت ئەو کوردەی خۆی بە خەمخۆری نەتەوەی کورد دەزانێت، وەلائی کوێرانە بۆ کورد دەرنەخات، نابێت لەهەر کێشە و ململانێیەکدا کە کورد تیایدا تەرەف بێت، ڕاستەوخۆ پشتگیری لە کورد بکرێت، کە ڕەنگە ئەو پشتگیرییە کورد بەرەو هەڵدێر بەرێت، بەڵکو دەبێت کورد هوشیارکرێتەوە و ڕاستبکرێتەوە، تا بەخۆیدا بچێتەوە، نەک حەماسەتی وا بەرز بکرێتەوە، کە نەتوانێت بە هیچ شێوەیەک بەرەو ئاقارێکی درووست، بگەڕێتەوە.

پسپۆڕی لەم کایە سیاسییەدا بۆ نەتەوەی کورد، گرنگی و بەهاکەی لەوەدایە، کە ئاستی هوشیاریی سیاسیی سەرکردەی کورد و جەماوەری کورد دیاریدەکات، هاوکێشە سیاسییەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان دەسنیشان دەکات، کێشە و گرفتە بنەڕەتیەکانی نەتەوەیی کورد ئاشکرادەکات، پێداویستییە ڕۆحی و فکری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە پێش چاو، کەم و کورتییەکانی بیرکردنەوەی ئەقڵی کوردی دەردەخات، تا هەرکاتێ سەرکردە و ڕۆشنبیران هەنگاو دەنێن بۆ وەدەستخستنی مافەکان، لەسەر زەمینەیەکی پتەو دەوەستن و بە وردی هەنگاو بەرەو ئایندە و ئامانج هەڵدێنن. ئەم جۆرە ستراتیژە لە هەنگاوناندا، وا دەکات کە سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد لەسەر بنەمای پەرچەکرداری سۆزداری کورتبین، نەکەونە ڕێیەک کە نەزانن لەکۆتاییدا بەرەو کوێ دەچن، تا لوتیان بەر هەقیقەتی هەڵەکانیان دەکەوێت. بەڕاستی کە مێژووی کورد دەخوێنیتەوە، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەیت، کە سەرکردەکانی کورد، هێندەی سۆزێکی ناکامڵ بزواندوونی، جەماوەرێکی ناهوشیار جووڵاندوونی، هێندە ستراتیژییەتێکی وردی پسپۆڕان، پاڵنەریان نەبوونە.